# خەرمانە

گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە لە سوێد بڵاودەکرێتەوە

1991 ژمارە 2

دەستەی نووسەران

حەمەسەعید حەسەن -سەرنووسەر-

فازیل کەریم ئەحمەد

پشکۆ

ئەدرەس

Kharmana
Box 8
641 21 Katrineholm
Sweden

پۆستگیرۆ
6222726-9

چاپخانەی هەڵەبجە ـ سوێد

تایپ مۆنتاژ عەباس ئیسماعیل ئەحمەد

# لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| هەندێ سەرنج | 5 | دەستەی نووسەران |
| **بابەتی ئەدەبیی** | | |
| شاعیری ئاوداری رووس لێرمەنتۆڤ | 7 | د. ئەنوەر قادر محەمەد |
| پۆل ئێلوار | 18 | و. بەهرۆز ئاکرەیی |
| بیرورای مارکس سەبارەت ئەدەب و هونەر | 30 | ژان فریڤل |
| | | و. زیاد مەولوود |
| دیدەنییەک لەگەڵ یەشار کەمالدا | 38 | و. کەمال مەعرووف |
| رۆمانی نوێ، مرۆڤی نوێ | 41 | ئەحمەدی مەلا |
| باسی خۆرەتاو بۆ شەمشەمەکوێرە ناکەم | 45 | حەمەسەعید حەسەن |
| **چیرۆک** | | |
| دایکم نایەوێ من ببمە وەزیر | 61 | فازیل کەریم ئەحمە ئەحمەد |
| حاجی یەک لاق | 69 | پشکۆ |
| ماسییەکە و مەیموونەکە | 83 | و. مەهاباد کوردی |
| **پەخشان** | | |
| بەهاری کورتی کورد | 85 | کاروان |
| **شیعر** | | |
| من لە پێناوی تۆدا دەمرم | 88 | فروغ فرخزاد |
| | | و. فەرهاد پیرباڵ |
| دەردی هاوبەش | 90 | ئەحمەد شاملۆ |
| | | و. ئاشتی |
| گوناهی سێ ساڵ خۆشەویستی | 92 | فاروق رەفیق |
| **گوتاری سیاسی** | | |
| سەرهەڵدانی کێشەی کورد | 110 | هیوا جەباری |
| شەپۆلە توورەکان | 118 | زریان عەبدوڵلا |
| ماسی و مارمێلکە | 121 | کاوە قادر |

## هەندێ سەرنج

خەرمانە لە ئەورووپا دەردەچێ، بۆیە تکا لەو نووسەرە هێژایانە دەکەین کە بەکاری وەرگێڕانەوە خەریکن، بابەرهەمی بە پێزی ئەدەبیو کولتووری لە یەکێک لە زمانە ئەورووپییەکانەوە وەربگێڕنە سەر کوردی، ئەوانەیش تەنیا دەسەلاتیان بەسەر زمانی فارسیو عەرەبیدا دەشکێ، با بە بەرهەمی کەڵەنووسەرانی فارسو عەرەبەوە خۆیان ماندووبکەن، چونکە مشتومڕ هەڵناگرێ وەرگێڕان ئەگەر راستەوخۆ لەو زمانەوە نەکرا کە یەکەمجار دەقەکەی پێنووسراوە ئەو پێزو بڕشتەی نامێنێ.

خەرمانە بە پلەی یەکەم لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو کولتووری پەسەند دەکا، پاشان چیرۆکو بەرهەمی دیکەی ئەدەبی. (تکایە دەست بە ناردنی شیعرەوە بگرن). ئەو نووسەرەی بەرهەمەکەی خۆی لە خەرمانەدا نەبینییەوە، با دڵنیابێ تەنیا لەبەر ئەوەیە دەستەی نووسەران نووسینەکەیان بە لاواز زانیوە.

دەستەی نووسەرانی خەرمانە سەرەڕای خوێندن کاریش دەکەن، جێی خۆیەتی نووسەران ئەوە لەبەرچاو بگرنو نووسینەکانیان بە خەتێکی جوانو رێنووسێکی دروستو کوردییەکی رەوان بنووسن، بەوە ئەرکێکی زۆرمان لە کۆڵدەکەنەوە. تکا لە نووسەرانی لاو دەکەین، ئەگەر ئەو رێنووسەی ئەم دێرانەی پێنووسراوە پەسەند دەکەن، با رەچاوی بکەن.

گۆڤاری خەرمانە بە دیاری دەگاتە دەست خوێنەرانی لە ئێرانو شامو پاکستانو

ولاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات، بەڵام بۆ ئەوەی بەردەوام بێت ناچارین بڵێین: پێویستە هەرهەموو ئەوانەی لە ئەورووپای خۆرئاواو ئەمریکاو کەنەدا خەرمانەیان پێدەگا دەبێ بە ئەرکی نەزانن‌و نرخەکەی وەک نامەیەکی ئاسایی رەوانە بکەن، دەنا مایەی داخە ناتوانین بژیانی بنێرین، چونکە خەرمانە یارمەتی دارایی لە هیچ لایەن‌و دەزگایەک وەرناگرێ.

لە قوڵایی دڵەوە سوپاسی گەرمی هەموو ئەو هاورێ دڵسۆزانە دەکەین کە زەحمەتی دابەشکردنی خەرمانە دەکێشن. سوپاسی هەستی خاوێنی هەموو ئەو خوێنەرە خۆشەویستانە دەکەین کە پشتگیری خۆیان لە خەرمانە بە نامە دەربڕی، پێشنیارە راست‌و دروستەکانیان بە پێی توانا رەچاو دەکەین. سوپاسی ئەو نووسەرە بەرێزانە دەکەین کە بە بەرهەمەکانیان خەرمانەیان پەسەر کردەوە.

هەر دوای بڵاوبوونەوەی خەرمانە، دەستەیەک لە گیان لەسەردەستەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە سوێد، رێیان بە مەحموود خۆشناو گرت‌و هەرەشەیان لێکرد، ئەویش لە ترسی ئەوەی نەک لێوی تیغی ئەو چەقۆکێشانە بە گۆنای قەبرغەی شاد بێ، دەستی لە تایپ‌و مۆنتاژکردنی خەرمانە کێشایەوە.

دەستەی نووسەران

هەواڵنامەی کتێب

## شاعیری ناوداری رووس

# میخائیل یوریێڤیچ لێرمەنتۆف

( 1814- 1841 )

د. ئەنوەر قادر محەمەد

* لێرمەنتۆڤ شەوی سێی ئۆکتۆبەر (بە رۆژمێری تازە، پانزەی ئۆکتۆبەر)ی ساڵی 1814 لە مۆسکۆ لەدایک بووە.

* ئەم منداڵە لە ناو جەرگەی رووسیادا گەورە بووە. لە دەوروپشتی خۆی گوێی بە زمانی شیرینی دێهاتی تژیو پاراو بووە.

* براکانی داپیرەی هاوڕێی نزیکی دوو رابەری دێسەمبەری ــ ریلیێڤو پێستل بوون. ئەم دێسەمبەرییانە بۆ ئەوە تێدەکۆشان، کە شایەتییەکی دەستووریو یاسا لە وڵاتدا هەبێت. هەموویان لە خانەدانو رۆشنبیرەپێشڕەوەکانی رووسیا بوون. بیروباوەڕو هەڵوێستی دلێرانەیان کاری لە زۆر شاعیرو نووسەرانی رووسیا کردووە.

* ژیانی خێزانیی دایکو باوکی لێرمەنتۆڤ زۆر تەباو لەبار نەبووە. سێ ساڵان بووە، بێدایک بووەو کەوتۆتە بەردەستی داپیرەی. مردنی دایکیو ئەم ناکۆکییە ئاسەوارێکی قووڵیان لە یادیدا بەجێ هێشتووە.

* لە پەنسیۆناتی زانکۆی مۆسکۆدا بە شێوەیەکی تەواو، بەهرەوتوانای لێرمەنتۆڤ دەرکەوتووە. ئەم خوێندنگایە، یەکێک بووە لە هەرە چاکەکانی رووسیای کۆتایی سەدەی هەژدەیەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. بایەخێکی زۆری بە فێربوونی زمانەکان، مێژووو ئەدەب داوە. لێرمەنتۆڤ لێرە هەر خەریکی نووسین نەبووە، بەڵکو لە مەیانەکانی تری هونەریشدا وەک مۆسیقا، رەسم بەرهەمی هەبووە. ئەو تابلۆیانەی، کە هەوێنیان لە

سروشتی قەفقازەوە وەرگرتووە، بە تایبەتیش دیمەنی چیای ئەلبورز، جێگەیەکی دیاریان لە هونەری نیگارکێشانی رووسیادا هەیە.

* هەر لە شیعرەکانی سەردەمی لاویدا، هەڵوێستی یاخیبوون‌و راپەڕین دەدرەوشێتەوە. شیعرەکانی بایرۆن‌و شانۆگەرییە رۆمانتیکییەکانی شیللەر، کە لە مۆسکۆ هونەرمەندی ناوداری مۆسکۆ موچالۆڤ ــ دەوری تێدا بینیون، کارێکی زۆریان لە بینێوگەو بیری شاعیر کردووە.

* لێرمەنتۆڤ باسی ئەو مەسەلانەی دەکرد، کە بیلینسکی‌و گێرتسن‌و باکۆنینیان بێئارام کردبوو.

* ساڵی 1830 ـ 1831 چیرۆکی شیعری «دواکوڕی ئازاد»ی نووسیووە.

* باسی پێشبینی مەرگی تراژیدیایی، یا لە وڵاتی خۆ ئاوارەبوون‌و غەریبی، لە سێدارە دران، لە بەرهەمەکانی لێرمەنتۆڤدا، بە شێوەیەکی تونوتۆڵ، بە شیعری بابەتی خۆشەویستییەوە بەستراون؛ بە بێوەفایی ئەو کچەوە، کە وەک پێویست بووە، نە شاعیری خۆشویستووەو نە توانیویەشیەتی لە ڕێزو جێگای بگات.

* دوای ئەوەی لە زانکۆی مۆسکۆ، لەگەڵ هەندێ لە پرۆفیسۆرە بیرڕزیوو وشکەکاندا تووشی دەمەقاڵەو گێرەوکێشە دەبێ، لە ئابی 1812دا دەچێتە پیتەربورگ. لە زانکۆی ئەوێش رازی نابن دووساڵ خوێندنی مۆسکۆی بۆ حساب بکەن، بۆیە بەناچاری دەچێتە قوتابخانەیەکی سوپایی، کە زۆر دوور بووە لە دونیای شاعیرییەتی ئەوەوە. ئەم هەلومەرجە سەختە نەیتوانیوە ڕێگەبڕی بەرهەمی ئەدەبیی شاعیر ببێ. پۆیەمای (دیمۆن)، کە لە مۆسکۆ دەستی پێکردووە، لێرەش هەر خەریکی بووەو لەسەری بەردەوام بووە.

* دوای خوێندن تەواوکردن، لە کەرتێکی سوارەی سوپاییدا دانرا

* لەوکاتەنەشدا کە بە نووسینی «دەمامک» ــ چوارەمین درامایەوە سەرقاڵ بووە، بیری نووسینی رۆمانی «شازادە لیگۆڤسکایا»ی بۆ هات.

* ناوبانگی لێرمەنتۆڤ بە هۆی شیعری «مەرگی شاعیر»ەوە رووسیای تەندەوە. ئەو شیعرەی، کە لە مەرگی پۆشکیندا نووسیبووی‌و دەربڕی راستەقینەو راستەوخۆی نارەزایی میللەت بوو لە قەیسەرییەت. دێڕەکانی بووبوونە دروشمی جامخانەو

سەردیوارەکان. لە تۆڵەی «مەرگی شاعیر»دا لێرمەنتۆڤیان بۆ قەفقاز دوورخستەوە. شاعیر لە کەرتێکی سوپاییدا کاری کردو وەختی خۆی بە هاتووچۆو ئەمسەرو ئەوسەر بەسەردەبرد. پەیوەندیی‌و دۆستایەتیی سروشتی قەفقاز هێزێکی لەبن نەهاتوویان دەبەخشییە لەشوگیانی.

* دوای ئەوەی لێرمەنتۆڤ لە داوی «دوئێل»* یک رزگاری بوو گەڕایەوە بۆ قەفقاز. ئەو ماوەیە لە بەندیخانەدا بوو. ئەم شیعرانەی نووسیوە: «شۆڕسواری دیل»، «کچە دراوسێ»، ... هتد

* کۆتایی ئۆکتۆبەری ساڵی 1840، لە پیتەربۆرگ دیوانەبچکۆلەیەکی بە ناوی «شیعرەکانی م. لێرمەنتۆڤ»ەوە دەرچوو. ئەوەندەی مامەڵەی توندوڕەق بوو لەگەڵ خۆیدا، کە تەنیا 26 پارچە شیعرو دوو پۆیەمای بۆ ئەم دیوانە هەڵبژارد. دیوانەکەی دەنگێکی چاکی دایەوەو چەند وتارێکی لەسەر نووسرا.

* ساڵی 1839 ـ 1840 رۆمانی «پاڵەوانی ئەم سەردەمەمان»ی نووسیووە، ساڵی 1841 گەڕاوەتەوە پیتەربورگو ویستوویەتی خۆی بۆ کاری ئەدەبی تەرخان بکات.بەلاّم قەیسەر ـ نیکۆلای یەکەم ـ قایل نەبووو ناچار بوویگەڕێتەوە بۆ قەفقاز.

* لە رێگادا، کۆمەڵێ شیعری نایابی نووسیووە، کە دوای مەرگی خۆی لە چاپدراون، وەکو: «دەمەتەقێ»، «تەمارا»، «ژوان»، «گەڵای داربەڕوو لە چڵی خۆی جیابووەوە»، «بە تەنیا دێمە سەر رێگا»... هتد

* لە رێگا بێ گوێدانە فەرمانەکانی سەرکردایەتی، لێرمەنتۆڤ چووە بۆ «پیتی گۆرسک»، لەوێ بەهۆی لەشناساغییەوە رێگەیان داوە بمێنێتەوە.

* 13ی تەمووز، میوانی دۆستێکی دەبێ، لەوێش چاوی بە مارتینۆڤ دەکەوێ، کە بەسەرزاری هاوڕێی لێرمەنتۆڤ بووە، بەلاّم لە دڵەوە ئیرەیی پێبردووە، بۆ گاڵتە، لێرمەنتۆڤ کاریکاتێرێکی مارتینۆڤ دەکاوشیعرێکی بۆ دەنووسێ، لە ئەنجامیدا بە یەکدا هەڵدەشاخێن.مارتینۆڤ داوای دوئێل لە شاعیر دەکا، هەرچەندە ئەم نایەوێ، بەلاّم کابرا هەر وازناهێنێ.

* 15ی تەمووزی 1841 لە پاڵ شاخی «ماشۆک»دا، دوئێلەکە ساز دەبێ‌و بە مەرگی

* ئەگەر یەکێک سووکیی بە یەکێکی دی بکردایە ئەم بۆ «دوئێل» ـ شەڕە دەمانچە یان شیر ـ بانگی دەکرد

تراژیدیای شاعیر کۆتایی دێت. 17ی تەمووز لە گۆڕستانی «پیتی‌گۆرسک» بە خاک دەسپێردرێ‌و لە نیسانی ساڵی داهاتوودا لاشەکەی دەگوێزنەوە بۆ گۆڕستانی تایبەتیی بنەماڵەکەیان لە «تاراخان»

* لێرمەنتۆڤ بەبیست‌وحەوت ساڵی کۆچی‌دوایی کرد، هێشتا لە هەرەتی لاوی‌و بەهرەبەخشیندا بوو، کە مەرگ فڕاندی. بلینسکی لەم بارەیەوە وتویەتی: «ئێمە بە مردنی لێرمەنتۆڤ شاعیرێکمان لەدەست دا، کە بە ناوەرۆک پێش پووشکین دەکەوت‌و لێی تێدەپەڕاند...» هەروەها دەیوت: زۆر نابا لێرمەنتۆڤ میللەت پەیدا دەکا... دەنگە پڕ لەهارمۆنییەکەی شیعری ئەو بەهەر چوار لادابڵاو دەبێتەوەو دەکەوێتە سەر زاری خەڵک... بیرەکانی دەربارەی واقیع‌و ژیانن...» <1>

لە دوورەوە؛ لە بنارە غەریب‌و گەرمەکانەوە، <2>
بەرەو باکوور بە هەڵەداوان تاو دەدەم،
هۆ «کازبیک» <3> هۆ، پاسەوانەکەی ڕۆژهەڵات!
گەڕیدەم‌و من سڵاوی گەرم‌و گوڕم بۆ هێناوی

هەواڵنامەی کتێب

<1> ئەم وردە زانیارییانەم لەو پێشەکییەوە وەرگرتووە، کە لێرمەنتۆڤناسی رووس ــ مانۆیلۆڤ بۆ هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی نووسیوە. ئەو پێشەکییەو هەندێ شیعری لێرمەنتۆڤم نارد بۆ «پەیڤ» و لە ژمارە 9دا بە کۆمەڵێکی زۆر هەڵەی چاپەوە، بڵاوبوویەوە. تەنیا شیعری یەکەمی ئێرە لەوێ بڵاو بۆتەوە. خوا یاربێ، نیازمە دیسانەوە سەرجەمی وتارەکەو کۆمەڵێ شیعری تریشی کە کردوومن بە کوردی، لە داهاتوودا بە نامیلکەیەک چاپ بکەم. هەوڵم داوە، کە لە دەقە شیعرییەکانی لانەدەم‌و گیانی کوردانەشیان بکەم بە بەردا.

شیعرەکانیش لە چاپی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتەوە وەرگیراون:

م. یو. لێرمەنتۆڤ. سەرجەمی بەرهەمەکانی، ب 1 لینینگراد 1979

<2> شیعرەکە هەر خۆی بێ ناونیشانە.

<3> کازبیک: شاخێکە لەناوچەی قەفقاز، لێرمەنتۆڤ دوای ئەوەی لە ئاوارەیی دووەمی گەڕاوەتەوە بۆ پیتەرزبورگ، دیارە، بە ڕێگاوە ئەم شیعرەی نووسیوە.

لووتکەکانت لە ئەبەدەوە هەر سپین،
تەوێڵیشت چرچ و لۆچە،
نە بێزاری و نە مینجەمینجی سەرکەشانەی مرۆڤیش،
دنیای سەرکەشت زویر ناکەن!
تاشەبەردت، دڵێ دێنێ، کە پڕە لە نزای بێدەنگ،
دەیهێنێت و بەسەر دەشتی،
سەر بەئەستێرەگیراوتا،
بۆ عەرشە ئەبەدییەکەی خودای دەبا..

نزاکەی من بۆ ڕۆژێکە نێچگار فێنک
تا لە نزڵە گەرمەکانتا،
تا لە ڕێگە پڕ لە تەپوتۆزەکانتا،
تا لەم چۆڵە خەمناکەدا،
نیوەڕوانێ، لەسەر بەردێ،
ماندوویەتیم بدەم بەبا...

نزا دەکەم، کە با و بۆران،
بە ناڵەناڵ، بە تەدارەکی شەڕەوە،
لە شیوە تاریکەکانی «دارەیالا»
لەگەڵ ئەسپە ماندووەکەمدا گیرمنەدەن...

خۆزگەیەکی دیشم هەیە بێتەدی،
خۆ ناوێرم بیدرکێنم، دڵمەلەرزێ،
بڵێی ئاخۆ، لەو ڕۆژەوە کەوتوومەتە دەربەدەری،
لە نیشتمان بە یەکجاری، منیان هەر لەبیرکردبێ؟!

یا وەک جاران باوەشم بۆ دەگرنەوە؟
بە رووی خۆش و بەگەرمی دێن بە پیرمەوە؟
ئاخۆ هاوڕێ و براکانم،
ستەمدیدەی ساڵەهای ساڵ دەناسنەوە؟

یاخود بەناو گۆڕە ساردو سڕەکاندا،
هەنگاو دەنێم بەسەر لاشەی مردووەکانما،
ئەوانەی هاوڕێی لاویم بوون،
بەسەر لاشەی لاوچاکو ئەبەردەکاندا...

ئەگەر وایە بە زریانت،
بەبێ سێ‌ودوو، «کازبێک» لەشم هەڵوەرێنە،
لاشەی ئاوارەی هەردانت،
بەبێ ئەفسووس بورووژێنە!...

ساڵی 1837
سەرچاوەی ئاماژە پێکراو ل390 ـ 391

## گۆڕی جەنگاوەرێک

زۆر لەمێژە، بە یەکجاری و هەمیشە،
پێڵوی نووستنی لێکناوە،
[ خۆڵی ] گرد بەسەر گۆڕیا بێژراوە
بە هەریزو شینایی دەوری گیراوە

مووی سپیی ئەو پیرە پیاوە،
لەگەڵ خاکدا ئامێتە بوو،
لە کڕی مەی‌و ئاهەنگدا،
[ ئای جاران چۆن ] بەسەر شانیا ئاڵۆز دەبوو!

مووی سەری هێندە سپی بوو،
دەتوت کەفی شەپۆلی بەردەم زنارە،
ئەو زارەی وا گەرموگوڕی گفتوگۆ بوو،
ساردوسڕی یەکەم جارە خستوویەتی لە دەم‌و دوو...

کە خۆی دەکرد بەناو دوژمنیا بە تەنیا،
لە ترساندا روویان سپی هەڵدەگەڕا،
کەچی ئێستا رووخساری خۆی،
سپییە وەک هی دوژمنەکانی‌و ئەوسا...

خاکی شێدار گەرچی سینگی داپۆشیوە،
بۆی نەبووە بە [ سەنگێکی ] قورس،
بەسەر روویدا ئێستا کرمیش
دێت‌و دەچێ بێ سام‌و ترس...
گوایە بۆ ئەوە ژیاو شمشێری هەڵگرت،
تا لە ساتی ئێوارەیەکی عەدەمدا،
هەڵۆی بەرزەفڕی سارا،
بفڕێ بەسەر گردی گۆڕستانەکەیدا،

هەرچەندە گۆرانیبێژی خاکی نیشتمان،
زۆر جار پێیدا هەڵگوتووە،

گۆرانی هەر گۆرانییەو ژینیش ژیان،
ئەو بۆ ئەبەد چاوی لێکناوەو نووستووە...

ئۆکتۆبەری 1830
سەرچاوەی ئاوێراو ل161 ـ 162

## مــــردن

ئاگری زەردەی ئێواران وا دەسووتێ،
من بێ دەنگ لە پەنجەرەوە تێیٔدەڕوانم،
رەنگە سبەش بەسەرمەوە پزیسکەی بێ،
با لە لاشەی ساردی ئەبزوتووی بێگیانم،
هەرچەند دوورە، بیرم وا لای دەستگیرانم،
فرمێسکی ئەو، کە دەمرم داخی گرانم،
ناکەوێتە سەر لاشەی زەردبووی بێگیانم،
نە هاوڕێیەک، نە برایەک دێتو زاری،
ماڵئاوایی بنێتە سەر گۆناکانم،
دەستی سۆزی بە بەزەیی غەریبەیەک،
لەناو گڵدا هەڵدەبەستێ گۆڕستانم،
لە تاریکی ئەبراوەدا گیان دەخنکێ...
هۆ شەنگەکەم! ئاخ هەڵکێشەو [ گوێت لە من بێ ]!
کەس نەبووە، وا بە دڵی پاک، بە جۆشی پڕ
لە کڵپەوە هێندەی من تۆی خۆشویستبێ...

ساڵی 1830
سەرچاوەی ئاوێراو ل163

عەبوڵڵای کتێب

## ئێوارەی پاش باران

من دەڕوانمە پەنجەرەو دەکوژێتەوە قووبەی ئاسمان،
دوایین تیشکی ماڵئاوایی، لە چاوانی فریودەردا،
لەسەر ستوون و گومەزو دووکەڵکێش و چلپیاکان،
بریسکەی دێ...هەوری تاری ئاقارە ئاگرینەکان،
ئەڵقەی داوەو بووە بە ماری پێچخواردووی ئاسمان،
کزەکزی با بە پەلە، بەنێو باغچەدا رادەکا،
لاسکی تەڕی گژوگیا دەهێنێ و دەبا،
هەر گوڵووکێ لە نێوایاندا دڵەکەی منی بردووە،
گەوهەرێکەو وا پێدەچێ ڕۆژهەڵاتی جێهێشتووە،
شەونمی سەری دەلەرزێ، بە لارەوە ملی ناوە،
دەڵێی کچەو خەمی سەختی چارەنووس گیری هێناوە،
[ بزەو ] شادیی دڵوگیانی لەدەست داوە،
هەرچەند فرمێسک لە چاوانی ئاگرینییەوە دادەکا،
بە هەموو ئەمانەشەوە، هەر جوانیی خۆی نیشان دەدا...

*ساڵی 1891*

*سەرچاوەی ئاوێراو ل94*

## لایلایەی کازاکانە ‹1›

ڕۆڵە شەنگەکەم، بۆخۆت تێر بنوو،
باوکەکەم لایە !
مانگی ڕوون هێمن،

---

‹1› کازاک: ڕووسی باشووری سەر ڕووباری ڤۆلگان. ئازاو سەرسەختن و زۆریان پاسەوانی تایبەتیی قەیسەرەکانی ڕووس بوون.

بەسەر بێشکەتدا بۆخۆی دەڕوانێ،
رازت بۆ دەکەم،
گۆرانییەکت من بۆ دەسترم،
وەنەوزان بدەو چاوان لێکبنێ!
باوکەکەم لایە، ڕۆڵەکەم لایە!
بەسەر زناردا «تیریک»‹2› دەڕژێو پەخش‌دەبێتەوە،
شەپۆلێکی لێل هاتو هاژەی دێ،
چچێنییەکی‹3› گوندەو چەربەزەش،
لەو کەنارەدا، خەنجەر تیژدەکاو
سکەخشەی دێ...
هیچ خەمت نەبێ!
جەنگاوەرێکی لە شەڕدا قاڵبووی کۆنە باوکی تۆ،
[ دڵ لە دڵ مەدە ]و
مەلۆتکەم بنوو! باوکەکەم لایە!
ڕۆڵەم لایلایە!
بۆخۆت دەزانی، کە ڕۆژگاری دێ،
ژیان تاڵ دەبێ،
دەست دەدەیتە چەک،
پێ دەنێیتە ناو ئاوەزەنگییەوە،
سەرزینی جەنگیت لە شاڵ بۆ دەدرووم،
بنوو کۆرپەکەم، باوکەکەم لایە!
بە سیماو باڵا پاڵەوانانەو

‹2› تیریک: ڕووبارێکە لە باکووری قەفقازەوە دێو دەڕژێتە دەریای قەزوین.

‹3› چچێن: میللەتێکی قەفقازی چیایین. ئازاو سەرکەشن، لە پێناوی پاراستنی دابو نەریتو ئاینو کولتووری نەتەوەییاندا لە دژی ڕووسیا زۆر جەنگاون.

هەواڵنامەی کتێب

دڵ کازاکانە تۆ گەورە دەبی،
رەوانەت دەکەم،
تۆش دەستت بۆمن هەڵدەتەکێنی،
ئەو شەوە بێدەنگ، فرمێسکی سوێرت بۆ هەڵدەرێژم،
فریشتەم بنوو، خەونت شیرین بێ و خەوی خێرت بێ،
باوکەکەم لایە!
بەبێ ئارامی چاوەڕێت دەکەم،
سوێم دەبێتەوە، هێندەت بیر دەکەم،
رۆژ تا ئێوارە، [ دەم بەنزاوە ]
نوێژت بۆ دەکەم...
بە درێژایی شەو دڵەڕاوکەمەو غایلەت دەکەم!
وام بە بیردا دێ، لە هەندەراندا
غەریبی دەکەی!
تاکو پەراژەومەراق نازانی،
بنوو کۆرپەکەم [ هەتا بەیانی ]
باوکەکەم لایە!
بۆ رێ ئەیکۆنەی * پیرۆزتەدەمێ
تۆش لەبەر دەمتا،
دابینێ کاتێ، کە بۆ نوێژکردن رووەدەکەیتە خوا!
کە بۆ شەڕێکی قورس و سەخت دەچی،
دایکت بێنە یاد!
کۆرپەشەنگەکەم، دە لایەلایە!
بۆخۆت تێر بنوو،
باوکەکەم لایە!

سەرچاوەی ناوبراو، ل404 _ 405

* وێنەی ئاینی پیرۆزە.

# پۆل ئیلیوار

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: **بەڕۆژ ئاکرەیی**

(ئۆژێن گرێبن دیڵ) کە لە جیهانی شیعردا، بە ناوی (ئێلیوار) ناسراوە، لە ساڵی 1895دا، لە شاری (ساین دێنیس) ی باکووری پاریس، چاوی بە ژیان هەڵێناو لە ساڵی 1952دا، بۆ هەمیشە چاوی لێکناوە.

ئێلیوار لەماڵێکی هەژاردا لە دایک بوو. قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کرد و لە یەکەمین شەڕی جیهانیدا، بەرەو مەیدانی شەڕ نێردراو یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی لە ژێر ناوی «ئەرک و ترس»دا، بەر لە کۆتایی هاتنی بەو شەڕە، واتە ساڵی1917 بڵاوکردەوە. ئەو شیعرانە گەلێک سادەو روون و ئاشکراو ئەختێک رەنگی بیروڕای گروپی «ئۆنانی میسیم» یان پێوە دیارە بوو. دوای ساڵێک، کۆمەڵە شیعری «چەند هەڵبەستێک بۆ ئاشتی»ی بڵاوکردەوە کە ئەویش هەر لەمایەی کارەکەی پێشووی دا بوو. پاش چەندێ، ئێلیوار لەگەڵ چەند شاعیرێکی وەک «بێرتوون»و «سۆپۆ»و «ئاراگۆن» ئاشنا دەبێ و لەگەڵ ئەواندا شۆڕشی ئەدەبی «سوریالیزم» هەڵدەگیرسێنێ. هەر لە حاڵ و هەوای ئەم قوتابخانەیەدا بوو کە کۆمەڵە شیعری «گیانەوەر و ئادەمیزادەکان»ی لە 1920داو «نیازەکانی ژیان و ئەنجامی خەونەکان»ی لە 1921دا بڵاوکردەوە. ئەو دوو کۆمەڵە شیعرە، ئێلیواریان بە وێنەی یەکێک لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی سوریالیزم ناساندەوە. دواتر ناوبانگ و هێز و توانای ئەم شاعیرە بە کۆمەڵە شیعرەکانی «مەشق» لە 1922، «مردن لە نەمردندا» لە 1924، «زیل و بەمی ژیان یاخود تینی مرۆڤایەتی» لە 1926 و بە تایبەت کۆمەڵە شیعری «پایەتەختی ئازار» ئەویش هەر لە ساڵی 1926دا دەناسرێ. پایەتەختی ئازار بە وێنەی شاکارێکی مەزن هەمیشە لەبەر چاو بوو. لەو کۆمەڵە شیعرەدا هەر چەند ئێلیوار شاعیرێکی سوریالیستە و سەربە دەروونی نا ئاگای خۆیەتی، بەڵام کەسایەتی و لێهاتوویی خۆی بە وێنەی مرۆڤێکی وشیارو بە ئاگا دەخاتە بەر چاوو شیعر بە ئامرازی یەکگرتنی مرۆڤەکان دادەنێ و لە

ئازادترین شیعرەکانی خۆیدا دەستەوەسانی مۆسیقای رەسەنی فەرەنسییە . چونکە رەسەنایەتی پێوەندیی و یەکێتییە ، ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە ، سوریالیستەکان لێی یاخی بوون .

بەم شێوەیە ، ئێلیوار ساڵ بە ساڵ و لە کۆمەڵە شیعرێکەوە بۆ کۆمەڵە شیعرێکی تر تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێ و شیعری وا دەنووسێ خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا ، دیمەنەکان بە چاو دەبینێ و تێیان دەگا . لەو کاتەوە شاعیر دونیای خەونەکانی خۆی لەگەڵ خەڵک دابەش دەکا و ئەوان دەکاتە هاوبەشی ترپەی دڵی خۆی . کۆمەڵە شیعرەکانی « ئەوین ، شیعر » لە 1929 و « گوڵی سووری هەموان » 1934 و « چاوە بە بارەکان » لە1936 و کۆمەڵە شیعرەکانی تری کە لە هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی بڵاوی کردەنەوە . بە گشتی دیارخەری ئەم هەڵچوون و گەشەسەندن و وەسفی ژیان و درک پێکردنی ژیانی راستەقینەیەن تەنانەت لە کۆمەڵە شیعری « ژیانی بێواستە » لە 1932دا و شیعری « رەخنە لە شیعر » کە لێهاتوویی و بینینی راست و دروستی ئەو نیشان دەدەن . بە تایبەت کە ئەم شیعرەی رەنگی ریالیزمی سیاسی دەخاتە سەر نووسراوەکانی تری :

*کەواتە روون و ئاشکرایە*
*کە من*
*لە دەوڵەتی دەسەڵاتداران*
*لە حکوومەتی یاساوڵ و کەشیشەکان*
*بێزارم .*
*پتر لە مانەیش*
*لەو کەسە بێزارم*
*کە وەک من*
*بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە*
*لەم داوو دەزگایە*
*بێزار نیە .*
*تف لە چارەی ئەو کەسە بێ*
*کە ئەم شیعرەی « رەخنە لە شیعر »ی منی*
*پێ لە گشت شیعرەکانی ترم*
*بە هێزتر نەبێ .*

هەر ئەم جۆرە شیعرانەش بوون ئاگری شۆڕشی سوریالیزمیان دامرکاند . لەو کاتە بە دواوە ، ئیتر هەر مەنتیقێک کە لەگەڵ شۆڕش نە گونجا با ، لە لایەن دەستەیەک لە وانەوە بە شتێکی بێ نرخ دەژمێردرا و دژ بەو بیروبۆچوونە رادەپەڕین . بەڵام کاتێ لە ساڵی 1930دا ( ئاراگۆن ) وازی لە سوریالیزم هێنا تا بچێتە ناو گروپە سیاسییەکانەوە ، ئێلیوار بە دوای نەکەوت . لە ساڵی1936 تا 1939 لە هەرا و هۆریای راپەڕینەکان و دامەزراندنی بەرەی میللی لە فەرەنسە و شەڕە خوێناوییەکانی ناوخۆی ئیسپانیا و هەڕەشەکانی جەنگ کە هەموو ئەورووپای خستە دەریای ترسەوە ، ئیلتیزامی شیعری ئێلیوار خۆی دەرخست . هەر ئەوکاتەش بوو کە ئێلیوار لە ئاستی تاکە کەسی خۆیەوە بەرەو ئاستی مرۆڤایەتی هەنگاوی نا و دروشمی شاعیری بەر لەخۆی ، واتە ( لۆترێ ئامۆن )ی هەڵگرت کە دەیوت : « دەبێ ئامانجی شیعر ، کاکڵ و راستەقینەی کردار بێ » . بەڵام ئەم ئامانجە هێشتا بۆ ئێلیوار هێمایەکی شاعیرانە

بوو لە 1937 کەچی پاش ساڵێک کاتێ کۆمەڵە شیعری « ڕەوتی سروشتی » بڵاوکردەوە ، دەرکەوت کە ئێلیوار لەگەڵ ڕەوتێکی سروشتیدا ، واتە تەوژمی شەڕو شکستی داگیرکردنی فەرەنسای نیشتمانی دەگاتە ئەم ڕاستییە . کەواتە ئێلیوا بەرەو خەباتی نهێنی دژی داگیرکەرە نازییەکان رادەکێشرێ‌و بۆ ئەوەی شیعرەکانی ڕەنگ‌و بۆی تایبەت بەم مەسەلەیەی هەبێ بەرەو شارو لادێیەکان دەڕوا و خۆی دەشارێتەوە . کۆمەڵە شیعرەکانی « شیعرو ڕاستەقینەکان » لە 1942 ، « ئەوانەی شایانی ژیانن » لە 1944و « لە ژوانگەی ئەڵمانییەکاندا » لە 1944 ، هەر لەم بارودۆخەدا بڵاوکرانەوەو ئەو شیعرانە بە کاریگەرترین شیعری سیاسی‌و شۆڕشگێڕی سەردەمی بەرگری میللی دەناسرێن . لە ساڵی 1942دا ئێلیواریش دێتە ڕیزی سیاسیەکان‌و چەند شیعری وا دەنووسێ کە دەبێتە هۆی سەرنجی ڕەخنەگرانەی هاوڕێکانی . ئێلیوار لە ئاست ئەو ڕەخنانەدا بێدەنگ نابێ‌و وەڵامی ئەو هاوڕێ لەخۆبایبیانە دەداتەوە . دەتوانین بڵێین هەر ئەو شیعرە سیاسیانەی ئەون کە ئێلیوار لە ئاستی ئاراگۆن دادەنێن. 1948 . کاتێ ئاشتی ڕوو لە وڵات دەکاتەوە ئێلیوار شیعری سیاسی وەلا دەنێ . بەڵام شیعرەکانی هەر شیعری میللین ، بە بنەما و ڕەنگێکی ئاوازە کۆنەکانی فەرەنسایی . « وانەی ڕەوشت » لە 1949 ، « توانای وتنی هەموو شتێک » لە 1951و « قەقنەس » لە 1952 بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەن .

## شیعری ئێلیوار

( سێن دێنی ) شارێکی کرێکار نشینی پیس‌و چڵکنە . تەمەنی منداڵییتی پڕ لە ناساغی شاعیر لەو شارەدا تێپەڕیوە .شیعرە سەرەتاییەکانی ئێلیوار پڕن لە دیمەنی دووکەڵکێشی کارخانەکان‌و ڕەنگدانەوەی درەخت‌و دووکەڵکێشەکان لە زۆنگاوەکانی دەوروبەردا . دیارە لە شیکردنەوەی ئەم دیمەنە خەماوییانەدا نابێ داوا لە شاعیر بکەین کە لە وشەی شادو ڕازاوە کەڵک وەرگرێ . کاتێ لە شانزەساڵیدا نەخۆش دەکەوێ‌و بە مەبەستی چاکبوونەوە دەینێرنە کوێستانەکانی سویسرا ، ناوچەو هەواری نوێ‌و ڕازاوە سەرنجی ڕادەکێشێ‌و کاردەکاتە سەر نووسینەکانی‌و لە شیعرە دڵدارییەکانیدا لەمەڕ دەشتە جوانەکان‌و کێوە پڕ بەفرەکان‌و ئاسمانی ساف‌و شین دەدوێ . هێشتا هێندە بەسەر گەڕانەوەکەیدا بۆ زێدی خۆی تێنەپەڕیبوو کە شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێکرد 1914 . ساڵەکانی ژین لە ئاسایشگاو مەیدانی شەڕ کاری کردە سەر ڕۆح‌و دەروونی شاعیرو ترس‌و ئومێدی سەربازەکان لە شیعرەکانی ئەو سەردەمەیدا بە چاکی خۆیان دەنوێنن .

ئێلیوار هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لە دەرد و خەمی گەلەکەی ، کە خودی ئەمیش یەکێک بووە لە وان ، جیابکاتەوەو لە ئاست کوێرەوەری‌و

پەژارەکانیان بێدەنگ بێ. مەزنترین هێمای شیعرەکانی بریتی بوون لە : وڵاتەکەی و خەڵکی وڵاتەکەی و کۆیلەوەرییەکانی هاوبەشی ئەو لەگەڵ گەلەکەیدا. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەبینین ئەم دەردی هاوبەشییە دەبێتە جێگای ئومێد و هیوا و خەونەکانی شاعیر. لە شیعری ئێلیواردا وا دێتە بەرچاو کە بەختەوەری مرۆڤ لەم جیهانەدا کۆچی کردووە و ئەم شتەیش هۆی سەرکی خەم و پەژارەی شاعیرە. بەڵام لە هەمان حاڵدا وێنەی شاد و جوان خۆی بەسەر شیعرەکانی دەسەپێنێ. وێنە شیعرییەکانی ئەو لە دیمەنی کێو و شاخە سەرکەشەکان و بینینی گیانەوەرەکان و تیشکی خۆر لە نێو درەختەکاندا، پێکهاتووە. دەڵێی ئەرکی شاعیر چریکاندنی گۆرانییەکی گران و لەسەرەخۆ و جوانە کە چەشنە دەربڕینێکی خەماوی تێدایە و گەڵێک لە مەنتیقی پەخشان نزیکە. چریکاندنەکەی لە راستی زمان و جوانی شاعیرانە دەدوێ. شیعرەکانی پڕن لە شتی بەرچاو و ئاشنای وەک بەرد و باران و ئاگر و کزڵان و ریڤینگەکان. شتێکی تریش بە رەنگی ئەم شتانەوە لکاوە کە زەوقێکی تر دەداتە شیعرەکانی، ئەویش هەوڵ و تەقەلای شاعیرە بۆ خستنە بەرچاوی راستییەکان. شاعیر هەوڵ دەدا کە وێنە شیعرییەکانی بە روونی بخاتە بەرچاو. شاعیر شەیدای سادەیی و ساکارییە. شیعرەکانی بلوورێکی بێگەرد و خاوێنن کە لەو بلوورەدا ئەم دونیایە بە باشی دەبینرێ.

ساڵەکانی بەر لە جەنگ. شیعری فەرەنسایی لە ژێر کاریگەرێتیی دوو لایەنی پڕ لە شتی سەرنج راکێش و تازەدا بوو. لە لایەکەوە، لایەنگرانی شیعری بەرجەستەکردنی باری کۆمەڵایەتی یان (ئۆنانیمیس) بە رابەرایەتی (ژۆل رۆمەن) و لە لایەکی تریشەوە «کۆبیستەکان». بە رابەرایەتی (گی یۆم ئاپۆلینێر). ئەو جەنجاڵانەی کە هەر تاو نا تاوێک لە نێوان ئەم دوو گرووپە ئەدەبییەدا رووی دەدا، بۆ گەنجەکان گەلێک بە کەڵک و سەرنج راکێش بوون. ئێلیوار لە شێوەی «شیعری کۆمەڵایەتی» بەوە فێری سەنگینی و لەسەرەخۆیی و بەکارهێنانی وشەی سادە بوو. لە رێبازەکەی دیکەشەوە فێری خۆشەویستی و سەرسوورمان و وەدیهێنانی هەستی واق ورمان لە خوێنەرەکانی و داهێنانی لەسەر شێوەی مۆسیقای کۆن بوو. ئۆنانیمیستەکان مانای قووڵی کۆمەڵایەتیان دەدایە وشە شیعرییەکانیان، مەبەستی ئەوان دەربڕینی رۆحی گشتی بوو. گرووپی دووەم بە شێوەی نیگارکێشەکانی ساڵی 1912 لەو وشانەی کە بەکاریان دەهێنا (کە زیاتر وشەی شاد و بەزەوق بوون) مۆسیقا و وێنەی رەنگاورەنگی شیعریان پێوە دیار بوو. ئێلیوار شارەزای هەموو ئەو رەوت و شێوازانە بوو. سەرەڕای هەردوو گرووپەکان ئاشنایەتییەکی چاکی لەگەڵ نووسراوەکانی (واڵت ویتمەن) و چیرۆکنووسەکانی ئینگلیز و ئەڵمان و شیعرەکانی (نێروون) و (رامبۆ) و (بودلێر) و (لۆترێ ئامۆن) و هەروەها فەلسەفەی ماتریالیزم هەبوو. بنچینە لەمەش بە وردی سەرنجی دابووە سەر رەوتی تازەگەریی لە شیعری نوێدا. لە تەمەنی بیست ساڵیدا، ئێلیوار هێندە تێکەڵی شیعری فەرەنسی بوو کە جیاکردنەوەی کاریگەرێتی شیعری فەرەنسایی لە سەر نووسەراوەکانی کارێکی سەختە.

«دادایزم» بە تورەبوونێکی بێ وێنە، هەموو

بەهاکانی شارستانیبەتی سەوداگەرانەی ڕەت دەکردەوە ، کە شەڕ پەردەی لەسەر ناشیرینەکانی لادا بوو. ئەوسا ، پاش بەجێگەیاندنی پەیامی وێرانکەری خۆی دەڕۆیشت تاکو شوێن بۆ بزووتنەوەیەکی نوێ تر چۆڵ بکا کە ئامانجی ئاوەدان کردنەوە بوو. لەمەش گرنگتر ئەوە بوو کە داخوازییەکەی تەنیا لە ئەدەبیاتدا کۆنەکردبۆوە.

(بێرتۆن) و ئێلیوارو (ئاراگۆن) لە ڕیزی پێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا هەنگاویان دەنا. یەکەمین بەرهەمی سوریالیستەکان لە یەکەمین گۆڤاری سوریالیستیدا ، کە ناوی «ئەدەبیات» بوو بلاْوکرایەوە ئەم گۆڤارە لە نێوان سالاْنی 1919 ـ 1924 دا بلاْوکرایەوە. یەکێتی زانست و تێگەیشتنی ئەم گروپە ، کاریگەرێتیەکی سەر سوڕهێنی خستە سەر شاعیرەکانی فەرەنسا و دونیا. ئێلیوار گەلێک جار دانی بە کاریگەرێتی بە کەلْکی بێرتۆندا ناوە. هاوڕێیەتی ئەم گروپە لەگەڵ نیگار کێشەکانیش گرنگیێکی تایبەتی هەبوو. چونکە نیگارکێشەکان دەیانگوت تابلۆکانیان دەخوێندرێنەوە و شاعیرەکانیش دەیانگوت شیعرەکانیان دەبیندرێن. ئێلیوار دۆستایەتییەکی چاکی لەگەڵ چەند کەس لەو نیگارکێشانە هەبوو ، کە دەکرێ لە ناو ئەو چەند کەسەدا باسی (پیکاسۆ) و (ئێرنست) بکرێ. ئێرنست وێنەی بەرگی بۆ چەند کۆمەڵە شیعری ئێلیوار کێشا.

حەزی ئێلیوار لە مەڕ (هەمیشە بە پاکی مانەوە) بوو بەهۆی ئەوەی کە هەندێکجار وشەی نەزانانە بەلاْم کاریگەر هەلْبژێرێ و بنووسێ. ئەو پتر حەزی لەم زمانە بوو تا ئەو زمانە ناخۆشە ، کە هەموو هەراج کەرانی هونەر پێیان دەنووسێ. دەیویست شیعر بکا بە پردێ لە نێوان خۆی و خەلْکدا. سەرکەوتنەکەیشی لەم ڕەوتەدا بە باشی دیارە و خۆی دەنوێنێ. ئێلیوار توانای هەبوو لە وشەی ساکار و ئاسایی ڕستەیەکی شاعیرانە بنووسێ. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە تێگەیشتن لە شیعری ئەو گەلێک لە شیکردنەوەی شیعرەکانی ئاسانترە. بۆنموونە کاتێ لە بەرزترین لوتکەی سوریالیزمدا ڕاوەستابوو ، دەیویست نرخی شیعر شیبکاتەوە و داوا لە خوێنەر بکا کە داوای مانای پوختی لێ نەکا ، دەنووسێ:

*مرۆڤ ڕادەکا و هەسپیش دەگێ*
*دەرگاکان ئاوەڵە نابن و*
*باڵندەکانیش بێدەنگن.*
*دەسا گۆڕیان بۆ هەڵکەنن*
*ئەم بێدەنگییە*
*دەیانکوژێ*

*پەپوولە*
*لەسەر لقەدارێک*
*چاوەڕوانی هاتنی بەهارە*
*دڵی پەپوولەکە چەماوەتەوە*
*لقی دارەکە*
*وەکو کرمێ*
*دەبێتە دوو لەت*

*بۆچی دەبێ*
*لە داخ و خەفەتی گوڵێکی سپیدا بگرین؟*
*یاخود بۆ گوڵی یاس؟*

*بۆچی دەبێ*
*بۆ گوڵی زەرد فرمێسک هەڵرێژین؟*
*وەنەوشەی میهرەبان*
*پێویستی بە گریانی ئێمە نییە*
*بۆچی بە دوای گوڵێکی شاراوەدا بگەڕێین؟*
*کاتێ مرۆڤ هیچ پاداشتێکی نەبێ*
*هەر لەبەر ئەمە!*
*ئەمەو هیچی‌تر نا!!*

لێرەدا مەبەستی ئێلیوار ئەوەیە کە هونەر هیچ سودی کرداری نییە ،پاداشتی هونەر لە خودی هونەر دایە . هەروا کە جوانی گوڵ بێ کەڵکە ، بەلام ئێمە دەبێ پەیامەکان بە رەگەزەکانی دوور لە زمانی شیعر تێبگەین. وشە شیعرییەکانی ئەو ، هیچ بلێنسەیان نییە . سەرکەوتوو ترین شیعرەکانی ئێلیوار ، هەمیشە تیشکێک لە چاو دەدەن .

سالی 1922 لە مێژووی سوریالیزمدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە . لەم ساڵەدا شتێکی نوێ دێتە ناو موسیقای شیعری فەرەنساوە . (جۆرج ئۆنیە ) لە کتێبی «کەشتیی سوریالیزم »دا دەنووسێ:

« ئەو سەردەمە ، سەردەمی خەون‌و خەیاڵەکان بوو . هونەرمەندەکان لە قوولایی خەونی دەستکردیاندا بە دوای وەلامی نادیاری ویژدانی بێ ئاگادا دەگەڕان . » . هێزی گرێ‌و ئاڵۆزی هەندێ لە شیعرەکانی ئێلیواریش لەو سەردەمەدا ، هەر لەبەر ئەو شتە نوێیە یە . شاعیرەکان تا بەری بەیان لە چایخانەیەکدا دادەنیشتن‌و لەمەڕ هەموو شتێ کە فڕی بەسەر هونەرەوە نەبوو ، تەنانەت لە بارەی بیرو بۆچوون و مانای پەیڤەکانەوە دەدوان .

زەماوەندکردنی ئێلیوار لەگەڵ (گالا ) و ناسازگاری‌و ناخۆشییەکانی خێزانی ، ئێلیواریان گەلێک ئاڵۆزو ماندوو کرد . ماندوویێتی‌و نیازمەندیێتی ئەو بە تەنیایی‌و دووره پەرێزی بووە هۆی ئەوەی کە ئێلیوار لە یەکێک لە رۆژەکانی مارتی 1924 ونو بێ سەرو شوێن بێ . دەنگ‌و باسی مردنەکەی لە شاردا گەڕا . چەندین وتار لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی رەفتارو کرداری خوا لێ خۆش بوو لە گۆڤارەکاندا بلاوکرانەوە . ئێلیوار رایکردبوو . نەک لەدەست کەسێک یاخود کەسانێک ، بەڵکو لە دەست خودی خۆی .

رۆژی 15ی مارتی 1926 سواری کەشتییەک دەبێ‌و روو لە سەفەرێکی دوورو درێژ دەکا : ئۆقیانووس ، ئوسترالیا ، هیند ، چین ، سیلان ، دوورگەکانی ئانتیل ، پاناما ، مالیزی ، زلاندنۆ . ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە لەگەڵ هیچ کەس لەم بارەیەوە نەدوا بوو . هیچ شتێکی ئەم سەفەرانەشی لە شیعرەکانیدا دیار نەخست ، تەنانەت ناوی ئەوشوێنانەی کە ئامێتەی خەیاڵەکانی ببوون . بۆچی ؟... چونکە سەری هەڵگرتبوو تا خۆی ون بکا ، نەڕۆیشتبوو تا خۆی بدۆزێتەوە . نیازێکی عارفانەو زادەی ماندوێتی . هەر لەو سەردەمەشدا بوو کە بۆی دەرکەوت‌و زانی « ئەم زەمینە وەک پرتەقاڵێکی شینە » .

حەوت مانگ بێ سەرو شوێن بوو . هاوڕێکانی دەر بە دەر بەدوایدا دەگەڕان تا لە ئەنجامدا لە (سەنگاپوور ) دا دۆزیبانەوە . ئەو کەسانەی لەمەڕ کاریگەریێتی زیان لە شیعردا خۆیان نەزان دەکەن ، بەدوای کاریگەریێتی ئەم کۆچ‌و بەرەلڵاییەدا شیعرەکانی ئێلیواریان دەپشکنی .

بەلام ئێلیوا لە وەلامی ئەواندا گوتی: «خۆتان ماندوو مەکەن. من بیری سوود وەرگرتنی شاعیرانەم لەسەردا نەبووە». ئێستا روون بۆتەوە کە ئێلیوار بە ئەنقەست وێنەکانی ئەو سەفەرەی لە شیعرەکانی ئەو سەردەمەی دەرهێناوە تا هەموو کەس بزانێ کە ئەو سەفەرە لە خەیاڵدا رووی داوە.

دوای چەند مانگێک کە لە سەفەر هاتەوە «پایەتەختی دەرد»ی بلاوکردەوە. دەبێ بلێین یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی دەنگدانەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرە خودی ناوەکەی بوو. بەپێی بیروڕای رەخنەگرەکانی فەرەنسایی: «هەر ئەو کۆمەڵە شیعرە بەسە تا ئێلیوار بێتە نوێنەری شیعری نوێی فەرەنسا.»

دوا بە دوای بلاوکردنەوەی ئەو کۆمەڵە شیعرە، ئێلیوار زۆربەی کاتی خۆی بۆ بەرێوەبردنی گۆڤاری «شۆرشی سوریالیستی»و هەندێک هەوڵو کۆششی ئەدەبیو مەبدەئی تەرخان دەکا. هەندێک لە رەخنەگرەکان، نووسراوەکانی ئەو سەردەمەی بە ئەدەبیاتی وێرانکار دادەنێن. بەلام ئێلیوار دروشمەکەی (لۆتری ئامۆن) هەڵدەگرێو «دەبێ ئامانجی شیعر حەقیقەتی کردار بێ». دەبێتە زنجیرە گوتارێکی ئەو. لەو کاتەوە ئیتر شیعر مەشقکردن نییە، بەڵکو مانا و هێمایە. بۆچی؟... چونکە بۆ خەڵک دەنووسرێ.

هەموو شیعرەکانی ئێلیوار مانای تایبەتیی خۆیان هەیە. بەلام هەندێجار بیرەوەرییەک لە شیعرەکانیدا خۆی دەنوێنێ کە دەبێ ئاگاداری بەسەرهاتو رووداوەکە بن. بۆ نموونە: شەوێک (ئەندرێ بێرتوون) بە شەقامێکدا دەڕۆیشتو گوڵی سووری دەدایە ئەو ژنانەی بە شەقامەکەدا تێدەپەڕینو پێیانی دەگوت: «تکایە ئەم گوڵە سوورانەی لە بیرمەکێنم لێ قەبووڵ بکەن». ئەم شیعرەی خوارەوە لەمەڕ ئەم رووداوەوە دەدوێ:

*بینیم کە باشترین هاوڕێم*
*شەوێ، لە کۆلانەکانی شاردا*
*لە گشت شەقامەکانی شاردا*
*تونێلی شەو کون دەکاو*
*گوڵە سووری خەملیو دەداتە ژنان*
*گوڵە سوورێکی گڕنا بە شەونم*
*وەک مەستێکی تینوو:*
*تکایە ئەم گوڵە سوورە بچکۆلەیەی*
*هەرگیز لە یادم مەکەنم لێ وەرگرن.*
*چەند جوانو بێ نرخ بوو ئەم گوڵە سوورانە*
*لە لایەن بلیمەتێکەوە*
*لە دەستێکی پڕ لە گوڵدا.*

شیعری ئێلیوار هەردەم لە بەرەوپێشەوە چووندا بوو! هەوڵی دەدا کە شیعرەکەی بە لای خەڵکدا بباتو بەخێوی بکا. لە ساڵی 1936دا بۆ ئیسپانیا بانگ کرا، تا زنجیرە گوتارێک پێشکەش بکا. لە گەڕانەوەدا گوتی: «لەمەودوا ئەرکی هەموو شاعیرەکان ئەوەیە کە بچنە قووڵایی ژیانی خەڵکەوە. لێرەڕا شیعر بۆ تەرخانکردنو بنیاتنانی (ژیانی گشتی) تێدەکۆشێ. شیعر دەبێ یاریدەی خەڵک بدا تا ئازادو یەکسانو بەرامبەر بن، هیوایان بخاتە دڵو رایانپەڕێنێ». ئێلیوار سەرچاوەی ئیلهامی شیعرەکانی لە بیرۆکەی هاوبەشی خەڵکدا دەدۆزییەوە. هەر بەم چەشنەیە کە شیعر دەچێتە ناو خەڵک.

هەواڵنامەی کتێب

قسەی ئیلیوار ئەمەبوو : « هەندێجا لە گۆمێکدا گێژاوێک دەبینین کە نازانین هێزی پەیدا بوونی ئەم گێژاوە چییە . ڕەنگە قوڵایی ئەو گۆمە تووشی ڕاپسکان بووبێ ، کەچی ئێمە تەنیا دیوی دەرەوەی ئەو ڕووداوە دەبینین. ڕووداوەکانی دەوروبەری ئێمەش هەر بەو چەشنەن. ئێمە تەنیا بینەرو بیسەری ڕووداوەکانین. زۆرجاریش هێزی ڕووداوەکانیش نازانین. بەڵام شاعیر وەک مرۆڤێکی هۆشیارو گوێیەکی بیسەرو چاوێکی بینەر ، ئاگاداری ڕاپسکانی قووڵاییەکانەو مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە . ئەو شەپۆلانە لە دڵی دەریاوە هەڵدەقوڵێن ، بەڵێ بێگومان هەر وایە ، بەڵام دڵی شاعیر لەگەڵ دڵی دەریای زەمانەلێدەدا و پێوەندییان بەیەکەوە هەیە ».

لە ساڵی 1938دا ، لە گۆمەڵە شیعری « ڕەوتی ئاسایی »دا ، بۆ یەکەمین جار نیشانەیەک لەم گرتانە دەردەخا . هێشتا ئاگری شەڕ هەڵنەگیرسا بوو کەچی ئەو شەپۆڕی مەترسی لێدەدا تا « بەزەیبە بێ کۆتاییەکەی سەردەمی کەڕی خۆی لە هاوارە جەرگ بڕەکان ئاگادارکاتەوە ، چونکە ئەم سەردەمە ، لە ژێر کەلاوەکانی ئازادیدا دەنێژێ » ئەم ئاژێرە لە چەند شیعرێکی تریشیدا دەبیسرێ. شیعر لەم دەلاقەیەوە دەڕوانێتە داهاتی زەمانە . ئەی ڕابردوو ؟ هەر هێندەیە کەبۆ ناسین و درک پێکردنی دیاردەکان پێویست بێ :

*لەو دوور دوورانەوە*
*هەواڵەکانی ڕابردوو*
*کلیلێکی چاکن*
*بۆ ئەم ئەفسانە .*

ژیان بە ئایندەوە بەستراوەتەوە : « نابێ بچینە نێو دڵی کەسانی ترەوە . دەبێ لە دڵیاندا بێینە دەرەوە » . ئیتر خەونەکان لە حەیف و مخابنەکانی سەردەمی ون بوودا نین. بەڵکو چەپکێ ڕووناکین کە دەیگرینە سەر ئایندەی ژیانی خۆمان. کەواتە بەر لە هەموو شتێک شیعر ئازاد بکەن تا ببێتە هاواری وڵات. ببێتە گرتەی دڵی نیشتمان.

پۆدلێر دەیگوت: « شیعری ڕاستەقینە ، ڕەتکردنەوەو وەلاتانی بێدادییە » . کەواتە هەر شاعیرێک دەبێ لە سەرەتادا ، دادگەر بێ ، دادگەریش ناچارە دادستێن بێ. شاعیر لەبەرئەوەی شاعیرە ، ناتوانێ ملکەچی زوڵم و بێدادی بێ. ئەوسا شوێن پێی ئەم بیروڕایە لە شیعری شاعیردا هەڵزنەوە . کەواتە ڕێکەوتێکی ڕووت و سادە نییە کە لە شەڕی جیهانی دووەمدا ئیلیوار دەبێتە زمانی وڵاتەکەی خۆی :

*« وڵاتەکەم*
*برسییتی و مەنزڵگای ئەڤینە »*
*یان:*
*« ئێستاش ئەوە ئێمەین ،*
*نزمترو بەرزتر لە گشت کاتێ »*
*لە ژێر بۆرمبەرمانی ئاگر پژێنەکانیشدا :*
*« ئاسمان ڕوونە و زەمین تاریک »*

زستانی ساڵی 1940 سەرمایەکی سەخت بوو . ئیلیوار ، یەک مانگی ڕەبەق لە ژوورەکەیدا مایەو نەهاتەدەر . تەنانەت پەنجەرەکەیشی نەکردەوە . نووسەرو شاعیرەکانی لە ژوورەکەیدا کۆدەکردنەوە و هانیدەدان لە ئاست دوژمن ڕاوەستن. دەوڵەتی فەرەنسا تەسلیم ببوو . هەژاری و کوێرەوەری لەوپەڕی زیندەبوون دابوون .

کۆلانەکانی پاریس، شەوق و زەوقی جارانیان نەمابوو. لەو رۆژانەدا شاعیر بە جانتایێکەوە لەم گەرەکەوە دەچووە گەرەکێکی ترو بە شیعرەکانی کە پڕبوون لە هەستی هاندان و رابوون و خۆ بەدەستەوە نەدان، خەڵکی رادەپەڕاند. روون و ئاشکرایە ئەگەر بکەوتبایە دەست دوژمن، کەمترین خەڵاتی گوللەباران کردن بوو. پاش بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعری «شیعرو راستەقینە» کە هەموو حەزو ئاواتی ژینی خەڵکی فەرەنسای تێدا کۆبۆوە. (دەزگای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەڵمانی) ئەو کتێبەی بە نووسراوێکی پڕ لە مەترسی لە قەڵەمدا. ناوەڕۆکی زۆربەی شیعرەکانی ئەو کتێبە، هەر ئەو دەنگ و باسانە بوون کە رۆژنامەکانی سەرلە بەیانیان و ئێوارەی ئەو کاتە بڵاویان دەکردنەوە. هەر لەبەر ئەوەیش هەواڵەکان بە باشترین شێوە بڵاو دەبوونەوە. خەڵک ئەو شیعرانەی دەنووسیەوە، بڵاویان دەکردنەوە و پاش دەمێکی کورت لە بەڵگەنامەکاندا سەریان دەردێنا و دەگەیشتنە دەست پێشمەرگەکانی ناو سەنگەرەکان. سەرەڕای ئەوەیش ئێلیوار دەچووە لای شاعیرە خەباتگێڕەکان و شیعری لێ وەردەگرتن و لە گۆڤارێکدا بە ناوی «شەرەفی شاعیرەکان»دا بڵاوی دەکردنەوە. لە کاری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەیشدا، سەرەڕای چاودێری توندو تیژی (گەستاپۆ) لەگەڵ کرێکارەکانی چاپخانە ئیشی دەکرد و لە شارەکاندا بڵاوی دەکردنەوە.

بەم شێوەیە ژیانی ئەو هەوێنی شیعرەکانی و شیعرەکانیشی ژیانێکی تر بوون. لەو سەردەمەدا، ئێلیوار لەوپەڕی ناوبانگ دەرکردن دابوو، شیعرەکانی لە هەموو شوێنێکدا هاندەری خەڵک بوون. شیعری «ئازادی» لە ژنێڤەوە بگرە تا جەزایرو لە مۆسکۆوە تا نیویۆرک بڵاوکرایەوە. پاسەوانەکان بە دوایدا دەگەڕان، پەنای بردە ناو شێتخانەیەک کە لە کوێستانەکانی فەرەنسادا بوو، چەندین شیعری بۆ شێتەکان و دەرد و خەم و کوێرەوەری ئەوان نووسی.

شیعری ئێلیوار، شیعری تیشک و ئەوین و شۆڕش و ئازادییە. هاوڕێکانی لەوە دەترسان کە مێژووی چەپەڵ ببێتە هۆی سیس بوونی گوڵی گەشاوەی شیعرەکانی. بەڵام ئێلیوار ئەمەی دەزانی و لەهەر شیعرێکیدا، بە چەشنێک سیاسەت و ئەڤینی تێکەڵ کرد کە هەمیشە هەر ئەڤینە سیاسەت بەخێو دەکا، نەک بە پێچەوانەوە. دیارە هەر لەبەر ئەمەیشە کە ناوی ئێلیوارو شیعرەکانی لەبەر چاو ناکەون و نامرن و هەرگیزاو هەرگیز لە بیرناچنەوە!

## قەقنەس

لەسەر رێگای تۆ
دوایین کەسم
دوایین بەهار
دوایین بەفر
دوایین شەڕ
بۆ ئەوەی نەمرم.
ئێستاش ئەوە ئێمەین
نزمترو بەرزتر لە گشت کاتێ

لە ئاگری ئەشکەنجەماندا
هەموو شت هەیە:
میوەی کاژو لقی دار مێو
لە جزگەڵەدا
قوڕاوو شەونمو
چەند گوڵێکی
تیژ ڕەوتر
لە ڕەوتی ئاو.

بڵێسەکان، لە ژێر پێمانن
بڵێسەکان لەسەر سەرمانن
لە بن پێماندا
گیانەوەرو باڵندەو مرۆڤ
بۆ هەڵفڕین رادەبنەوە.
ئەوانەی دەفڕن دەنیشنەوە.
ئاسمان ڕوونەو زەمین تاریک
دووکەڵەکانیش
بەرەو ئاسمان ڕێچکە دەبەستن
ئاسمان
ئاگرەکانی خۆی
دۆڕاندووە
بڵێسەکانیشی
لەسەر زەوی
بە جێماون.

بڵێسە هەوری دڵەو
لقەکانی خوێنیش
گۆرانییەکانمان
بە زایەڵە دەڵێنەوە.

بڵێسە
هەڵمی زستانە ساردەکان لەناو دەبا
هەموو شەوێ لە ئاگردانی ئەفرینەکاندا
خەم دادەگیرسێ‌و
ژیلەمۆکانیش چرۆ دەردەکەن.
ئێمە هەر گاف
پشتمان لە ئێوارە دەکەین‌و ڕێگا دەبڕین
لە دوورەوەش
هەموو شتێ
لە گزنگ دەچێ.

## ژن

لەسەر پێڵوەکانم راوەستاوە
قژەکەی ئامێنتەی پرچم بووە
لە ڕەنگی دەستەکانم دەچێ
لە ڕەنگی چاوەکانم دەچێ
لە سێبەری مندا
دەتوێتەوە
وەکو بەردێک
لە هەوادا.

خەیاڵی ئەو
هەتاوەکان، لە سەرچاوەی خۆردا
دەکا بە هەڵم
وا دەکا، پێبکەنم، بگریم‌و بزەم بێتە سەر لێو
وا دەکا بدوێنم
بێ ئەوەی
قسەیەکم لە دڵدا بێ.

## زەردەخەنە

شەو
هەرگیزاو هەرگیز
شتێکی تەواو نییە .
نیشان بەو نیشانەی من دەیڵێم
نیشان بەو نیشانەی
دڵنیاتان دەکەم
لە کۆتایی خەمدا ، گەر بگەڕێی
دەلاقەیەکی کراوە هەیە
دەلاقەیەکی ڕوون
خەیاڵیو شیاری لە ئارادایە :
ئارەزوویەکی ئاسانو لە دەست هاتوو
برسێتییەکی تێر
دڵێکی دەوڵەمەند
دەستێکی درێژ
دەستێکی کراوە
چاوێکی بێدار
لە ئاست ژیاندا
ژیانێکی هاوبەش.

## هاتوچۆقەدغەکردن

چیمان لە دەست دەهات؟
یاساوڵەکان لەبەر دەرگا بوون!
چیمان لە دەست دەهات؟
لە ماڵی خۆماندا
بەند کرابووین!
چیمان لە دەست دەهات؟
ڕێگای کۆڵانیان گرتبوو!
چیمان لە دەست دەهات؟
شار
چۆکی دادابوو!
چیمان لە دەست دەهات؟
خەڵکی شار برسی بوون!
چیمان لە دەست دەهات؟
هەموو چەک کرابووین!
چیمان لە دەست دەهات؟
شەو بەسەر شاردا
باڵی کێشا بوو!
چیمان لە دەست دەهات؟
ئەڤینداری یەکتر ببووین!

# ئامانجی شیعر

« بۆ ئوانەی رەخنەم لێدەگرن

کە بۆچی شیعری سیاسی دەنووسم »

ئەگر پێتان بڵێم:
هەتاو لە دارستاندا
وەک خۆ بەدەستەوەدانی شەرمی کچێکە لە پێخەفدا
ئێوە برِوام پێدەکەن و
گشت داخوازییەکانم بەجێ دێنن

ئەگر پێتان بڵێم:
بلووری رۆژێکی بارانی
لە گیانی ئەڤیندا
دەزرینگێتەوە .
ئێوە برِوام پێدەکەن و
کاتی ئەڤینتان
درێژتر دەکەن .

ئەگر پێتان بڵێم:
لە ئاوەرگەی کانییەکدا
کلیلی زنیەک دەخوێنێتەوە
کە دەروازەی سەوزاییەکان دەخاتە سەر پشت
ئێوە برِوام پێدەکەن و لێشم تێدەگەن

کەچی ئەگەر سەرانسەری کۆڵانەکەم
بە راشکاوی بپەرستم و
وڵاتەکەم
وەک کۆڵانێکی بێ بن
بکەم بە گۆرانی
ئێوە ئیتر دان بەقسەکانمدا نانێن و
رووەو بیابانەکان
ملدەنێن

چونکە ئێوە
هەنگاوی بێ ئامانج هەڵدەنێن و
نازانن ئەم گەلە
نیازمەندی یەکێتی و هیوا و خەباتە
تا ئەم جیهانە بگۆڕێ
منیش تەنیا بە هەنگاوەکانی دڵم
بە دوای خۆمدا
راتاندەکێشم
ماندووم، بەڵام زیندوو
هێشتا زیندووم!
کەچی پێم سەیرە
خەریکم دەدوێنم
هەر بۆ ئەوەی سەرنجتان رابکێشم
ئەویش لە حاڵێکدا
کە دەمەوێ ئازادتان کەم
تاکو لەگەڵ قەوزەو قەرسیلی سپێدەکان
بتانکەم بە یەک شت
وەک برایەکانتان
کە خەریکن
تیشکی خۆرەتاو ئەچنن .

---

لە کتێبی «ئەی ئازادی»یەوە وەرگیراوە

# بیروڕای مارکس سه باره ت ئه ده ب و هونه ر

ژان فریڤل

وەرگێرانی: زیاد مەولوود

مارکس و ئەنگلس ساڵی 1845، پرەنسیپەکانی سۆشیالیزمی زانستییان لە کتێبی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»دا ئاشکرا کردو پێوەندییان لەگەڵ فەلسەفەی ئایدیالیی هیگڵدا پچڕان، تیۆری خۆیان لە ماتریالیزمی مێژووییدا دارشت و بەرپەرچی تیۆری مێژوویی هیگڵیان دایەوە، بەڵام مارکس هێشتا بە تەواوی خۆی لە ئایدیا ئیستاتیکییەکانی هیگڵ دانەبڕیبوو، ئەو ئایدیایانەی کە بەشێکن لە بەشەکانی فەلسەفەی هیگڵ. تیۆرییەکەی مارکس لە ماتریالیزمی مێژووییدا بەرەبەرە سەرنج و بیروڕاکانی لە جوانناسیدا هێنایە سەر بنچینەو گەشەکردنی هونەرو مێژووی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی هەلومەرجی ئابووریشی بەیەکەوە بەستەوە.

کارل مارکس تەمەنی (13) ساڵ بوو کاتێ هیگڵ کۆچی دوایی کرد. ئەو کات ڕۆمانسی و سروشتێکی شاعیرانەی هەبووە، بەڵام دوای ساڵی 1837و دوای ئەوەی نووسینەکانی هیگڵی خوێندەوە، بیروڕاکانی گۆڕانیان بەسەر داهات و چووە ریزی قوتابییە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکانی، بووە ئەندامی (یانەی دکتۆران) کە بەوێزترین ڕۆشنبیرانی وڵاتەکەی گرتبووە خۆ، ئەم ڕۆشنبیرانەش لایەنی کۆنەپەرستانەی فەلسەفەی هیگڵیان وەلا نابوو بەرەوپیریان لە چەپێتییە دیالەکتیکییە پێشکەوتنخوازەکەی دەکرد.

مارکس فیورباخی ماددی خوێندەوەو بووە ماددی..

ئابووری سیاسی فەرەنسی خوێندەوەو بووە سۆشیالیستی..

ئینجا سێ پایە پێکهێنەرەکەی فەلسەفەی ماتریالیزمی مێژوویی لە خۆیدا کۆکردەوە: دیالەکتیکی هیگڵ، ماتریالیزمی فیورباخ، سۆشیالیزمی فەرەنسی.

ڕێبازی کارل مارکس لەسەر ئەم کۆڵەکانە وەستاوە: مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و چالاکی داهێنەرانەی لە چالاکی کاردا

هەڵدەقوڵێ، ئەم چالاکییەش لە سروشتدا دەگۆڕێ‌و ڕێک دەخرێ، هونەریش ڕەنگدانەوەی ئەم چالاکییەیە.

مارکس دەڵێ:

«مرۆڤی سۆشیالیست لە هەموو مێژووی جیهاندا هیچ نابینێ جگە لە بەرهەمی مرۆیی، کە بە کاری مرۆیی ئەنجام دراوە. کەواتە مێژوو؛ مێژووی پێشخستنی سروشتە لە بەرژەوەندی مرۆڤدا»«1»

کاروچالاکی کار تەنیا شتێک نین کە تەواوکەری چالاکی تیۆری‌و بەرهەمی هۆشیاری‌و بیرکردنەوە بن، بەڵکو کارو چالاکی کار ئەو سەرچاوەیەن کە هەموو زانستێکی لێ‌هەڵدەهێنجێن، ئەمانەش دوو مەرجی ئەو کودەتایەن (گۆڕانکاریەن) کە مرۆڤ بەسەر سروشت‌و پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکاندا دەیکات.

ئەنگلس ئەو (بیرۆکە)یەی مارکسی وەرگرت‌و گوتی:

«تا ئێستا زانستی سروشت‌و فەلسەفە، کاریگەری چالاکی مرۆییان لەسەر بیری مرۆیی بە تەواوی پشتگوێ خستووە‌و فەلسەفە لە سروشتناسی هاوێژ کراوە‌و هەریەکەیان کەوتوونەتە لایەکەوە، کەچی لە ڕاستیدا گۆڕینی سروشت لە لایەن مرۆڤەوە سەرچاوەی بنچینەیی‌و ڕاستەوخۆی ئایدیای خەڵکە، وەنەبێ تەنها سروشت سەرچاوەی ئەم ئایدیایانە بێ. ئەو پلەیەی کە زیرەکیی مرۆڤیش پێی گەیشتووە، بەو ئەندازەیەیە کە لە ئامرازەکانی گۆڕینی سروشت فێری بووە»«2»

ماتریالیزمی مارکس‌و ئەنگلس کە لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژووییەوە کاردانەوەی ئاڵوگۆڕی نێوان مرۆڤ‌و سروشت‌و مرۆڤ‌و مرۆڤ وەردەگرێ، بێ توانایی ماتریالیزمی میکانیکی‌و ماتریالیزمی مرۆیی فیۆرباخی دەرخست. مرۆڤ تەنیا گیانێک، یان سەیرکەرێک نییە سەلبییانە بڕوانێتە جیهان، هەروەها تەوەرێکیش نییە سروشت بە دەوریدا بخولێتەوە‌و ئەویش ڕەقوتەق وەستابێ‌و شتێک بەرامبەری نەکا، بەڵکو بارودۆخی مێژوویی‌و کۆمەڵاتی، بەرەبەرە هەلومەرجی سروشتی‌و بیۆلۆژی گۆڕیوە. لەمەش زیاتر حەساسییەتی مرۆڤیشی ڕاست کردۆتەوە. مارکس بەو سیفەتەی مرۆڤێکی دیالەکتیکی ماددییە، سەرنجی دا کە ئەندامەکانی هەستیش دەگۆڕێن بەپێی ڕێژەی ئەو پێشکەوتن‌و وردەکارییەی کە بەسەر شێوازەکانی کارو ئامرازەکانی‌و زمان... تاد، دێن. هەستەکان پێوەندییان بە چالاکی کاری کۆمەڵایەتی‌و هەوڵی مرۆڤ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سروشت‌و گۆڕینیدا هەیە. پێشکەوتنی کۆئەندامی هەستیش لە مرۆڤدا، بەرامبەر بە ئاژەڵان بۆ گەشەکردنی بیۆلۆژی‌و فەردی مرۆڤ ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ گەشەکردنە مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەکەی دەگەڕێتەوە.

«چاو کاتێک بووە هەستی مرۆیی، کە بابەتەکەی بووە بابەتی کۆمەڵایەتی مرۆیی، ئەم بابەتە لە مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ‌و دەڕژێتە بەرژەوەندی مرۆڤیشەوە... هەر لەبەر ئەم هۆیەش هەستی مرۆڤێک کە لەناو کۆمەڵدا دەژیێ، جیایە لەوەی لەناو کۆمەڵدا ناژی... پێکهاتنی پێنج هەستەکانیش بەرهەمی هەموو مێژووی مرۆڤایەتییە تا ئەمڕۆ»«3»

دواتریش ئەنگلس گوتی:

«چاوی باز مەسافەیەکی دوورتر لە چاوی مرۆڤ دەبینێ بەلام چاوی مرۆڤ سەرنج لە کاروبارێک دەداو لێی ورد دەبێتەوە کە باز ناتوانێ ئەوە بکا»«4»

لە بەرامبەر داهێنانە ماتریالییەکانی مرۆڤیشدا، یان وەکو مارکس گوزارشتی دەکا، لە بەرامبەر «خستنەرووی بابەتییانەی بوونی مرۆڤ»دا هەستی چاو، هەموو هەستەکانی دیش، بەواقیعێکی ئاڵۆزترو دەوڵەمەندتر، لە سروشتی سەرەتایی‌و راستەوخۆ تیژ دەبن. ئەم هەستانەش تا ئاستی ئەو شارستانییەتەی کە کۆمەڵ بەدەستی هێناوە، بەرزدەبنەوە.

کاتێکیش ئەم هەستانە تا ئاستی حوکمدان، بەرزدەبنەوە، یان وەکو مارکس دەریدەبڕێ: کاتێ دەگەنە ئاستی (پێکهێنانی تیۆر)، توانای ئامادەییان تێدا دەبێ بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان لە بووژانەوەی هونەردا بگێڕن.

کەواتە هەڵەیە سۆزی هەست بە جوانی‌کردن– وەکو ئەفلاتون باوەڕی وایە — بۆ یادگارەکانی ژیانی پێشوو بگێڕینەوە، یان بەو دابەشکردنە ناسزییەی کە (کانت)، لێی دواوە، هەروەها بەو قۆناغە یەکلەدوای‌یەک هاتووانەی گەشەکردنی (بیرۆکە)ش، وەکو هیگڵ فێری کردووین.

مارکس بنچینەی سەرهەڵدانی هونەری لە مومارەسەی هەستەکان لەناو چالاکییەکانی ژیان‌و گەشەکردن‌و فێربوونیان دۆزییەوە، هەروەها لەو پەروەردەو مەحکەم‌و پتەوبوونە‌و هەست سوکییەی کە بە درێژایی چەندین چاخ بەدەستیان هێناوە، لە چاخی پێش مێژووەوە تا بوونە خاوەت چالاکی سەربەخۆ، کە بۆ خۆیان مومارەسەی دەکەن.

کاری هونەریش، بەرهەمی کارە، مەبەستیش لە کار: بێگومان ئەو کارەیە کە سروشتێکی تایبەتی هەبەو بلیمەتی داهێنەر، تێیدا چرکەیەک لە چرکەکانی مێژوو لە شێوەی نائاساییدا بەرجەستە دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا کارە هونەرییەکە دەگونجێ لەگەڵ ئەو چرکە مێژووییەی کە بەرجەستەی دەکا.

هونەرمەند نابێ ملکەچی ئەو بارودۆخە بێ کە ژیانی کرێکارە بەرهەمهێنەرەکانی دی لەژێر رکێفی دایە، چونکە ئەو لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە بەسەر خۆیدا دابەش بووەو نامۆبوون بەسەریدا زاڵە.

مەبەستی مارکس لە بەکاربردنی گوزارشتی نامۆبوون چییە کە لە هیگڵی وەرگرتووە؟

نامۆبوون(Alienation): خۆدابڕینی مرۆڤە لە خودی خۆی؛ داشۆڕینی دەروونی خۆیەتی بە دەستی خۆی؛ ونکردنی ناخی خودی خۆیەتی بە دەستی خۆی. نامۆبوون: زاڵبوونی بابەتە بەسەر زاتدا، دەستبەسەرداگیرانی بەرهەمهێنەرە لەلایەن بەرهەمهێنراوەوە.

لە رێبازی ئایدیالی هیگلیشدا، نامۆبوون ئەو قۆناغە دەنوێنێ کە (بیرۆکە)ی تێدا بەدی دێ.

لای (فیورباخ)یش، نامۆبوون بۆ مرۆڤ بەگشتی بەکاردەبرێ، بەو پێیەی مرۆڤ یەکێتییەکی ئابستراکتە.

بەلام مارکس بە پێچەوانەوە، شیکردنەوە واقیعییەکەی لەسەر مرۆڤێکە لە واقیعدایە، کە ئەویش کرێکارەو ملکەچی بەرهەمهێنانی کالاییە، لە شیکردنەوەکەشی پشت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەبەستێ، کە کۆمەڵگای بورژوازییە. بیرۆکەی نامۆبوونیش لای مارکس سیفەتی رەهایی، یان هەتاهەتایی لە دەستداوەو دەبێتە

دیاردەیەکی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، کە لەگەڵ نەمانو ونبوونی ئەو کۆمەڵگایە، ئەویش نەمانی لە چارە دەنووسرێ.

ئایا کرێکار نامۆبوو نییە لەو کالآیەی بەرهەمی هێناوە؟ ئایا ئەو کالآیەی ئافەریدەی کردووە، دوایی بەسەریدا زاڵ نابێ؟ ئایا یاساکانی بازاڕ وا داناترێن وەکو بڵێی قەزاو قەدەری کوێرانەن؟ ئایا موڵکایەتی تایبەتیو سەرمایە کارێکی مردوو نانوێنن کە لە کاری زیندوو داماڵراون؟ دواییش بوونەتە هێزێکی سەربەخۆ، بوونەتە هێزێکی دوژمنکارانەو نامۆ، کە زیندووان دەهاڕن؟

بە هەموو دڵنیاییەوە کار شتی سەرسوڕهێنەر بۆ دەوڵەمەندان بەرهەم دێنێ، بەلآم بەرەنجامی کارەکە لە دەستی کرێکار دەفڕێنێ، کار کۆشکو تەلار بۆ دەوڵەمەندان، کوخو کەوڵ بۆ کرێکاران وەدی دێنێ، جوانی پێشکەش دەوڵەمەندان دەکاو بۆ کرێکارانیش دەبێتە هۆی شێواندنو پەککەوتەیی، ئامێران بەرهەمدێنێ شوێنی کرێکار دەگرێتەوە، بەشێکیان بەرەو شێوازە زۆرملێکانی کار فڕێ دەدا. کار ئایدیا بەرهەم دێنێ، وشکو برینگیو گێژیش بۆ کرێکاران!«5»

نامۆبوون دوو ئەنجامی تێکەلآوی بەدوادا دێ، وا لە مرۆڤ دەکا لە خودی خۆی نامۆ بێ، لەو سروشتەش دادەبڕێ کە دەورو بەری داوەو (جەستە ئانۆرگانییەکەی)«6» پێکهێناوە. نامۆبوون وا لە خەڵکیش دەکا نامۆ بێ. لێرەدا سۆشیالیزم بەو سیفەتەی ڕێبازێکی ئینسانیی کامڵە، کۆتاییەک بۆ (ململانێی هەلایساوی نێوان مرۆڤو سروشتو مرۆڤو مرۆڤ)«7» دادەنێ. (ئابووری سیاسی بۆرژوایی) نامۆبوون بە پیرۆز دادەنێو پشتگیری وازهێنان لە پێویستییە مرۆییەکان دەکا.

بە شانۆیالی کەم مەسرەفیو سەرمایەدا هەڵدەڵێ:

(چەند خواردنو خواردنەوەو کتێبکڕینو چوونە شانۆو سەماخانە کەم بکەنەوە، ئەوەندە بیرکردنەوەتان سستو تەپ دەبێو خۆشەویستیتان ڕوو لە وشکبوون دەکا، لە مەسەلە تیۆرییەکانیش بیرکردنەوەتان کەمو بێهێز دەبێ، گۆرانی گوتنو بایەخ نەدانتان بە وێنەکێشانو وەرزش... لا کەم دەبێتەوە. چەندیش پاشەکەوتتانو ئەو پارەوماڵەی کەڵەکەی دەکەن زۆر بێ، ئەوەندەش ئەو گەنجینەو سەرمایەیە لە ناو خۆڵو مێرووودا حەشارتان داوە قەبە دەبێ، بەلآم ئەمە لە بوونتانو چێژی ژیانتان کەم دەکاتەوە، چەندیش ئەوەی بە دەستی دێنن زیادی کرد، ئەوەندە لایەنی ژیانی نامۆییتان تێدا زیاد دەکاو زۆربوونی پاشەکەوتیشتان لەسەر حیسابی بوونی نامۆ بووتانە)«8»

مارکس دەوڵەمەندی دەستکردو دەوڵەمەندی ڕاستەقینە، کە (بوون)ی بەڵگەی بووژاوەنەوەی هەموو ئەوەیە کە مرۆڤ بەخشیوەیەتی، لەگەڵ یەکتری بەراورد دەکا، دەوڵەمەندی دەستکرد، کە ئابووریزانە بۆرژواکان بۆی بە تاسەن، ڕێ لە دەوڵەمەندی بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەگرێو ڕقی لێدەبێتەوەو لێی قەدەغە دەکاو سنووری بۆ دادەنێ، وەکو چۆن موڵکایەتی تایبەتی ڕێ لە مرۆڤ دەگرێو سنووری بۆ دادەنێ تا بەسەر سروشتدا زاڵ نەبێ. مارکس بۆ وەلآمدانەوەی ئەوانەی کەوتوونەتە ناو پێچو خەمی تاریکی موڵکوماڵ، ئەم پێناسەیەی بۆ دەوڵەمەند کردووە:

• مرۆڤی دەوڵەمەند (سەرەرای دەوڵەمەندیش

پێویستی بە دۆزینەوەی تەواوو کامڵی مرۆیی بوونی ئەم ژیانە هەیە) ئەو مرۆڤەیە، کە خۆیەدیهێنان بە پێویستییەکی کامڵی خودی خۆی دادەنێ‌و دەستبەرداری نابێ»9»

هونەرمەند بەبێ دەوڵەمەندە راستەقینەکانیش خاوەن هەستو سۆزێکی بە تەوژمە. لە کارەهونەرییەکەیدا گوزارشت لە خۆی دەکا، وای‌لێدەکا لە هەموو دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتربێ. ئەی ئەوە هونەرمەند نییە (سەرجەمی دۆزراوە مرۆییەکانی ژیان) لە باوەش دەگرێ‌و لە بەرهەمێکی تاکەکەسی بێ‌هاوتادا دەیچێنێ‌و دەریدەبڕێ؟

ئەو کارە ناچارییەی کە کۆمەڵ بەسەر کرێکاریدا دەسەپێنێ، ناچارە خۆی بەکرێ بداتە یەکێ لە سەرمایەدارەکان.

کەواتە خۆی کاری بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە، بەڵکو شتێکە بەسەریدا سەپێنراوە، کارێکی ناچارییە، کەواتە پێویستییەکی بۆ کار پێ تێر ناکا تا شتێک دابهێنێ، بەڵکو ئامرازێکە بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی دەرەوەی کارو کەسایەتیش لە بەرامبەر ئەو کارە داسەپێنراوەدا، وەکوو ئەوە وایە لێی رابکا، یان وەکو پەتایە بژی. ئەو کارەیش کە لە دەرەوەی خودی کرێکارو بواری داهێنانیەتی، مرۆڤ لە پێستی خۆی دەردێنێ، قوربانیدانە بەو رەنجو ئازارە، دوای سیفەتی دەرەوەیی کار، ئەمە پیشانی کرێکار دەدا کە نەتوانێ ژیان بۆ بوونی راستەقینەی خۆی بگوزەرێنێ، بەڵکو لەم کارە ناچارییەیدا لە بوونێکیدیدا دەژی کە بوونی خۆی نییە 10.

مارکس تیۆری جەبر لە کارو زیندەبایی، لە دژایەتی نێوان کرێکارو کار هەڵهێنجاوە، کە ئەم دژایەتییە لە نێوان هونەرمەندو کارەکەیدا نییە. گومانی تێدا نییە کە ئەندێشمەندی داهێنەر، ملکەچی یاسا گشتییەزاڵەکانی کۆمەڵی سەرمایەدارییە وەکو: (یاساکانی خستنەڕووو داواکاریی‌و..تاد.) بەڵام کاری ئەندێشمەند بەوە جیادەکرێتەوە کە مۆرکێکی دیاریکراوی هەیە. ئەگەر باروبۆخی دەرەوە، کرێکار ناچاری کارکردن بکا، ئەوە هیچ شتێک نییە هونەرمەند ناچار بکا تابلۆکانی وێنەبکێشێ‌و شیعرەکانی بهۆنێتەوەو سمفۆنیاکانی دابنێ، هونەرمەند ملکەچی ئەو شتانە نییە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک ملکەچی ئاتاجەکانی ناوەوەی خۆیەتی.

مارکس لە مەلحەمەی «مۆسیقاژەن»، کە بە شیعر هۆنیبوویەوە هەروەها لە گوتارێکدا کە لە گۆڤاری «لاگازیت رینان»دا بە ناونیشانی: «لێدوان دەربارەی ئازادیی رۆژنامەگەری» نووسیبووی، ئەو پاڵپێوەنەرە ڕوحییەی تۆمار کردووە کە پاڵ بە هونەرمەندو نووسەرەوە دەنێ بۆئەوەی خۆی بخاتە خزمەتی نموونە بەرزەکانی‌و گیانی لە پێناودا بکاتە قوربانی.

نووسەر نابێ ئەو شتەی دەینووسێ بە وەسیلەی لەقەڵەم بدا، ئەوەی دەینووسێ خۆی لەخۆیدا ئامانجە.

«ئەوەی دەینووسێ هەندێک لە وەسیلەی تیایە، بۆ خۆیی‌و خەڵکی تر، بەڵام گەر پێویستی کرد، قوربانی بە بوونی خۆی دەدا، لەپێناوی بوونی ئەو شتەی دەینووسێ»

«لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوەی دەینووسێ کەمێکی وەسیلەیە بۆ ئەو خەڵکانەی بۆیان دەنووسێ. ئەگەر (ئامۆژگار)ی ئاینی ئەو نموونەیە بپەرستێ کە دەڵێ: «زێتر ملکەچی خوا

بن وەک لە خەڵکە نووسەر دەبێ یەکەم شت ویژدان رەچاو بکا لەوەی دەینووسێ، ئینجا ئەو خەڵکانەی لە چوارچێوەیاندا دەژی، بەو ئاتاج و ئارەزووە ئینسانیانەی لە دەروونیدایە»11»

لێرەدا دەبینین ئایدیای مارکس رەنگدانەوەی روخسارێکی دیاریکراوی ئایدیالییە، بەڵام نابێ وا لێکی بدەینەوە کە ئەمە بیانوو هێنانەوەیە بۆ تیۆری هونەر بۆ هونەر، کە مارکس هەرگیز ئەمەی نەگوتووە. ئەگەر مارکس لەوە دەدوێ کە هونەر بە نیسبەت هونەرمەندەوە خۆی لە خۆیدا ئامانجە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرگریی لە ئازادیی نووسەر کردووە، ئامانجی دەرباز کردنییەتی لە سازشی بازرگانی و بۆگەنی و کۆیلەیەتی، کە هەموو ئەمانە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا هونەرمەند دەخەنە مەترسییەوە.

هونەر لای هونەرمەند ملکەچی و سەرشۆڕی نییە بەڵکو هونەر بە نسبەت هونەرمەندەوە دەربازبوون و کەماڵە، دیمەنێکی یەکانگیربوونی دیالەکتیکانەیتی لەگەڵ سروشتدا و لە کاتی پرۆسەی ئافەریدەکردنی هونەریدا ئازادی خۆی دەدۆزێتەوە، کاتێکیش بەرهەمە هونەرییەکە سەربەستی دەبەخشێتە هونەرمەند، جیهانی دەرەوە ئەو سەربەستییەی لێ زەوت دەکا.

بەڵام ئەو نامۆبوونەی کە لەناو کۆمەڵدا بڵاوبوتەوە، بە نیسبەت کۆمەڵەوە هۆکارێکی هەژاری و لەخۆ دابڕان و پاشەکشە و خنکانە، بەڵام لە کاری هونەریدا رووەو نەمان و ئاوابوون دەچێ.

هونەرمەند لە هونەرەکەی نامۆ نابێ، واتە خۆی و هونەرەکەی لە یەک ریزو لەناو یەک یەکێتی دان.

بە پێچەوانەی کرێکار ــ کرێکار کاڵا بەرهەم دێنێ، دوایی هەر ئەم کاڵایە لێی نامۆ دەبێ و لە بەرامبەریدا دەوەستێ و بۆ ریزی سەرمایەداری وەردەگۆڕێ و لە دەستی سەرمایەداردا دەبێتە دوژمنێکی درندەی. ئەگەر هونەرمەندیش هونەرەکەی لە نامۆبوون پاککردەوە، خۆ ناتوانێ لە کۆمەڵ پاکی بکاتەوە. پارە هەمیشە سوڵتانێکی هەبووە، سۆفۆکلیز، لە شانۆگەری «ئەنتیگۆن»و شکسپیر لە «تیمۆنی ئەسینا»و گۆتە لە «فاوست»دا، وەسفیان کردووە کە دەسەڵاتێکی بێزراوەو مرۆڤایەتی مرۆڤ تێک دەشکێنێ و ئەو پێوەندییە ئینسانییانەش لێک دەپچڕێنێ کە لەسەر پایەی خۆشەویستی و سۆزو زیرەکی و کار وەستاوە.

ئەو هونەرمەندەش کە خۆی لە سوڵتانی پارە پاکدەکاتەوە، خۆی لە بارێکی سەنگەر گرتووی دژ بە کۆمەڵی بۆرژوایی و ئابوورییە سیاسییەکەیدا دەدۆزێتەوە؛ چونکە هونەرمەند بوونی خۆی نابەخشێتە ئەقیدەی سەرمایە بەڵکو دەیبەخشێتە ئەقیدەی جوانی، بوونی خۆی ناخاتە پێناوی سەروەت و سامان، بەڵکو دەیخاتە دوای نموونە بەرزەکانی، ئەو بوونەش لە پێناو چەوساندنەوەی خەڵکدا دانانێ، بەڵکو بوونی خۆی لە پێناوی رزگارکردنی ئایدیۆلۆژییان تەرخان دەکا.
هونەرمەند لە جیاتی کۆکردنەوەی پارەو سەروەتی ماددی؛ گەشە بە کەسایەتی خۆی دەدا، ملکەچی سۆزییەتی، سەر بۆ بەرژەوەندی تایبەتی دانانەوێنێ.لە جیاتی ئەوەی لە کۆت و پێوەندیشدا بێ، خۆی رزگار دەکا، بەڵام وازهێنانی لە بەرژەوەندی تایبەتی رووبەڕووی کۆمەڵێ رەخنەی دەکاتەوە، چونکە دەرچوونی لە یاسا ئابوورییەکانی کۆمەڵگای بورژوایی دەیخاتە ناو

کۆمەڵێ گیروگرفت لەگەڵ ڕژێمی کۆمەڵایەتی، زۆریش ئایا ئەوانەی لەسەر خوانی سوڵتانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگای بۆرژوایین، سووکایەتی پێدەکەن، بە تاوانی خوا ئەناسی و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەهاکانی ناو کۆمەڵ ناوی دەزڕێنن و مامەڵەی خوانەناسیکی دەرهەق بە کۆمەڵ لەگەڵدا دەکەن.

ئایا کۆمەڵگای سەرمایەداری بە زەرورەت دژی هونەر نییە؟ ئایا هونەر بە خۆشگوزەرانییەکی بێ کەڵک لەقەڵەم نادا؟ ئایا کۆمەڵگای سەرمایەداری دژایەتی هونەرمەندان ناکاو بە مشەخۆرو یاخیبوویان ناژمێرێ؟ ئایا لە خەرمانەی چالاکییان دانامالێ، کە تائێستاش مرۆڤایەتی ڕێزی لێ دەنێ و بە پیرۆزی گرتووە؟ ئایا شاعیرو زانایان بەکرێ ناگرێ؟«12»

کۆمەڵگای سەرمایەداری بەهرەی پشتگوێ خستووەو بیزی لێ دەبێتەوەو هاڕیویە، ملکەچی شەق و زەوقی دەوڵەمەندان و نارەزووی بلاوکەرەوەکان و ڕەخنەگران و ئاهەنگ سازان و تابلۆ فرۆشەکان و موزارییەکانی کردووە. پایەیەکی بەرزی بۆ ئەوهونەرەی ـــ هیچ نرخێکی نییە، داناوە. چێژی هونەریش بۆ چینێکی بەختەوەر کە توانای چێژلێوەرگرتنی نییەو جەماوەریش لە ڕۆشنبیری هونەری بێبەش کراوە.

ئەو هونەرمەندەی شۆڕشێکی تاکەکەسی بەرپادەکاو شۆڕشەکەی پێوەندی بە خەباتی زەحمەتکێشانەوە نییە، شۆڕشەکەی بێ سوودە، بۆچی دەبێ شۆڕشی هونەرمەند هاوپێوەندیی شۆڕشی زەحمەتکێشان بێ؟ چونکە زەحمەتکێشان، لە چەوساندنەوەو هاڕینی خۆیان، یاخی بوون دژی هەموو هاڕینێک بەرجەستە دەکەن، ناشتوانن خۆیان ڕزگار بکەن، بە ڕزگارکردنی هەموو چینەکانی کۆمەڵ نەبێ، کە چینەکانی تریش وەکو ئەو قوربانیی نامۆبوونن.«13»

هونەرمەندیش کە بەزۆر هۆکارە بەرپەرچدەرەوەکان دەبوێرێ، کارە هونەرەکەی دەهێنێتە دی.

«کاتێکیش گەشەکردنی ئازادانەی هەرکەسێک دەبێتە مەرجی گەشەکردنی کۆمەڵ»«14»، ئەو کاتە بە هاتنەدی هەردووکیان ، گیروگرفتی گشتی مرۆڤ و گیروگرفتی تایبەتی هونەرمەند نامێنێ.

ئەمەیە ئەو ڕێبازەی کارل مارکس وێنەی کێشاوەو لەو ڕوانگەیەوە ئەو شتەی بینیوە کە ژیان دەشێوێنێ. مێژووی ئەدیب و هونەرمەندانیش بە درێژایی چاخەکان جگە لە زنجیرەیەکی درێژی سووکایەتیپێکردن و شکانیان هیچی دی نەبووە. لەبەر ئەو هۆیەش هەمیشە دەیانبینین جیهانێکی ڕزگارکراو لە دژەکان و نامۆبوون و ستەم دێننە بەرچاویان. «هەستی مرۆڤیش لەگەڵ ئەم هەموو دەوڵەمەندییە دەگونجێ کە بوونی مرۆڤی تێدا دەشەکێتەوە»«15»

دوژمنانی سۆشیالیزم لافی ئەوە لێدەدەن، کە یەکسانی دەخەنە نێوان خەڵکەوەو لە یەک قالبدا حیسابیان بۆ دەکەن و قوربانی بە بەهرە دەدەن و پشتگوێی دەخەن. (ماکس شتیرنەر)ی لە کتێبی «Lunique et sa propriete» هێرش دەباتە سەر سۆسیالیزم و دەڵێ: ئەو کارەهونەرییانەی کە هونەرمەندێک دەتوانێ بیهێنێتەدی، جیا لەو کەسێدی ناتوانێ ئەوە بکا، چونکە کارەهونەرییەکە زادەی بەهرەیەو ناتوانێ ملکەچی ڕێنخستن و ڕێسای کۆمەڵ بێ. کێ دەتوانرێ لە

هەواڵنامەی کتێب

جێی (مۆزار) یا (رافاییل) دابنرێ؟

مارکس و ئەنگلس وەڵامی قسەکەی شتیرنەریان دایەوە و گوتیان: «گیروگرفت ئەوە نییە هونەرمەندێک بخەینە جێی رافاییل، بەڵکو گیروگرفت لەوە دایە کار بۆ هەموو کەسێک دابین بکرێ، تا هەرکەسێک بەهرەی رافاییل لە دەروونی خۆیدا هەڵگرێ و لە ئازادیدا ئەو بەهرەیە گەشە پێ بدا»‹16›

مارکس و ئەنگلس بانگەوازی خەباتیان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەک راهێشت، کە سنوور دابنێ بۆ بوارتەسکی گەشەکردنی پیشەیی و دابرانی هەندێ خەڵک و بێخەبەری هەندێکی دی و «چڕکردنەوەی بەهرەی هونەری لای هەندێ کەس و خنکاندنی لە لای جەماوەری بەرینی خەڵک»‹17›

مارکس و ئەنگلس، ئاگاداریان کردووینەتەوە لە خۆهەڵدانیانی بۆرژوازییانە، یان «وەسفی چێشتی دوارۆژ»‹18›، سەیریان کرد کە هەڵوەشاندنەوەی چینەکان و موڵکایەتی کۆمەڵایەتی سەرچاوەکانی ئابووری، زامنێ بۆ چاککردنی هەلومەرجی کار و سروشتەکەی، بە هاوپێوەندی لەگەڵ ئەمەشدا، کارتێکردنێکی قووڵ لە رۆشنبیری و زانست و هونەر بەدی دێ، کە تێیدا هەموو خەڵک ئاسوودە و دڵنیا دەبن.

ئیمکانییەتی ئەوەی بتوانین بەهۆی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ و بۆ هەموو کەسێکی کۆمەڵ، ژیانێک دابین بکەین، کە تەنها لەرووی مادییەوە بە کاملی تێر بکرێ و سامانی تاکەکەسیش رۆژلەوای رۆژ زیاتر بکرێ، بەڵکو دابینکردنی پشکوتنی ئامادەیی خەڵکو کەسان، لە رووی جەستەیی و ئایدیۆلۆژی و بەکاربردنی تەواو ئازادانەشی تێدا بێ، «ئەو ئیمکانییەتەش بۆ یەکەمینجار ئێستا لە ئارادایە»‹19›

سەرچاوەکان:

‹1›مارکس «ئامێلکە ئابووری و فەلسەفییەکان»

‹2› ئەنگلس «دیالەکتیکی سروشت»

‹3› مارکس «ئامێلکە ئابووری و فەلسەفییەکان»

‹4› ئەنگلس «دیالەکتیکی سروشت»

‹5›مارکس «ئامێلکە ئابووری و فەلسەفییەکان»

‹6› هەمان سەرچاوە

‹7› هەمان سەرچاوە

‹8› هەمان سەرچاوە

‹9› هەمان سەرچاوە

‹10› هەمان سەرچاوە

‹11› هەمان سەرچاوە

‹12› مارکس و ئەنگلس «مانیفێست»

‹13› مارکس بەشدارییەک لە رەخنەی فەلسەفەی هەقی هیگل»

‹14› مارکس و ئەنگلس «مانیفێست»

‹15› مارکس «ئامێلکە ئابووری و فەلسەفییەکان»

‹16› ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی

‹17› هەمان سەرچاوە

‹18›مارکس «کەپیتاڵ» پێشەکی چاپی ئەڵمانی

‹19› ئەنگلس «ئەنتی دوهرینگ» ل321

# دیدەنییەک لەگەڵ
# داهێنەری مەمەدە بچکۆل دا

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: **کەمال مەعروف**

« کەمال ڕێبازی ستاندالی گرتووە »

(یەشارکەمال)م لە خانووە تازەکەی ئەستەنبووڵ لەگەڵ ژنەکەی (تیلدا)بینی، کە ڕۆمانەکانی بۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. بابای تۆزۆسی لەوپەڕی خۆشحاڵیدا بوو.هەردەم بە وەفای ناوو ناوبانگەکەیەتی. هەلێکی باش بوو، بۆ وەرگرتنی بیروڕای چیرۆکنووس بە تایبەتی لە کاتی دەرچوونی بەرگی چوارەمی مەمەد لە فەرەنسادا، کە بریتییە لە وێنەیێکی چەتەگەرە ئابڕوومەندەکانی دەریای ناوەڕاست.

« لە شەڕی یەکەمی گیتی‌دا خێزانەکەم ناوچەی «گۆلی ڤرمن»ی بەجێ هێشت، بەڵام خۆم لە چوقورووئاوا لە دایک بووم. لەگەڵ حیکایەتی چەتەگەریدا پەروەردە بووم کە دایکم بۆی دەگێڕامەوە، خاڵۆکانم لە دژی بێ دادیو زۆرداری دەرەبەگەکان ڕاپەڕین، یەکێکیان کە «ماهر» بوو، بە دەستی جەندرمەکان کوژرا، کە تەمەنی لە بیست‌وپێنج ساڵ تێ پەڕی نەکردبوو، تاکو ئێستاش ئازایەتی وی گۆرانی سەر زاری دەنگ بێژەکانە.

لە ساڵانی سیدا زۆربەی چەتەگەرەکان کە وەرزێری هەژاری شۆڕشگێڕ بوون بە کێوەکانی تۆرۆسەوە دەسووڕانەوە. زۆرجار لەلایەن باوکمەوە مێوانداری دەکران، نەک بە مەبەستی دژایەتی‌کردنی کاربەدەستان، بەڵکو لە ڕووی کەرەمەوە بوو، شانازیم پێوە دەکردن. کە ئەو کاتە تەمەنم حەوت ساڵان بوو»

«جۆرێ لە مەسیح»

بە دوورودرێژی لە داستانی کوڕئۆغلو (کوڕە کوێر) دواین، کە شوێنێکی گرنگی هەیە لە داستانە سەرزارەکییەکانی گەلانی تورکیادا، بە تایبەتی لە ئەنەدۆل کە بە شێوازی جوداواز لە لایەن دەنگ‌بێژەکانەوە دەگوتران، بەر لەوەی بڕیاری یەک شێوە نووسینیان بەسەردا بدرێ.

بە درێژایی شەوانی زستان یەشار کەمال لە گوندی‌دا گوێی لە باسی کوڕئۆغلو دەگرت، کە بە هەوێنو دەروازەی چیرۆکی مەمەدە بچکۆلی دەزانێ.

«دوای تەواوکردنی سەرەتایی، زۆر حەزم دەکرد دوای شایەری میللی ئاسک رەحمی بکەوم، تا لە ژێردەستی ئەودا فێربیم، بەڵام بە هیچ شێوەیێک ئەوەم بۆ نەدەلوا، چونکە دایکم ئارەزووی نەبوو گوێ لەم شایەرە بگرێو بەلایەوە شتێکی زۆر بێ نرخ و پڕوپوچ بوو، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەکو من کە کوڕی سادق ئاغای گەورە بووم، بۆیە دایکم عودەکەی لێ شکاندم. بەم شێوەیە لە جیاتی دێ بە دێ دوای ئاسک رەحمی بکەوم، چووم ئەدەنە بۆ خوێندنی قوتابخانەی ناوەندی، زۆری پێ نەچوو پاش ساڵێک وازم لێ هێنا. ئەگەر توندو تیژی دایکم نەبووایە لە یەکێک لە گوندەکانی تۆرۆسدا گۆرانی چەتەگەری کوڕئۆغلوی شۆڕشگێڕم دەگوت! بە هەرحاڵ با بگەڕێینەوە سەر پاڵەوانی چیرۆکەکەم کە کەمێ جیاوازە لە کوڕئۆغلو، شۆڕشگێڕە، لە هەمان کاتیشدا مەسیحە لە بەرگی گیڤاراو شێخ بەدرەدین‌دا، کە لە وزەی دایە یاخی ببێو شۆڕش بکات، هەروەها مرۆڤێکی دەروەستیشە».

یەشار کەمال چیرۆکنووسێکی بەتواناو داهێنەرە، شانازی بە ووشە رەنگاو رەنگو جۆری گێڕانەوەی رووداوەکانییەوە دەکات. هەندێ جار پێی لێ هەڵدەبڕێ، دەنگو رەنگێکی کاریگەرە زۆر بە سۆزەوە باسی شوێنی لە دایک بوونی (چووقووروئاوا) دەکات، کە لە بەشێکی زۆری رووداوەکانی رۆمانەکانی‌دا دووپات دەبێتەوە.

«هەندێ دیاردەی ئەم چەرخە سەیرو سەمەرەیەم کێشا، بەخت یارم بوو لە ژیانو یاداشتکردنی گەورەترین کارەسات کە دۆڵی چووقووروئاوا بەخۆیەوە بینی. خۆم بە شایەدی ئەم قۆناغی گواستنەوەیە دەزانم، کە کۆنو نوێ پێکەوە هەڵدەکەنو تیشکو رووناکی بە هەموو لایەکدا بڵاودەکەنەوە».

چیرۆکنووس لێهاتووانە هەڵوێستی جێ نشین کردنی کۆچەرەکانو کۆکردنەوەی زەویو زارێکی یەکجار زۆر لە ژێر چنگی خێڵە ئوروستوکراتییەکان، کە وردە وردە بوون بە چینی دەرەبەگ دەخاتە روو، لەگەڵ کۆچ پێکردنی خێزا لە دێوە بۆ شارو کردنی جووتیارە هەژارەکان بە شێوەیێکی سەر سوڕهێنەر بە کرێکار، بە تایبەتی بەکارهێنانی ئامرازی نوێ لە کشتوکاڵدا بە یارمەتیی پلانی مارشاڵ.

« پەیدا بوونی ئامرازی کشتوکاڵی بوو بە هۆی گۆڕینی شێوەی سروشت، زۆنگاو زەلکاوە گەورەکان کە شوێنی هەزارەها مەگەزو باڵندە بوون ووشک کران، چونکە سەرمایەدار پێویستی بە زەوی کشتوکاڵی بوو، هەروەها دارستانی بەرووو کاژ کە جەوەت پاشا لە کتێبەکەیدا باسیان لێوە دەکات لە رەگو ریشەوە هەڵکێشرانو بەسەر ئەسپە کێوییەکاندا زاڵ بوون».

کاتێ گوێی لێ دەگرم، واتە لە یەشارکەمال، خەیاڵ دەکەم وەک دەروێشی بێ، سەید ناکچاساز، کە بە سەدان ئەسپ سواری تورکمانی دوای ئەسپە شێی خۆیو هاوڕێکانی دەکەون، وەکو با لە پێش چاویاندا بزردەبن، ئەو ئەسپە جوانانە کە ئیمڕۆ لە ئارادا نەماون، کاریان دەکردە سەر گیانیو زۆر لای خۆشەویست بوون. کاتێ خاوەنی چیرۆکی «سەید ناکچاساز» جوگرافیای پڕ لە سۆزو ئەوینی خاکەکەیم بۆ دەگێڕێتەوە گێڕانەوەیەکی هونەری

ئەو تۆو بە هەستو سۆزێکی یەکجار قووڵی دەروونی، مەگەر ئەو هەستە لای شاعیرانی گەورەی میللی ببیندرێ، کە چۆن باس لەو بەهەشتە وون بووەی منداڵی خۆی دەکاتەو قورسایی دەخاتە سەر مەسەلەیێک کە تاکو ئێستا بوونی لە تورکیادا قەدەغەیە.

«لەسەر لاسایی کردنەوەی سەر زارەکی بەردەوام نەبووم» «راستە من زۆربەی ژیانم لە ئەستەنبووڵ بەسەر بردووە، کەمتر لە چووقوورئاوا ژیاوم، بەڵام کارتێکردنی ئەو ناچەیە هەتا هەتایە بەسەرمەوەیەو منی کرد بەو پیاوە. ئەگەرچی هەندێ جار روو دەدا لە پەرتووکەکانی دوایی‌مدا، ئێوەی ئەستەنبووڵ بێنم، بەڵام لە راستی‌دا ئاشکرا دەردەکەوێ کە هەموو شتێ دەگەڕێتەوە بەرەو گرەزمردەی چووقوورئاوا. لەوێدا بۆ یەکەمجار گوێم لە زمانی کوردی بوو، لە ماڵەوە بە زمانی کوردی قسەمان دەکرد، بەڵام لە ناو گوندا تورکی باو بوو. لەسەر زمانی تورکی بەردەوام بووم، ئێمڕۆ لە زمانی کوردی تێدەگەم، بەڵام ناتوانم پێی بنووسم. ئێستاش ئاوازە بە سۆزەکەی دەنگ بێژی میللیمان عەبدالی زیناکی لە گوێچکەمدا دەزرینگێتەوە، کە سەربردەی ژیانیم لە چیرۆکی «زەوی ئاسنو ئاسمانی مس»دا خستۆتە روو. ئاوێراو کە دەهاتە ماڵمان بە سەدان داستانی کوردی بۆ دەگێرامەوە، من بە هۆمیرۆسی کوردی دادەنێم، بە ئاسینی زۆر شانازی دەکەمو لە ژێر دەستی ئەودا فێر بووم».

رەسەنایەتی‌و نوێ بوونەوە دوو کلیلن بۆ کردنەوەی دەرگای بەرهەمەکانی یەشار کەماڵو بە ستنەوەی بە گێرانەوەی داستانی‌و گۆرینی ناوەوەی چیرۆکنووس، کە زەمینەی لە دایک بوونی رۆمانەکانی چێ کرد.

«خەڵکی بە چیرۆکنووسێکی لادێ شێواز ئەورووپایی ناوم دەبەن». دێتە یادم لەم بارەیەوە گفتوگۆم لەگەڵ کرابوو، بەم شێوەیەوە روونم کردبۆوە:

«کەس لە مەبەستی من نەگەیشتووە، ئەوەی دەمەوێ پێی هەڵسم لە بنچینەدا ژیانو رەنگین بوونە لە هەموو بارێکەوە، بەڵام ئەوەی گرنگترە بە لامەوە لە پێش هەموو شتێ سروشتەو پەیوەندی مرۆڤەو بە سروشتەوە. من بەردەوام نەبووم لەسەر لاسایی کردنەوەی داستانی سەرزارەکی، من رۆمان نووسمو زۆر تر لە «ستاندال» فێر بووم وەک لە شایەرانی ئەنەدۆڵەوە، هەر چەند ئەوان بنەماو مامۆستام بوون، چونکە وانەبوایە نەمدەتوانی جیهانی رۆمانەکانم بە شێوەی ئێمڕۆ دارێژم، ئەگەر لەسەر شێوەی پێشوو بمابامەوەو رێبازی دۆستۆفسکی‌و ستاندالو فۆکنەرم نەگرتابایە».

دواندنی یەشارکەمال داهێنانە، هەر چەندە ئەگەر هەندێ جار دەمارگرتنی تێدا بێ، یاخود بیرو رای لەگەڵ تۆ دا نەگونجێ، بابایەکی پڕ هونەرە بە جۆرێکە کە دەتهێنێتە رێزی خۆی لە جیهانی سیحربازی‌دا *

* ئەم دیمەنییە لە لایەن ئەدیم گوربێلەوە ئامادە کراوەو لە رۆژی 25 / 8 / 1990 ، لە رۆژنامەی ئەڵمانی فەرەنسایدا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆمانی نوێ... مرۆڤی نوێ

ئەحمەدی مەلا

ئەدەب بە هەموو جۆرەکانییەوە لە گۆڕانکارییەکی هەمیشە دایە، لە هەموو سەردەمێکدا لە فۆرمێکدا دێتە بەرهەم: ئەدەبی بارۆک، ئەدەبی کلاسیکیو چەرخی ڕووناکیو سەدەی ڕۆمانسیو لەوێشەوە سوریالییەتو پاش ویش تەقینەوەی جۆرە ئەدەبییەکان.

ئەو شێوە نووسینانە پێوەندییان بە تەزووە فیکرییەکانی سەردەمەکانی خۆیانەوە هەیە. ئەو ڕۆمانانەی کە لە لایەن ڤۆلتێرەوە نووسراون، کە بە ڕۆمانی فەلسەفی ناودەبرێن، پێوەندییان بە چەرخی ڕووناکییەوە هەیە، ڕۆمان وەکو قوتابخانەیەک لە ڕێگەیەوە ڤۆلتێر بۆچوونو فەلسەفەی خۆی ڕوون دەکردەوە، یا ڕۆمانەکانی بەلزاک یا زۆلا پێوەندییان بە چەرخێکەوە هەیە کە بۆرژوا لە لوتکەی بزووتنەوەی خۆیدا بوو، کە بە ڕۆمانی ڕیالیزم ناودەبرێت.

ڕۆمانی نوێش مۆرکی ئەم سەردەمەی ئێمەیە! کێشەی حیکایەتخوان دەکاتە چەقی لێدوانی، جێگۆڕکێ کردن بە حیکایەت خوان، سیستەمی زنجیرەی ڕووداوەکان، پرینسیپی قارەمان، لۆژیکی ڕووداو، ئوفیسیانسی حیکایەت خوان، شیکردنەوەی کارەکتەرەکان، یەکێتی فۆرم. گشت ئەم لایەنانە سەر لەنوێ دەخاتە ژێر توێژینەوەو بە جۆرێکی دی لێیان دەدوێت.

پێویست دەکات هەندێ دەربارەی ڕۆمانی کۆن قسان بکەین (مەبەست لە ڕۆمانی ڕیالیزمە، وەکو ڕۆمانەکانی بەلزاک، زۆلا، نەجیب مەحفوز، بەش بە حالی ئێمەش لەبەر ئەوەی ڕۆمان لەسەردەمی سەرهەڵدانییەتی، لەبەر هەندێ ناتوانین وەکو نموونە بیانهێنینەوە، نموونەی «شار»ی حوسێن عارف دەگرێتەوە). لە ڕۆمانی کۆندا، حیکایەت خوان لە جێگەیەکی چەسپاودا دادەنرێتو حیکایەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ڕووداوەکانیش بە شێوەیەکی زنجیرەیی یەک لە دوای یەک دێن. هەروەها قارەمانو کارەکتەرەکانیش مرۆڤی ناسراون، وەکو تەمەنی کارەکتەر، باڵای، مێژووی، باروودۆخی کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕی سیاسی..هتد. حیکایەت خوانیش ئوفیسیانسە،

مەبەستیش لە نوفیسیانس، کە زانیاری دەربارەی هوردو درشت هەیە، دیدمیەکی هەمەلایەنەی بۆ دەوروبەرو رووداوەکان هەیە، لە شتی گەورەو بچووک هورد دەبێتەوە. کاتێ «هۆگۆ» بەشی «واترلۆ» دەنووسێتەوە کە بەشێکە لە رۆمانە بەناوبانگەکەی «کەساسەکان» بە خۆی دەچێتە ئەوێو بە شێوەیەکی زیندوو پەیوەندی لەگەڵ گۆڕیانی «واترلۆ» چێ دەکاتو دەینووسێتەوە. لە رۆمانی کۆندا یەکێتی فۆرم، توخمێکی گرنگەو پێویستە سەرتاپای رۆمانەکە لەو فۆرمە لانەدات کە نووسەر پێشتر بۆی کێشاوە.

ئەم هاوکێشانە لە رۆمانی نوێدا بە سەرەو لێژی تەماشایان دەکرێت، یا چاکتر وایە بڵێین لە گۆشە نیگایەکی ترەوە لێی دەڕوانن. دەقو چۆنیەتی چنین بە گرنگترین توخم دادەنرێت لە رۆمانی نوێدا. هیچ جۆرە جیهانێکی دیکە لە پشت جیهانی دەقەکەوە خۆی مەڵاس نەداوە. رووداوەکانیش رووداوی ووشەنو کارەکتەرەکانیش رێزمانین. فەزاو کاتی نووسینیش، فەزاو کاتی رۆمانەکەیە.

هەرچەندە سارتر لە کتێبی «ئەدەب چییە»دا خۆی دەکاتە خاوەن تیۆرییەک دەربارەی ئەدەبویاس لە ئیلتیزامی نووسەر دەکات، ناتوانێ لە رەسەنایەتیی «بیتۆر» و «ناتالی ساروت» ئەدوێت کە هەریەک لە نووسەرانی رۆمانی نوێ دەژمێردرێن. ئەم ئاماژەیە ئەوە دەگەیەنێ کە رۆمانی نوێ سنووری تیۆری ئەدەب دەبەزێنێ. هەروەها ئەم خاڵەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کتێبی «ئەدەب چییە»ی سارتر کتێبێکە خاوەن مێژووی تایبەتی خۆیەتیو مۆرکی سەردەمەکەی خۆی پێوەیە.

رۆمانی نوێ هیچ تیۆرییەک ناکاتە بناغەی خۆی، گەڕانێکە خۆی خۆی دروست دەکاتو هیچ جۆرە یاسایەکیش بنیات نانێت. مێژوو یا بەسەرهاتێکی دیاریکراومان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو خۆی دەبێتە بەسەرهات. کردارێکی خودییەو دەگۆڕدرێتە کردارێکی بابەتی، پێش نووسینی رۆمانەکە هیچ جۆرە بابەتێک لە گۆڕێدا نیە، هیچ سکێچێک نەکێشراوە.

ئەم دەستنیشانکردنەی سەرەوە بووە خاڵێکی بنەڕەتی بۆ گفتوگۆیەکی چڕ، بووە زۆرانبازییەکی گەرم لە نێوان نووسینی کۆنو نووسینی نوێدا. «ئالان رۆب گرییە» لە کتێبی «دەربارەی رۆمانی نوێ»دا بە چەند باسێکی جیاواز وەڵامی زۆر کێشە دەداتەوەو هەندێ خاڵ دەربارەی رۆمانی نوێ روون دەکاتەوە.ئەم گفتوگۆو باسکردنە تەنها دەربارەی فۆرم قسە ناکات بەڵکو دەگۆڕدرێتە کێشەیەکی فیکریو پەیوەندی مرۆڤ بە دەوروبەری خۆیو جیهانی نوێ، هەر بۆیەشە ناویان لە رۆمانی نوێ نا مرۆڤی نوێ. کاتێک رۆمانی ریالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەنووسرا پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئامێرو زانستو شۆڕش بە جۆرێکی تر بوو. چینی بۆرژوا بیانووی خۆی هەبوو لە بەڕێوە بردنی کۆمەڵدا. چینێکی پاکو بزوێنەر بوو. کاتێک دەبینین بەلزاک باسی شت دەکات، پەیوەندی ئەو شتانە لەگەڵ خێزانە بۆرژواکانی فەرەنسا روون دەکاتەوە. هەر هەمان ئەو شتانە لە رۆژی ئێمەدا، هەڵگری هەمان دەلالەت نین، چونکە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ شتدا لە ئاستێکی دیکەدایە. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ شتدا پەیوەندییەکی ساتیو راستەو خۆیە. کاتێک قەڵەمێک دگرینە دەستو نامەیەکی پێ دەنووسین

جیاوازە لەگەڵ ئەو قەڵەمەی لە کتێبخانەیەکدا دانراوە. ئەو پەیوەندی جیاواز دروست دەبێت لەگەڵ قەڵەم. ڕۆمانی نوێ باس لەو جیاوازییە دەکات. ئەو حاڵەتە ڕۆحییەی مەبەستە کە دروست دەبێت لەگەڵ شت شت شوێنی مرۆڤ لە جیهاندا دیاری دەکات. تاکو کێشەکە دەگاتە ئاستێک کە پرسیاری ئەوە بکرێت ئایا ژیانی ئێمە مانای هەیە؟ ئایا جێگای مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە کوێیە؟ بێگومان ئەم پرسیارانە هاوکێشەی نوێ دێننە کایەوە. هیچ وەڵامێکیش زاتی ئەوەی نییە خۆی بە تاقە وەڵام بزانێت. کەواتە تەنها فۆرمێک نییە بۆ نووسینی ڕۆمانی نوێ، وەکو ڕیالیزم یا ڕیالیزمی سۆشیالیست یا هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی تر. هەر ڕۆمانێک خاوەنی فۆرمی خۆیەتیو بەرگری لە خۆی دەکات. کەواتە چۆن دەتوانین بەو فۆرمانەی بەلزاک یا مەحفوز یا حوسێن عارف ڕۆمانی پێ دەنووسن باسی مرۆڤی نوێ بکەینو باسی جیهانی نوێ بکەین؟

لە وەتەی مرۆڤ دەرک بە بوونی خۆی دەکات، پرسیارو وەڵامی خۆی هەبووە بۆ ژیان. بۆ نموونە لای کلاسیکییەکان پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ترخاندنی مرۆڤ بە جۆرێک بووە، کە هەوڵی چەسپاندنی چینە دەست ڕۆیشتووەکانی داوە. ڕۆمانسییەکانیش مرۆڤ لە شوێنێک دادەنێن کە پەنا بەرێتە بەر خەونو گرفتی کاتو لە ناوچوون. سریالیستەکانیش لە ناو تەوژمی نا هۆشیاریدا خۆیان نوقم دەکەنو لە وێوە لە گەنجینەی نوێ دەگەڕێنو هەر بە دڵیش سەیری مرۆڤ دەکەن. لە لای (کلۆدیل) ئیلهامی خواوەند سەرچاوەی هەموو ڕووناکیو زانستێکە. لەلای (ئەلبێر کامۆ) بێهوودەیی بوون دەبێتە مەودای لێکۆڵینەوەو خۆ خەریک کردن، لە لای موڵتەزیمەکانیش کێشەی ئابووری دەبێتە کێشەی بنەڕەتو لەوێوە بەرەو سۆشیالیزم هەنگاو دەنێن. هەریەکێ لەم بۆچوونو تێڕوانینو قوتابخانانە گۆشەنیگایەکن بۆ ژیان. هەموو ئەمانە وەڵامن بۆ چەند پرسیارێ.

لە لای نووسەرانی ڕۆمانی نوێ، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا پەیوەندییەکی ڕەمزی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ کتوپڕە. دەیەوێ ئەو پەیوەندییە کتوپڕە ڕاستەوخۆیە بقۆزێتەوەو لەو حاڵەتە ڕوحییە بدوێت کە لەو پەیوەندییە دروست دەبێت.

زۆرجاران ڕەخنە لە نووسەرانی ڕۆمانی نوێ دەگرن کە گوایە شت بەشێکی فراوان لە نووسینەکانیان داگیر دەکات. ڕاستە شت لە ناوو هەوای ڕۆمانی نوێدا، دەبێتە توخمێکی سەرەکی. بەڵام مەودای مرۆڤ تەسک نا کاتەوە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە شت لە جێگای مرۆڤ دادەنرێت. بەڵکو شت مرۆڤ دیاری دەکات. شت بە بینین دروست دەبێت، واتە دەبێتە هەڵگری دەلالەتێ کە ئێمە دەیدەبینی. ئەگینا شتی نەبینراو هیچ مانایەک نا بەخشێ. شت بەبێ مرۆڤ دەبێت بە بەرجەستەیەکی مردوو. چا ناتوانرێت باس لەو حاڵەتانە بکرێت پێش دروست بوون. کاتێ بەرامبەر درەختێک ڕادەوەستین، ئەو درەختە دەتوانێت نەخشەی ئێمە دیاری بکات، نەخشەی ئەو ساتەی کە خۆمان بەرامبەر ئەو درەختە دەبینینەوە. ئەمەش لەخۆ بوێرییی ڕۆمانی نوێ دەگەیەنێت بەرامبەر جیهان چونکە نایەوێ پێش وەخت باس لە هەندێ شت بکات کە دروست نەبووە. بە پێچەوانەی باسی سیاسی.

کە هەمیشە شتە ناسراوەکانمان پێ دەناسێنێتەوە.

ڕۆمانی «هێلنجدان»ی سارتەر بە سەرەتای ڕۆمانی نوێ دەژمێردرێت، قارەمانی ڕۆمانەکە (ڕۆکانتان)ناوێکە شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانین. تەنها ئەوە نەبێت، کە قژێکی مەیلەو سووری هەیەو تەمەنی سی ساڵ دەبێت. (ڕۆکانتان) پێش ڕۆمانەکە، کارەکتەر نەبووە، بەڵکو لەگەڵ نووسینەکەدا گەشەدەکاتو پەرە دەسێنێ. بەو واتایەی کە خۆی خۆی دروست دەکات.

بە پێچەوانەی ڕۆمانی کۆنەوە، کە پێش وەخت، نەخشەی کارەکتەرەکان دەکێشرێت. بۆ نموونە: (ئۆژێن ڕاسنیاک)ی (باوکە گۆریۆی)ی بەلزاک قوتابییەکی لاوە، لە پاسا دەخوێنێ، باری کۆمەڵایەتیو پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵی پاریسدا بە جوانی لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی دەربارەی خوشکو داکو بابی زانیاری پەیدا دەکەین.

دەتوانین بە کورتی بڵێین بەلزاک چیرۆکی (ئۆژێن ڕاسناک)مان بۆ دەگێڕێتەوە. ئالەم بارەیەوە (ژان ریکاردۆ) دەڵێت: «ڕۆمانی نوێ سەرەڕۆیی‌و سەرچڵییە لە نووسیندا نەک نووسینەوەی سەرەڕۆیی‌و سەرچڵی».

بۆ ئەوەی کۆتایی بەم باسە کورتە بهێنین، دەڵێین ئایا ئەم جۆرە نووسینانە چ پێوەندییەکی بە کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەیە؟ ئایا نووسینی لەم بابەتە ئەدەبی ئێمەش دەگرێتەوە؟ دەتوانین بڵێین: ئەمەش پێوەندیی بە نووسەرانی کوردەوە هەیە، تا چ ڕادەیەک لە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەگەن؟ تا چ ڕادەیەک خۆتێهەڵکێشی ئەدەبی جیهانی دەکەن؟ بەلام گرنگترین شت ئەوەیە، پێویست ناکات ئێمە بەلزاکو زۆلاو مەحفوز لە ڕۆمانی کوردیدا دووبارە بکەینەوە. ■

بۆ نووسینی ئەم باسە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

1-pour un Nouvau Roman 1963 Alain Robbe Grillet
2-Problemes du Naurau Roman 1967 Jean Ricardo
3-Le Francais dens le monde\ Octobre 1987 21
4- La Nausee Sartre folio 1989
5- Quest-ce que la litterature ? Sartre-folio 1988
6- Le Rere Goriot. Balzac - folio 1989

هەواڵنامەی کتێب

# باسی خۆرەتاو
# بۆ شەمشەمەکوێرە ناکەم

حەمەسەعید حەسەن

لە ژمارە پێنجی گۆڤاری هەڵوێستدا بە ناونیشانی «دوو چڵی ووشکی دارێکو دوو شتی هێندێ شتی تریش» کاکە وەیس کە لە راستیدا (حەکیم)ی ناوە، شتێکی بڵاوکردۆتەوەو نیازی هەبووە رەخنە لە نامیلکەی «هەڵەبجە غەززەی خەمناکە» کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی نووسەری ئەم گوتارە، بگرێ. من هێندەی پێم بکرێ بە کورتی بیروڕاو سەرنجی خۆم لە سەر وڕێنەکانی دەردەبڕم.

حەکیم لە سەرەتای شتەکەیدا* باس لە ژیانی منداڵی خۆی دەکاتو ئەو دوو لاپەڕەیەی رەشی کردۆتەوە کەمو زۆر پێوەندی بە منەوە نییە، مەگەر تەنیا ئەوە نەبێ کە نووسیویەتی: «دڕکم بە پێدا چوویا پێدەکەنیم.» لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە بە منداڵی دڕک لە پێی چەقیوە پێکەنینی هاتووە، بەڵام ئێستا گەورە بووە، گوڵلەی بەرکەوێ قاقا پێدەکەنێ. حەکیم ویستوویەتی بمتۆقێنێ، بەڵام بە هەڵەدا چووە، لە بری دڕک زڕکو شمشێریش لە خۆی بدات، مێشێک میوانم نییە. ئەگەر لە رووی سایکۆلۆژییەوە سەرنجی ئەو فەرمایشتەی حەکیم بدرێ بە مەرجێ راستی گوتبێ، ئەوا خۆی هاوار دەکاتو دەڵێ: خەڵکینە من ماسۆشیم.

لە دوا دێڕەکانی بەشی یەکەمی شتەکەیدا نووسیویەتی: «کەسێ شێتانە بەرد بگرێتە کوردایەتی من بەرقی تێ ئەگرم.» بەرق بە مانای بروسکە، بروسکەیش— سیمبوڵە بۆ قینی جەماوەر، جەماوەریش کە جامی ئارامی پڕدەبێ، بەرەنگاری ستەمکاران دەبێتەوە. حەکیم وای نەکردووە، لەبەر ئەوەی بارەدەروونییەکەی ئاڵۆز بووەو هەستی بە گۆشەگیری کردووە، لە خۆڕا بێ ئەوەی رەخنە لەوو لە حیزبۆکەکەی گیرا بێ، وەک هەر زمان پیسێکی دیکە کۆمەڵێ جنێوی ریز کردووەو بە ناڕەوا تاوانی دابەش کردووە. حەکیم کە ئەو شیعرە بەرزەی حەزرەتی مەحوی شێواندووە، بەوە ئازاری گیانی نەمری مەحویی

* دەڵێم «شت» نەک گوتار، دواتر بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە ئەوەی نووسیویەتی ناکرێ ناوی گوتاری لێ بنرێ

داوە ، ئەوە شیعری مەحویەو پیرۆزترە لەوەی دەمشرێک بۆ مەبەستێکی پۆخڵ بەکاری بهێنێ.

حەکیم هەر لە سەرەتاوە ویستوویەتی من وەک دوژمن بە گەلەکەم نیشان بدات، بەڵام خۆری گەشی خۆشەویستیی راستەقینەی من بۆ گەلە ستەمدیدەکەم بە بێژنگە شڕی درۆکانی حەکیم لە چاوی دووربینی خەڵکی بزر نابێ. خۆشەویستیم بۆ گەلەکەم وەک حەکیم تەنیا قسەی رووت نییە ، من ئەو خۆشەویستییەم بە هەڵوێست نیشان داوەو چەندین جار لە پێناویدا ملم لە چەقۆ نزیک بۆتەوە. من تەنیا «کورد»ی وەک حەکیم بە دەست برەو بازرگان دەزانم نەگینا رێزی بێ سنوورم بۆ هەستی خاوێنی هەموو کوردێک هەیە کە بە راستیو کردەوە خۆشەویستیی خۆی بۆ گەلە چەوساوەکەی سەلماندبێ، یان هەر هیچ نەبێ حەکیم ئاسایی قاچاخچێتی بە مەسەلەی کوردەوە نەکردبێ. حەکیم! دەڵێن لەم وڵاتانەی سکاندنافیا تۆ پێناسنامەی کوردستانی بوونو نیشتمان پەروەریتیو شۆڕشگێڕیتی دابەش دەکەی، دەستم داوێنی «کەوا تازەکەت» چاوێکت لێمانەوە بێ!

حەکیم پاشان دێتە سەر سەربردەی ئەو شتەی هەڵوێست بۆی بڵاوکردۆتەوەو دەنووسێ: «پێشتر ئەم گوتارەم* بۆ بەریانگ ناردبوو، بەڵام دەستەی نووسەرانی بەریانگ بە باڵبەستراوی بەرەو مەقسەڵەی حەمەسەعیدیان برد.»

حەکیم کە دەستەی بەریانگ بەوە تاوانبار دەکا ، کە هیچ رێزی دابونەریتی رۆژنامەگەریان لا نییە ، ئەدی نهێنی لەوەدا چییە دواتر بە پەخشان بەشداری پێشبڕکێی بەریانگ بۆ چیرۆک دەکا ، بە مەرجێ ئەویش وەک هەموو خوێنەرێکی دیکەی بەریانگ دەزانێ، نووسەری ئەم چەند دێڕە یەکێکە لە ئەندامانی کۆمیتەی هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکان. دەبوو حەکیم عەقڵی هێندەی بڕ بکردایە ، بە دەستی خۆی چیرۆکی یان راستتر پەخشانی خۆی بۆ بەر مەقسەڵەی حەمەسەعید نەنێرێ.

رەخنەی یەکەمی حەکیم لە بەرگی نامیلکەکەیە ، گوایە ئاڵای کوردستانەو من شێواندوومە . حەکیم گیان! نیگاری بەرگی کتێبەکە ئاڵای کوردستان نییە ، نەخشەی کوردستانەو هەڵەبجەی تێدا دەستنیشان کراوە ، جگە لەمە من نیگارەکەم نەکێشاوە ، دەتوانی خۆت ئاسا چەند جنێوێکی مزری پاسۆکانە بەو هونەرمەندە کۆسمۆپۆلیتیە ، ئەهلستییە ، سریالیی‌ەیش بدەی کە وێنەی ئامۆ دەکێشێو تۆیش بە تێنەوانینی وردی خۆت لێی حاڵی نابی. حەکیم! رەخنەی حیزبیشت هاتە سەر ، تۆ چۆن پاسۆکێکی جیاوازی لە نێوان نەخشەو ئاڵای کوردستاندا ناکەی! ئەگەر ستۆکهۆڵم خۆی فریزەر نەبووایە لەسەر ئەم هەڵەیەت تەجمیدیان دەکردی.

حەکیمی ئەدەب دۆست ئەوەندە بە ئەدەبە نووسیویتی: «کە کتێبۆکەکەم یەکالا کردووە بۆتی لێوە دەهات ئەمما بۆن...» حەکیم بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ لە بواری شیعردا پەی بە رێبازێکی نوێ بردووە ، ئەویش شیعری بۆگەنە.

* خۆی بە گوتاری دەزانێ، دەنا رێزێ جنێوی پاسۆکانەیە

حەكیم گیان! مایەی شادیو شانازیمە كە تۆ شیعرەكانم ڕەت دەكەیتەوە، ئەوە نەهاتیو كوێرەوەری بوو بۆ من، تۆ شیعرەكانم پەسەند بكەی. «من باسی خۆرەتاو بۆ شەمشەمەكوێرە ناكەم»* هاوینی سالی 1982 لە




دیداری دووەمی چیرۆكی كوردیدا لە هەولێر، باسێكم بە ناونیشانی «پاڵەوان و ڕووداو لە چیرۆكی كوردیدا» خوێندەوە. بەعسییەك هەڵسا و گوتی: «دەبووایە بواری حەمەسەعیدتان نەدایە ئەو باسە پێشكەش بكات.» لە وەڵامی ئەو بەعسییەدا گوتم: «ئەو ڕەتكردنەوەیەی تۆ بە مەدالیایەكی گرانبەها دەزانمو لە بەرۆكمی دەدەم.» حەكیم گیان هەمان وەڵامم هەیە بۆ تۆیش.

حەكیم ئینجا هەندێ كاڵە شەكری شكاندووە، كە هیچ چەرمەیەك پێستی ڕووی ئەوەندە قایم نییە، بە سەرخۆشیش قسەی وا ناشیرینو دزێو بكات، دواتر فەرموویەتی: «حەمەسەعید باڵای بەرزی هەڵەبجە لە سێبەری غەززەدا دەبینێ.» لێرەدا حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نییە: یان دەیەوێ دەستی ئەو خوێنەرانە ببڕێ كە نامیلكەكەیان نەدیوە، یان لە ئەلفو بێی شیعر نازانێ. من هۆنراوەی «هەڵەبجە غەززەی خەمناكە»م ساڵی 1977 نووسیوەو ساڵی 1979 لە سلێمانی لە میهرەجانی دووەمی شیعری كوردیدا خوێندوومەتەوە. ئەوی ئەوەندەی نووكە دەرزییەك لە شیعر بزانێ، هەست دەكا لەو شیعرەدا لێكچواندن هەیە، من ساڵی 1977 نەك 1988 هەڵەبجەم بە غەززە شوبهاندووە، لە پێشەكی نامیلكەیشدا نووسیومە:

* ع. مەلەكشا، شیعرو شاعیران، سروە، ژمارە 53 ل30.

«لە ئازاری ئەم ساڵ(1988) بە دواوە هەڵەبجە هەزاران خۆزگە بە غەززە دەخوازێ.»‹1›
هەروەها لە شیعرێکی دیکەی هەمان نامیلکەدا گوتوومە:

دە ساڵ بەر لە ئێستا وتم
هەڵەبجە غەززەی خەمناکە
سەد بریا هەر غەززە بووایە
هیرۆشیمایە ئێستاکە ‹2›

کەواتە حەکیم ساختەچییەو ویستوویەتی لە پێناوی مەبەستێکی پۆخڵی خۆیدا سەر لە خەڵک تێک بدات. ئەگەرنا هێندە کاڵفامە هیچ لە هونەری شیعر نازانێ کەچی پێی شەرم نییەو سەبارەت شیعر دەنووسێ.

حەکیم پەت دەپسێنێو دەنووسێ: «حەمەسەعیدیش وەک بەعس ناوی شارو گوندەکانی کوردستان دەگۆڕێ.» بەلای منەوە هیچ جیاوازییەکی بچووکیش لە نێوان حەکیمو بەعسییەکی چنگ سووردا نییە، بەعسییەکان بە ناڕەوا تاوان دەدەنە پاڵ نەیارەکانیانو دواتر لە سێدارەیان دەدەن، حەکیمیش بە ناڕەوا تەنانەت بێ ئەوەی بەڵگەیەکی ساختەیش بخاتە روو، بەوە تاوانباری کردووم کە ناوی شارەکانی کوردستانم کردووە بە عەرەبی. حەکیم ئێستا دەستی لە هی کەروێشک کورتترە، ئەگەرنا ئەویش وەک تاوانەکەی بۆ هەڵبەستووم، فەلاقەیشی دەکردمو دواتر پەتیشی دەکردە ملم. ئەگەرچی حەکیمو هەر بەعسییەکی خوێن ڕێژی دی لە کرۆکدا هەر یەک شتن بەلام بەعس لە حەکیم ئابڕوومەندترە، چونکە بەعسییەکە ئەو ئەرکە دەکێشێ چەند بەڵگەیەکی ساختە بخاتە روو، ئەم ئەوەیشی نەکردووە. پاسۆک کادری کارامەو دووربینو لێهاتووی وەک حەکیمیان هەیە، بۆیەش هەمیشە «مەنجەڵە یاپراخێک بەشی سێ ژەمیان دەکات»

من لەو شیعرەمدا هەڵەبجەم بە غەززەو سلێمانیم بە سۆیێتۆو گوندەکانی کوردستانم بە ژێرنیکا شوبهاندووە، حەکیم ئەی فەرمووە، حەمەسەعید ناوی سلێمانیی گۆڕیوەو کردوویە بە ناوێکی ئەفریقایی یان ناوی گوندەکانی کوردستانی گۆڕیوەو ناوی ئیسپانی لێ ناون. حەکیم لە گوێی گادا پرخەی ئەهاتووەو فێڵبازەو زانیویتی ئەگەر رەخنەی وای بگرتایە بلۆفەکەی دەکەوتە روو.

دەمێ بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدە بێ باری
سەرم بەفرەو کەچی هێشتا شەو تریفەمە بۆ یاری

حەکیم گیان تۆ بگە! کە پیرەمێرد گوتوویەتی: «سەرم بەفرە» مانای ئەوە نییە سەری بووە بەفر، یان سەری بەفری پێوەیە. دەزانی حەکیم گیان مانای چی؟ مەبەستی ئەوەیە سەری یان بۆ ئەوەی جوانتر تێ بگەی قژی سپی بووە. ئێستا حاڵی بووی؟ منیش کە ساڵی 1977 گوتوومە: «هەڵەبجە غەززەی خەمناکە» مەبەستم ئەوە بووە کە هەڵەبجەیش وەک غەززە داگیر کراوە.

‹1› حەمەسەعید حەسەن، هەڵەبجە غەززەی خەمناکە ل9 چاپخانەی سارا، 1988 ستۆکهۆلم.
‹2› هەمان سەرچاوە ل42

هەواڵنامەی کتێب

من ساڵی 1979 لە سلێمانی لە هۆڵی نەقابەی کرێکاران، بە ئاگاداری سەدان کەس، بەرەو رووی لێپرسراوانی بەعس ئەمەم گوتووە، ئێستایش تۆو حیزبەکەکەت نەک بەرامبەر بەعس، لە بەرەی کوردستانیشدا ناوێرن ئەوە بڵێن. تێ بگە حەکیم گیان!

موعتەسەم، مامۆستایەکی هەڵەبجەیی بوو، یادی بەخێر دەیگوت: لە هەموو قوتابخانەیەکدا مامۆستایەکی مەلا لەبەر ئەم سێ هۆیە پێویستە:

* کەرەسەیەکە بۆ پێ رابواردنو باری شانی مامۆستاکان سووک دەکا.

* کە مامۆستایەک بیەوێ شتێکی کۆنە بفرۆشێتەوە، دەیکڕێ.

* کە مامۆستاکان پێکەوە بۆ پرسەیەک دەچن، فاتیحا دادەدات.

پاسۆکیش حیزبەکەی حەکیم هەر لەبەر سێ هۆ لە بەرەی کوردستانیدا وەرگیراوە:

* کەرەسەیەکی رابواردنە، لایەنەکانی دیکە کاتی بەتاڵیی پێ دەبەنە سەر.

* یانەیەکی بچووکە بۆ کۆکردنەوەی گەجەرو گوجەری کورد.

* مۆزەخانەیەکە بۆ پاراستنی جنێوی کوردی.

ئازاد مستەفا« بەر بارانی رەحمەت کەوێ » کە سەرکردەیەکی پلەی یەکی پاسۆکو پلەی دووی کورد بوو دەڵێ:« ئێمە حوکم لەق کەینو یابەی ئەفەندی حەساوە بە کورسی حوکمەکەی بەغدا خۆش بێو کە خۆی گرت لەوەی پێش خۆی درندەترو سەگو سەگبابتر بکەوێتە گیانمان.»<1>

ئۆرگانی پاسۆک رووی دەمی خاوێنی لە شێرکۆ بێکەسەو دەڵێ:« شاعیر کە بووە مەیمون، بووکە شووشە، قەرەقۆز، دارشەق کوتەک، تەزبو دێوجامە، ئەوە شاعیر نییە، تیاترۆی دەستگێڕی مێزی مەیخانەیە، ئەوە شاعیر نییە پۆستاڵو زێرابو دووکەڵ کێشە.»<2>

ئەوەی دەیەوێ شارەزاییەکی تەواو لە جنێوی دێرینو هاوچەرخی کوردیدا پەیدا بکات، با ئاڵای سووری کوردایەتی بگرێو بەری نەدات. با بێینەوە سەر حەکیمو لە جنێوەکانی پاسۆک گەڕێین، چونکە گەر بمانەوێ هەموویان بەسەر بکەینەوە دەبێ سەراپای ئەدەبیاتی پاسۆک بڵاوکەینەوە.

ئەگەر چی حشع لەبەر ئەو سێ هۆیەی گوتمان بەوە قایل بووە پاسۆک لە بەرەدا وەریگیرێ، کەچی حەکیم شەرمی نەکردووە بە ترسو لەرزەوە، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ رەخنەی لە حیزبی شیوعیش گرتووە. من بەش بە حاڵی خۆم کۆتایی ساڵی 1976 بۆیە وازم لە حیزبی شیوعی عێراقی هێنا، چونکە هاوکاری نێوان حشعو بەعسم بە ناپاکی زانیو لەو نامەیەشدا کە بۆ (حشع )م ناردو وازهێنانی خۆم تێدا ئاشکرا کرد، بە راشکاوی باسم لەو ناپاکییە کرد، بەشێک لەوانەی لە حیزبدا لە سەروو منەوە بوون، ئێستا لە سوید دەژینو ئەو نامەیان خوێندۆتەوە. ئەوە بێجگە لەوەی من هەر لە یەکەم رۆژی

<1> ئازاد مستەفا گۆڕنە پاسۆکی بەرەی کوردستانی ل61 سوید 1988
<2> ئاڵای سووری کوردایەتی ژمارە 28 ل9 ئەیلوولی 1984

مۆرکردنییەوە دژی بەرەی نیشتمانی بووم‌و هەر دوای بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەی بەرەی نیشتمانی بەیەک دوو رۆژ، لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو کۆمیتەیەدا کە کارم تێدا دەکرد، بە دەمی‌و نووسین دژایەتی خۆم نیشاندا. ئەو کاتە هاوینی 1973 دوکتۆر ت.ب لێپرسراوم بوو کە ئێستا لە سوێد دەژی. بۆ مێژوو پێویستە ئەوەیش بڵێم لە هەمان کۆمیتەدا، دوکتۆر رەشیدیش کە لە یەمەن شەهید کرا دژی بەرەی نیشتمانی بوو.

ئەگەرچی هەڵوێستی من لەمەڕ هاوکاری کردن لەگەڵ بەعسدا، بەو شێوەیە بوو کە گوتم، حەکیمیش ئەمەی بیستووە، کەچی حەکیمی برای حیکمەت وەک حاکمی حوکمەت بێ مەحکەمە حوکمی داوە نووسیویەتی: « حەمە سەعید ساڵی 1974 دار شەقی بن باڵی عروبەکەی سەدام بووە، کەمینی داناوە، بروسکەی لێداوە، گالیسکەی عروبەی راکێشاوە... »

حەکیم ئەو رەخنەیەی تۆ تازەکی لە (حشع)ی دەگری، من پازدە ساڵێک لەمەوبەر لێم گرتووە، ئەدی حەکیم هەمان رەخنە لە لایەنە نەتەوەییەکان (پارتی‌و یەکێتی) بۆ ناگری، خۆ ئەوانیش ساڵانێکی دوورو درێژ هاوپەیمان‌و هاوسەنگەری بەعسییە چنگ سوورەکان بوون. حەکیم وەک ساڵی 1984 بە ئاگاداری چوار کادر بە ئەندامێکی سەرکردایەتیی (ی.ن.ک)م گوت بە تۆیش دەڵێم: من وەک عەزیز محەمەد ئەو ساڵانەی هاوپەیمانێتی نێوان حشع‌و بەعس بە شەڕی چینایەتی نازانم، بەڵکو بە کلکایەتی تێدەگەم، بەڵام ئەوەیش دەزانم کە لوتکەی سەری هیچ حیزبێکی نەتەوەیی کورد ناگاتە پاژنەی پێی حشع.

حەکیم هاوکاری کردن لەگەڵ فاشستدا ئەهوەنترە لەوەی مرۆڤ خۆی فاشست بێ. ئەو نەتەوەپەرستەی لە کانی ماسی بە زیندوویی ئەورەحمانی ساڵحی خلەی سووتاند، لالە، ئەو پێ میمەی پەنجەی «ئەحلام»ی بۆ ئەلقە زێڕەکەی بڕییەوە... ئەوانیش حەکیم بەعسین، فاشستن، نازین بەڵام بە زمانی کوردی دەدوێن. حەکیم تاماوی پێش ئەوەی هیچ شتێک بێ، کورد بە، ئیتر فاشی دەبی، بەعسی دەبی، نازی دەبی، تەقلە بازو کۆمەڵێ بازی دیش دەبی گرنگ نییە.

حەکیم نەخشەی سیاسەتی حشع من دام نەدەرێژا، عەزیز محەمەد بەرەی نیشتمانییەکەی لەگەڵ ئەو «بەکرە»دا مۆرکرد کە جەلالی غەیرەنیزامی‹1› بوون لە کنی‌و مەلایی بە شەکریان‹2› دەزانی. بەراست حەکیم ئەدی رەخنە لە عەزیز محەمەد بۆ ناگری؟ ئەبابە گاڵتەم

‹1› دوای بەیاننامەی ئازاری 1970 بەعس جەلالییەکانی بە غەیرەنیزامی ناردەبرد و چەکی کردن. کەچی مەحموودی مەلا عیزەت وەک مێژوو نووسێکی بێ لایەن! جەلالییەکانی بە باڵی چەپی ناو بزووتنەوەیکوردایەتی لە قەڵەم داوە. ( بڕوانە پێشەکییەکەی، « کورتەی مێژووی فەلسەفە » وەرگێڕانی مەحموود مەلا عیزەت 1988.

‹2›دروشمی سەرەکی پارتی لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا بریتی بوو لە :

کێ بوو خۆی کرد بە شەکر؟

ئەحمەد حەسەن بەکر.

کرد. هەڵەی وا نەکەی، دەنا گزریەی ئاواتە دێرینەکەت لە بێشکەدا دەمرێو هەرگیز ئەو رۆژە پیرۆزە نایە کە بتوانی بە ئارەزووی دڵی خۆت لە بارەگای بەرەی کوردستانیدا پێڵاوی بۆ دابنێیت.

لە کوردستانی عێراق، ( ببورە حەکیم گوتم کوردستانی عێراق ) لە کوردستانی باشوور، مەلا شەوکەتێک هەیە، بەرنامەیەکی ئایینی لە تێزگەی کوردی بەغداوە پێشکەش دەکا، لاوان بۆ کات بەسەر بردن پرسیاری لەم جۆرەی لێدەکەن:

مامۆستا بێ زەحمەت ئەنجامی یارییەکەی ئەم دوایییەی عێراقو کوێت، چۆن بوو؟ مەلا شەوکەتیش لە وەڵامدا دەڵێ:

کاکی موسڵمان ئەم بەرنامەیەی ئێمە، بەرنامەیەکی ئایینییە، تکایە پرسیاری ئایینیو کۆمەڵایەتیمان بۆ بنێرە، سەبارەت ئەنجامی یارییەکەش دوو بە هیچ.

هەر لەو روانگەوە لاوان پرسیار لە پاسۆک دەکەن، یەکێک لەو پرسیارانە کە ئاڵای سووری کوردایەتی زۆر بە ( جدی ) وەڵامی داوەتەوە ئەمەیە:

« بەراستی من حەز لە سیاسەت ناکەم، بەڵام ئەگەر رۆژێ سیاسەت بکەم دەبمە ئێوە، چونکە بیستوومە ئێوە دژی عەرەبن، منیش رقم لە عەرەبە، ئایا رەئیتان چییە؟ »*

حەکیم ئێوە نەک لایەنەکان، ئەفرادەکانیش پێتان رادەبوێرن، ئیدی رەخنەی چی لە حشع دەگری؟

بریا ئەوی درۆیەکی دەکرد دەست بەجێ رووی رەش دەبوو، ئەوسا حەکیم بێجگە لەوەی دووچاری چەوساندنەوەی چینایەتیو نەتەوایەتی بووە، لەبەر رەنگی پێستیشی دەچەوسێنرایەوە. حەکیم بەوپەڕی هوشیارییەوە وەک هەر سیخوڕێکی دیکە راپۆرتی لێداومو خوێنی لە کاسە کردووم. باشە حەکیم بۆچی بە شێوەیەکی خاوێن شەڕی فیکریی ناکەی؟ حەکیم گیان ئەگەر وەک چەورە درێژە بە شەڕ دەدەی، ئەوا شەڕی خۆت لە من لادە، کۆڵان بە کۆڵان، جادە بە جادە، بە دوای کەسێکی خۆت ئاساییدا بگەڕێ. حەکیم « لەم جیهانە جەنجاڵەدا تەنیا درۆیە، تاکە چەکی بەزەبری دەستی تۆیە »، حەکیم کەس بە درۆ جەنگی نەبردۆتەوە چەکی دیکە پەیدا بکە، یا هێندەی دی نەبیتە مایەی گاڵتەجاڕی. حەکیم ئەم رێگە پۆخڵە ناتباتە سەر هەوارێکی خاوێن، حەکیم زێراب روو ناکاتە دەریا، حەکیم شەللاتییەکانیشت سوک کرد چ جای میکافیللی!

حەکیم تۆ کە ئەو تاوانانە هەڵدەبەستی، دەبێ هێندەشت فام هەبێ هەندێ بەڵگەی قوڵلابی جێ بەجێ بکەیتو نیشانی خوێنەری بدەی، حەکیم بڕوام پێ بکە خوێنەر زۆر لەوە وریاترە کە تۆ دەیزانی. حەکیم خەڵکی بە گێل مەزانە، خوا خوات بێ بە گەمژەت تێ نەگەن، لێگەڕێ رێگە نیشانی خوێنەر مەدە، ئاگاداری بستێ پێشی خۆت بە، کادری باڵا. حەکیم ئەو قۆناغە بەسەر چوو کە بە قۆناغی قشەی کادر بە ناوبانگ بوو.

حەکیم بۆیە وەک هەر دەم پیسێک ئەو هەموو جنێوەی پێداومو وەک هەر ژنێکی دەمشڕ ئەو هەموو بوختانەی بۆ کردوومو وەک هەر کەڵەکچییەک ئەو هەموو تاوانەی داوتە پاڵم،

* ئاڵای سووری کوردایەتی ژمارە 28 ل 12 تەمووزی 1984

چونکە پێی وابوو شیعرم دژی پاسۆک نووسیوە:

به ئاڵای سووری مارانه
به قارەمانانی قسه
به پەیمانو گفتو بەڵێن
مەخەڵەتێن

چونکه پاسۆک له کوولەکەی «ئاڵای سووری کوردایەتی»دا بانگ دەدات، حەکیم وای زانیوە، مەبەستم له «ئاڵای سووری مارانه» گۆڤاره نازدارەکەی ئەوانه. حەکیم سوێندت لەسەرم نییه، سوور دەیشزانی له فەیلەقەهای لەشکری پاسۆک ناترسم، بڕوا بکه لەو شیعرەدا ئەوی له خەیاڵو بیرمدا نەبووبێ پاسۆکو گۆڤارەکەی بووه. جا پاسۆکی بەستەزمان کەس گوێی لێ دەگرێ، تا خەمم لێ هاتبێو خەڵکی لێ هەڵبگێڕمەوه؟ حەکیم بڕوابکه ئەو بانگه ناسازەی ئێوه له کولەکەدا دەیدەن مەگەر کەڕ گوێی لێ بێ. حەکیم من مرتوو سەر نابڕم.

بریا گات به گوندا نەناسیبایه، ئەوسا نەدەکەوتییه هەڵەوەو ئەوی من گوتوومه نەت دەبرده سەر حیزبۆکەکەت. دەڵێن زەلامێ هەبوو کەس ناوی نەهێناوه لەسەره ڕێدا ریاوه. حەکیم تۆیش هەروات به سەرهاتووه.

حەکیم هەر کادرێکی درۆزنو جنێوفرۆش نییه بەڵکو دەست پیسیشه. گوتەیەکی مەسعود محەمەدی دزیوەو بێ ئەوەی سەرچاوەکەی دەست نیشان کردبێ، یان تەنانەت کەوانەیەکی کردبێتەوه، به ناوی خۆیەوه نووسیویتی حەکیم نووسیویتی: «کورد پەلاری هێنده بڕ ناکا قاچی بزی ماڵه دراوسێی پێ بشکێنێ». مەسعود محەمەد دەڵێ: «گەلی کورد له بارێکدا نییه چاوەڕوانی ستەمو دەست درێژی لێ بکرێ، هەتا پەل بکوتێو تێلا بوەشێنێ، دەستو کوتەکی له سنووری ماڵه کاولەکەی خۆی تێپەڕ ناکات».*

ئەگەرچی جیاکردنەوەی جنێو له (نووسینەکەی) حەکیم وەک پووش له کا جیاکردنەوه وایه، ئەگەرچی پاسۆک مۆزەخانەی جنێوی کوردییه، ئەگەرچی کورد له بواری جوانیو مەیو باراندا وەک گریکەکان خوداوەندیان نەبووەو نییه، بەڵام کورد له بواری جنێودا خوداوەندی هەیه، هەر(تیۆریستێکی) پاسۆک دەگری خوداوەندی جنێوه، کەچی حەکیمی برای حیکمەت، حیکمەتی به خەرج داوەو فەرموویەتی: «حەمەسەعید له شەڕەجنێودا یەکەم دەردەچێ»

حەکیم سەر به حیزبۆکەیەکه که زۆربەی بەرپرسو کادرەکانی له کەسانی گەجەرو گوجەرو خلتەی کۆمەڵگای کوردەواری پێکهاتوون. پاسۆک چێنزرگەی کەسانی قومارچی، قاچاخچی، ئەتیوباز، شەللاتی، پیاوکوژ، چەقۆکێشو ئەوانەیه که بازرگانی به خوێنی لاوانی کوردەوه دەکەن. بۆیه کاتێ گەنجێکی وەک(زەردەشت) به ڕێکەوت ڕێی دەکەوێته مۆڵگەی پاسۆک، بەرپرسەکانی حەکیم دەیانەوێ ناموسی بەرن. کاتێ کەسێکی وەک مامۆستا(حەمەساڵح)یش ئەو کارەی پێ قووت ناچێتو دژی لێپرسراوەکانی حەکیم دەوەستێتەوەو شۆڕشگێڕه ئەتیوبازەکان بەر

* مامۆستای کورد ژماره 7 ل33

ڕێژنەی گوللە دەدا، هەتیوبازان لە ڕیزەکانی پاسۆکدا یەکدەگرن‌و زۆریە پێکدەهێنن‌و مامۆستا ساڵح دەکەنەوە بە شاردا. حەمەساڵح قایل نابێ سەرشۆڕی بەعسییەکان بێت‌و بەو نیازەی داکۆکی لە هەڵوێستی مەردانەی خۆی بکات، ڕوو دەکاتەوە شاخ. شۆڕشگێڕە هەتیو بازەکان ئەوانەی حەکیم پێی وایە هەر چوار پارچەکەی کوردستان ڕزگار دەکەن.(ببورە حەکیم پێنج، ئەوی سۆڤیەتیش) دەیگرن‌و دادگایەکی بۆ ساز دەکەن‌و گوللەبارانی دەکەن.

حەکیم‌و هاوبیرەکانی، لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕابردوویەکی تەڵخ‌و ڕەش‌و پۆخڵن، لەبەر ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە لە زەلکاو دان، لەبەر ئەوەی هیچ شک نابەن شانازی پێوەبکەن، هەست بە گرێی کەم‌و کووڕی دەکەن‌و تەواو سەغڵەت دەبن بەوەی کەسێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە لە شاردا هەڵبکەوێ، یا ڕوو بکاتە شاخ، یا لە ئەورووپا سەرەبزوێکی قەڵەمەکەی لە چاویان بچەقێنێ‌و لیڤە لەسەر هەتیوان هەڵ بداتەوە. بۆیە هەرچی ڕابردووی گڵاوی خۆیانە دەیدەنە پاڵ کەسانی دەست‌و داوێن‌و ڕابردوو خاوێن. حەکیم بە ناوی کادرەکانی خۆتاندا بچۆوە، بزانە کەسێکی ئابڕوومەند لە پاسۆکدا هەڵی کردووە!

حەکیم قەوانە تەواو سواوەکەی لێداوەتەوە، هەرچی سەریەوان نەبوو، هەرچی ڕەخنەی لێگرتن، ئیدی ئەوە بێ یەکو دوو، دارشەقی بن هەنگڵی ڕژێمە. حەکیم نەک دارشەق، جاش ئابڕوومەندترە لەو پێشمەرگەیەی پەلاماری زەردەشتی‌دا. حەکیم گیان بۆرژوای کورد و عەرەب، دوو هێستری یەک قاچاخچین، ڕاژەکردنی ئەمیان یان ئەویان، هەر شتێکە. مەسەلەکە گەر هەر جاشایەتی بێ، ئەوا ئێوە لە سەرەتاوە هەربوون‌و ناو بەناویش جێ گۆڕکێتان کردووە، چونکە لەو بوارەدا خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندو دوورو درێژیشن، داهێنانیشتان تۆمارکردووە، ئێوە نەبوون ڕەدووی عێراق، ئێران، سوریا، لیبیا کەوتن‌و وا سەرەی عەرەبستانی سعودیش دێت ئەگەر ڕاتان بگرێ. هەموو هەوڵیشتان لە سەرەتاوە هەر بۆ ئەوە بوو بەعس ڕاتان بگرێتەوە.

حەکیم نووسیویتی: «زۆربەی هەرە زۆری جاش لە چینی چەوساوەی کوردن». حەکیم ئەوانەی بوونە جاش، بەشێکیان ڕەفتاری هاوبیرەکانی تۆ بۆ ئەوێی ڕاونان، زۆربەشیان لەبەر ژیان‌و لە تاو سەربازی لەوێدا گیرسانەوە، بەڵام زۆربەیان لە تۆ شۆڕشگێڕترن، چونکە ئەوان بەشێکی کەمیان نەبێ نە ئیشی ڕەشیان کردووە «قاچاخچێتی»، نە بازرگانیان بە خوێنی لاوانی کوردەوە کردووە، «سیاسەتی ڕەش». سەرەڕای ئەوانە، ئەوان وەک تۆ نین‌و دەستی کەس نابڕن‌و لاقی خەباتگێڕی لێ نادەن. نازانم تۆ لەم دوورەوە، لەم تەوەری باکوورەوە مەسەلەکەت بۆ هێندە بە توندی گرتووە، شۆڕش دڵی گەلێ فراوان بوو، خەڵکی دەیانتوانی شەممە جاش بن‌و یەک شەممە پێشمەرگە، دووشەممە قاچاخچی بن‌و سێ شەممە چار پارچەچی.

پاسۆک لە پێناوی مشتێ دۆلاری ئەوتاویدا دەڵێن: «برادەر معمر القذافی نموونەیەکی بەرچاوو هەڵکەوتووی ئەو ڕابەرە عەرەبییە

راستگۆو نەترس‌و بەرچاو روونەیە کە پێویستە هەموو رابەرانی عەرەب‌و ڕێکخراوو پارتەکان چاوی لێ بکەن»‹1›

هەروەها هەمان پاسۆک لە پێناوی کیسەیەک لیرەوچەند پاسپۆرتێکی قوللابیدا دەڵێن: «سوریا دەروازەی بزووتنەوەی رزگاری خوازی عەرەب‌و سەرەنێزەی وڵاتە عەرەبییە خۆگرو راوەستاوەکانە بە رووی ئیسرائیلدا»‹2› ئەدی ئەو بەشەی کوردستان کە سوریا داگیری کرد بوو چی بەسەرهات؟ بەڕاست من چەقۆی بیرم کوڵە، رزگاری بوو؟ ئەمەیە جاشایەتی راستەقینە حەکیم گیان.

کاکە حەکیم گیان کەس تۆی نەکردووە بە دەمڕاست‌و داوای لێ نەکردووی ناوو ناتۆرە دابەش بکەیت تۆ چارەی دەردی کوشندەی خۆت بکە، سوپاسی بێ پایانی خوا بکە، کە سوێند ساردەو خەڵکی کەم دەردەکەون، دەنا لەبری ناوەناو، رۆژانە دەبوویتە گاڵتەجاڕ. تۆ کە جاش بە گیاندارێکی زیانبەخش دەزانی، دەبێ حەکیم حیکمەتێکی تێدا بێ وا چەند ساڵێ قایل بووی پێشەواکەت کۆنە جاش بێ. بەڕاست حەکیم جاشایەتی بە مانا هاوچەرخەکەی کێ دای هێنا؟ ئەوە هەرگیز نەت پرسیوە بۆچی پێشەواکەت دوای یانزەی ئازاری 1970 لە سلێمانی خۆی نەگرت‌و لە بەغدا گیرسایەوە؟ خۆیشت پرسێ بکە! خۆ نابێ هەموو شتێ هەر من بۆتی باسکەم. یان چیت داوە لەو سەرنێشەیە، بەردێکی لەسەر دانێ!

کە بالیۆزخانەی عێراق لە بەیرووت تەقێندرایەوە، یەکێک لە قوربانییەکان بەلقیسی هاوسەری نزار قبانی بوو، دوای ئەو رووداوە دەڵێ:

لا طفل یولد عندنا

الا وزارت أمه

یوما فراش ابی لهب

حەکیم هاوبیرو هاوبەرەی کوردستانییەکەی تۆ ڕێگەیان بۆ بەعس خۆش کرد، هەڵەبجە کیمیاوی باران بکات، گوند لە کوردستاندا نەهێڵێ‌هێشتا دەتەوێ مافوری گوڵاڵە سووروەت بۆ رابخەم‌و ڕێحانە بارانت بکەم؟ «ئەو کەوایەی من دروو بووم، دیارە تەواو پڕ بە بەرتە، پیرۆزت بێ». بەو کەوایەوە حەکیم گیژان پۆل پۆل حەیرانت دەبن.

---

‹1› ئاڵای سووری کوردایەتی ژمارە 13-14 مارتی 1982 ل26

‹2› هەمان سەرچاوە ل22

حەکیم بڕیار بێ ئەگەر لەمەو دوا نیازی نووسینم هەبوو، پێشەکی بەم شێوەیە جەنابتان ئاگادار بکەم:

بۆ/ سکرتێری گشتیو کەسی یەکەمو تەنیای پاسۆک لە ناوچە بەفراوییەکانی ئەورووپا

سڵاوێکی کوردانەی خەستو خۆڵ.

من کە لە خوارەوە ناو و ناونیشانی تەواوی خۆم نووسیوە، نیازم وایە هۆنراوەیەک سەبارەت ڕاگوێزانی قەڵادزێ لە دیدی پاسۆکەوە بنووسم، تکایە مۆڵەت بفەرموون.

سەرکەوتوو بن لە پێناوی ڕاژەی کورد و کوردستانو کوردە لۆژیو کوردایەتیو کوردەواریو کوردپەروەریو کوردپەرستیو کورداندنو بە کوردی کردندا.

ئیمزا: شاعیری چاوەڕێ

حەکیم گیان تۆ گیڤارایشت شەرمەزار کرد، ئەرێ بەڕاست حەکیم حیکمەت لەودا چییە لە ستۆکهۆڵم ریشێکی وەکی ئەوەی گیڤارات بەرداوەتەوە؟ حەکیم، پاڵەوان لە سوێد دروست نابێ، تۆ کە لای خۆمان هیچ نەبووی تازە لێرە نابیتە هیچ. گەر بەڕاست تەواو بۆ کورد سووتاوی، من مەقسەلەم نییە، بەڵام قەمسەڵەیەکی پێشمەرگانەم هەیە، بەڵێن بدەی دەچیتەوە بۆ کوردستان، بۆتی دەنێرم. چی دەکەی لە ستۆکهۆڵم بەفری نامۆیی دەشێلی؟ حەکیم گیان گیڤارا کە وەک سیمبوڵی پارتیزانی چاوی لێدەکرێ، لەبەر ریشەکەی نییە، نازانم گیڤارا بە شاگرد رادەگری یان نا؟ بەڵام ئەوە دەزانم گیڤارا ریشیشی نەبووایە هەر دەبووە سیمبوڵ. «گرنگ ئەوە نییە کاسکێتێکی وەکی ئەوەی گیڤارا لە سەر بنێی، گرنگ ئەوەیە سەرێکی وەکی ئەوی گیڤارا لە ژێر کاسکێتەکەوە بێ»*

حەکیم ڕاستە تۆ خوا ئەو توانای بەهرەیەی پێ بەخشیوی کە درۆ هەڵبەستیو بوختان بکەیتەو تاوان بدەیتە پاڵ خەڵکو جنێو دابهێنی، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی تۆ توانای جنێو داهێنانت هەیە،

* بە دەستکارییەوە وەرگیراوە

بەلام مافی جنێودانت نییە. دەبێ دڵنیا بی خەڵکی لە حیزبۆکەکەتو بەرە بەرینەکەیشت سڵ ناکانەوەو راستی دەڵێن. حەکیم تۆ ئەم شتانە دەزانی، بەلام چی بکەی؟ کۆیلەیەکی زەلیلی فەرمان پێکراوی بەکرێ گیراوی. پۆلیسێکی ئەرکی نیشتمانی خۆت بەجێ دەهێنی، سیخوڕێکی بەوپەڕی دەست پاکییەوە رۆژانە راپۆرتی خۆت دەنووسی، جەلادێکی شمشێرەکەت لە تەختەیە، دەنا وەکو گەلای داران سەرانت دەپەڕاند.

حەکیم، کادیرێکە هێندە سەرقاڵە، رەخنەگرێکە هێندە بەسەر هونەرەکەیدا زاڵە، سەرنجێکی گەلێ وردی لەسەر کتێبەکەم دەربڕیوەودەڵێ: «حەمەسەعید ناوی خۆی لەسەری سەرێ بە درشتی نووسیوە»

بەرد بێتە خوار حەکیم ئەمەیش بوو بە رەخنە. حەکیم راست ناکەی ناونیشانی نامیلکەکە درشت ترە لە ناوەکەی خۆم، زۆریش درشت ترە. جگە لەمە بەرگی کتێبەکە من نەمنووسیوە، لە سەر خوا بۆچی بە نۆشکای جنێو دەستڕێژێکیش لەو خۆشنووسە ناکەی کە خەتی بەرگەکەی نووسیوە؟ ئەگەرچی نایشزانی کێیە، بێ گومان پاسۆک نییە.

راستە حەکیم تۆ کادرێکی لای سەرەوەی پاسۆکیتو «لای سەرەوە مەبەستم ئەوە لە تەوەری باکوورێت» دەبێ هەموو شتێک بزانی، بەلام خەمی پێ مەخۆ کە تەنیا لە بەرگی کتێبو ناوەڕۆکی نامیلکە نازانیتو هێشتا بۆت ساغ نەبۆتەوە جیاوازی نێوان پەخشانو چیرۆک چییە، تۆ خۆ جەقەت دەرنەکردووەو تازە کوورەی ئەوانەو گەلێ شتی دیکەیش لە زانستگای باڵای حیزبدا فێر دەبی. پەلەی چییە، «سەدهەزار مەتر برۆ، بازێ مەدە»

ئەو کاتەی خەریکی نووسینی «با سونێسکەی شیعر بە شەوارە نەکەوێ» بووم، دەمویست بڕوای خەڵکانی دیکەیش لەسەر شیعری شێرکۆ بێکەس بەسەر بکەمەوە. کە هاتمە سەر ئەوەی کورتەی بیروڕای پاسۆک سەبارەت شیعری شێرکۆ بنووسمەوە، گەلێ ماندوو بووم تا پەڕگرافێکم دەستگیر بوو، کە لە هەموو پەڕەگرافەکانی ئەو «گوتارە» هێمن تر بوو کە پاسۆک دەربارەی شێرکۆی نووسی بوو بەلام ئەو پەڕەگرافە هێمنەیش هێندە پڕ جنێوو پلار بوو، من بە شەرمەوە گواستمەوەو لەو دوو کۆڕەیشدا کە لە کۆپنهاگنو ستۆکهۆڵم بۆ باسەکەم ساز کرا، بە شەرمەوە ئەو پەڕەگرافەم خوێندەوە. قسەکان بیروڕای پاسۆک بوون کەچی من شەرم دایدەگرتم. بەڵێن بێ، لە چاپی داهاتووی ئەو نامیلکەیەمدا ئەو پەڵەیە لە تەوێڵی نووسینەکەم بکەمەوە.

ئەوی دەبێ پێش هەموو شتێ جنێوفرۆش بێ، با ژمارەکانی ئاڵای سووری کوردایەتی، حیکمەتەکانی حەکیم بخوێنێتەوە. حەکیم لە کۆتایی «باسە ئەکادیمییەکەیدا» پەلاماری خەبات عارفیشی داوە، هەندێ جنێوی بۆ ئەویش ریزکردووە. حەکیم بەلایەوە سەیرو سەرسووڕهێنە خەبات دژی بیریی گۆشەگیریی کوردایەتییە. حەکیم سەرەخولێت پێ نەکەوێ، هەڵگرانی ئەو بیرە ئەزۆکە، سەردەم بەسەر چووە، هەر بۆیاخێ لە خۆیان بدەن دواجار دەخلیسکێنە زەڵکاوی راسیزمەوە، حەکیم نەتەوە پەرست بە مانای راسست دێ، تۆ ئەوەیت

ئارەزووی خۆتە بەلاّم ئێمە ئەوە نین. حەکیم حاڵی بووی؟

حەکیم بێجگە لەوەی درۆزن و جنێوفرۆش و پاسۆک و دەست پیسە، کۆنەپەرستیشە ئەیٚ خۆ نابێ پێشکەوتووخواز بێ.میران ئەمین چیرۆکێکی نووسیوە، تێیدا، پێشمەرگەیەک حەزی لە خوشکی پێشمەرگەیەکی هاوڕێی کردووەو نیازی خوازێنەو دەیەوێ بیخوازێ، حەکیم ئەمەی پێ قووت ناچێ و دەڵێ: «دەبێ قارەمانەکانی ئەو چیرۆکە خەڵکی ئەستێرەیەکی دی بن، ئەگینا شتی وا لە کوردستان کفرە»<1> ئافەرین حەکیم کەم زانای کۆمەڵناس هێندەی تۆ شارەزای کۆمەڵگای کوردەوارییە.

حەکیم چونکە خۆی راستی دەڵێی گۆچانە، بڕوای بەو بیرەوەرییانە نەکردووە کە سەبارەت شیعری «کاتێ شارە زەردەواڵە دەورووژێ» تۆمارم کردوون. باشە حەکیم من بێدەنگ دەبم با کەسانی دیکە بدوێن:

پشکۆ دەڵێ: «کاتێ شارە زەردەواڵە دەورژێ» یەکەمین رێژنە گوللەی ئەدەبی بەرگری بوو کە بە رووی وەحشییانەی داگیرکەراندا تەقێنرا. ئەوێ دەمێ ئەو شیعرە گوڕو تینێکی بەرچاوی خستە دڵی شۆڕشگێڕانی شارو شاخەوە، وەختێ کاسێتی ئەو شیعرە گەیشتە بنکەکانی پێشمەرگە، دڵی زۆربەی پێشمەرگە هوشیارەکانی بۆخۆی کردە هێلانە»<2>

پەنگر لە هۆنراوەی «تاڵێ» هەروەها کە بە هێندێک لە هۆنراوەکانی نامیلکەی «هەڵەبجە غەززەی خەمناکە»ی پێشکەش کردووە دەڵێ:

شیعرەکانت
ئەستێرەی شەوی تارین و
دەچریوێنن...
شیعرەکانت
رێ بە جەردەی رێگا دەگرن
یەخەی یەخەگران دەگرن...
شیعرەکانت
بەردی دەستی منداڵان و
نوا هەناسەی
کۆرپەکانی هەڵەبجەی شەهید دەدوێنن...
شیعرەکانت
تا لەم رۆژگارە تۆفەدا
لەسەر چڵێ وەکو بولبول
گشت ریز بوون و
بەم بارانە
ئاهەنگی نوای تۆف دەخوێنن.

کۆمەڵە شیعری «جیهانی سێ» پەنگرل46

فەهد گردەوانی دەڵێ: «حەمەسەعید حەسەن رژێمی فاشی عێراقی چاک ناسیوە، هەر بۆیە بە قوتابی هیتلەری لە قەڵەم داوە»<3>

---

<1> بۆ تەواوی بیروڕا گرنگەکانی حەکیم بڕوانە مامۆستای کورد ژمارە 10 ل20
<2> پشکۆ. گرێکی شۆڕشگێری لە هەڵەبجە غەززەی خەمناکەدا. نووسەر ژمارە 1
<3> سەردەمی نوێ ژمارە 40

سروە عەزیز دەڵێ: «حەمەسەعید وەک شاعیرێکی بەرگری ناسراوە، چ لە نووسینی شیعرو چ لە رەخنەو باسەکانیدا خاوەنی خۆیەتی»‹1›

فازیل جاف دەڵێ: «حەمەسەعید بە زمانە دەوڵەمەندەکەی لە شیعرەکانیدا باس لە خۆشەویستی کوردستان‌و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان‌و خەباتی پرۆلیتاریا لە پێناوی ژیانێکی خۆشتردا دەکات»‹2›

حەکیم سەغڵەت مەبەو بنۆڕەو بزانە خەڵکی هەڵەبجە چی دەڵێن: «ئێمەی هەڵەبجەیییە ئاوارەکان چەپکە گوڵی لە خوێنا شەڵاڵی شەهیدانمان دەکەینە دیاری پیرۆزبایی کاک حەمەسەعیدی شاعیرو هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین، دەستی ئەڕنێ‌و خامەی بوێرو رەنگین تر بێ»‹3›

حەکیم پشوویەکی بۆ بدە، جنێو رەوانە مەکە، بەیاننامەیەک لە بری جنێونامە بڵاوبکەرەو ئەو خەڵکە هەمووی بە جاش لە قەڵەم بدەو کۆتایی بە مەسەلەکە بهێنە. حەکیم کادر دەبێ بڕیاری کاریگەر بدات.

حەکیم لە شاکارەکەیدا زێتر باسی خۆی کردووە، وەک لەوەی باسی شیعرەکانم بکات، من تەنیا بە دوو سێ دێڕ باسی رابردووی حەکیم دەکەم. لە کۆنە هاوبیرێکی خۆییم بیست کە لە سوێد دەژی، ئەو کۆنە هاوبیرەی دەیگوت: حەکیم تا لە کوردستان بوو قاچاخچی بوو، قاتری هەبوو، تاقە سەروەرییەک بۆی مابێتەوە ئەوەیە شت‌و مەکی بە گران بە پاسۆک دەفرۆشت. ئێ حەکیم گیان کە ئەمە هەموو خەبات‌و رەنج‌و تێکۆشان‌و قوربانی‌دانی تۆ بێ، ئیدی پۆزی چی بەسەر خەڵکیدا لێ دەدەی؟ ئەگەر وا بۆ پاسۆک‌و کورد سووتاوی، ئەدی لە کوردستان بۆ نەدەچوویتە ریزەوە؟ لە سوێد بۆم دەبی بە پاسۆک تا لە پرسەدا قاوە بگێڕی، قاوەگێڕانیش بوو بە خەبات؟!

سەرنجێکی ئەم گفتە ناسک‌و نایاب‌و فەرمایشتە بەنرخانەی ئەم سەیدا هێژایە کە حەکیمی ناوەو «دوڕو گەوهەر لە گفتاری شیرینی» دەباری بدەن: «شیعر لەم دیوانەدا کەڵبەی سەگەو لە کلکی خۆیدا خەتم بووە، کچێکەو خۆی بێ بن دەکا»

گومانی ناوێ قاچاخچی لە سیاسەتچی ئابڕوومەندترە. سیاسەتچی کاری رەشی خۆی دەکات‌و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ، بەلام قاچاخچی بەستەزمان ناو بەناو بەر جووتەی هێستر دەکەوێ. بەراست حەکیم لە دوا کۆنگرەی فراوانی پاسۆکدا کە لەم دواییەدا بە بۆنەی ئەو بارە ناسکەوە کە هەر چوار تا پێنج پارچەکەی پێدا تێدەپەڕێ، سازتان کردو تۆیش نوێنەری سەراپای رێکخستنەکانی هەموو وڵاتانی سکاندناڤیای حیزبتان بووی، بە زۆریەی دەنگ لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە: کادر دەتوانێ تۆڵەی جووتەی قاتر لە شاعیر بکاتەوە؟ حەکیم گیان

‹1› کتێبی بێگانە، بڵاوکراوەی کتێبخانەی گشتی لە سوێد ژمارە 19 ل90
‹2› کتێبی بێگانە، بڵاوکراوەی کتێبخانەی گشتی لە سوێد ژمارە 13 ل88
‹3› نووسەر ژمارە1 ل85 1990

ئەگەر ئەمەیش یەکێکە لە نهێنییەکانی حیزبو درکاندنی قازانجێکی گەورە بە دوژمنو زیانێکی مەزن بە ریزەکانی ڕێکخستن دەگەیەنێ، ئەوا لێفەیەکی پێدا بدە.

ئای حەکیمی بەستەزمان، چۆن بووی بە پەندی زەمان! حەکیم، تاکە یەک ئەڵتەرناتیڤ لەبەردەمدا ماوە: خۆتو گیان لەسەر لەپێکی دیکە، لەسەر خوا، بە چەقۆوە بۆسەیەکم بۆ بنێنەوە، ئێ خۆ ئێوە پێ‌میمی کەرتی سکاندناڤیانو دەبێ ناو بە ناو چالاکییەکی عەسکەریش ئەنجام بدەن. حەکیم، کێ دەستی کردی بە زاخدا؟ کێ تونشەبەرەی شوانی نیشان دای؟ حەکیم، کێ سەری قوچکە تاش کردی؟ من لە دڵسۆزیمەوە ئاوێنەی ئەم نووسینەت دەدەمە دەست.

بۆ حەکیم لە من بەلەسەو یاخییە؟ تەنیا لەبەر ئەوە نیە کە من شێلگیرانە دژی گزشەگیریی نەتەوایەتیو بیری پۆخڵی رەگەزپەرستیم، بەڵکو لەبەر ئەوەیشە، کاتێ لە ناوەڕاستی1989دا لە ستۆکهۆڵم کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد بەسترا، حەکیم بێ ئەوەی نامەی بۆ چووبێ، بانگ کرابێ، باس کرابێ، ژمارەکەی لێ تێک چووبوو، بەهەڵە هاتبوو، کاتێک تێم گەیاند تەنیا ئەدیب مافی دەنگدانی هەیەو ئێمە دەمانەوێ یەکێتیی ئەدیبان لەدایک ببێت، نەک یەکێتیی ئەوانەی ناسکە گوتار بۆ ڕۆژنامەی حیزب دەنووسن. حەکیم سەرەتا لەوە سەرسام بوو کە من ئەندامێتی لە حیزبدا بە شتێکی پووچ دەزانم، دواتر بە ئابڕووی خۆیەوە کۆنگرەکەی بەجێ‌هێشت. حەکیم لەو ڕۆژەوە کە بۆی دەرکەوتووە بە ئەندامی ئەدیبان وەرناگیرێ، لە بیانوویەک دەگەڕێ جنێوم بۆ بنێرێ. حەکیم ئەمە ئەلفو بێیە، ئەوی بە ئەدەب نەبێ بە ئەندامانی ئەدیبان وەرناگیرێ.

حەکیم، دەزانم هەرکە ئەم نووسینەت خوێندەوە، وەک سیخوڕێکی بە سەلیقە لە ڕێی پاسۆکەوە ئاگاداری پارتیو یەکێتی دەکەیتو پێیان دەڵێیت: ئەها دیسان حەمە سەعید ڕەخنەی لێ گرتوونو بەدناوی کردوون. حەکیم چارەڕێی ئەوەت لێ دەکەم چونکە ڕاپۆرت نووسین پیشەی خۆتەو پسپۆڕی لەو بوارەدا، لۆمەیشت ناکەم ئەدی ئەگەر ڕاپۆرت لە خەڵکانی وەک من نەنووسین، ئەدی بەچی بژیت، خۆ نان لە گەرووی شێردایە، تۆیش خاوەنی کۆشی منداڵی.

حەکیم با بەڵێن بدەین تاکو مردن هەردووکمان خەریکی کاری خۆمان بین، من درێژە بە ڕەخنە واتە خەباتی فیکریی دەدەم، تۆیش درێژە بە ڕاپۆرت نووسین واتە «جاسووسیێتی» بدە، هەرکەسەو ئیشی خۆی، من لە بواری ڕەخنەگرتندا شاگرد نانەوام، تۆیش لە بواری ڕاپۆرت نووسیندا کەڵە قەسابی. هەر کێک لە ئێمە بە شێوەیەک بوونی خۆی دەسەلمێنێ، تۆ ڕاپۆرت دەنووسیت کەواتە تۆ هەیت.

منو سەباحی غالیب لەمێژە یەکدی دەناسین، کەمن لە چیا بووم سەباح نامەیەکی بۆ «دۆستێکم» لە سلێمانی ناردبوو، لەو نامەیەدا کە خوێندوومەتەوە باس لە هەڵوێستی جوامێرانەی* نووسەری ئەم دێڕانە دەکا. بەلامەوە سەیرنییە کە حەکیمی پاسۆک جنێوی پێ داوم، چونکە پاسۆکو جنێو، وەک ڕێویو قێڵ، بێ یەکدی هەڵناکەن، ئەوەم بەلاوە سەیرە سەباح بواری داوە ئەو هەموو جنێوە لە

* هەڵوێستی جوامێرانە، تەعبیری سەباحە لە نامەکەیدا.

گۆڤارەکەی ئەوەوە بە من بدرێ. جێگەی ستایشە سەباح بڕوای بە ئازادیی بیروڕا هەبێ، بەڵام ئازادیی جنێودان شتێکەو ئازادیی بیروڕا دەربڕین شتێکی دی.

ئەو چەند لاپەڕە زەردەی حەکیم پێش ئەوەی بگاتە گۆڤاری «هەڵوێست» لە گەلێ دەرگای دیکەی داوە، بەڵام ئەو گۆڤارانەی دیکە، ڕێزی خۆیانو خوێنەریان لە بەرچاو گرتووەو دەرگایان لەسەر جنێوو درۆکانی حەکیم نەکردۆتەوە. دوو هەفتە لەمەو بەر دوانامەی سەباحم پێگەیشتووە، لەو نامەیەشیدا بەدەبرای هێژا کاکە حەمەسەعید...» دەست پێدەکا، لێم ڕوون نییەلەبەرچی ئەو جنێوانەی پێگەیاندووم، ئەگەر مەبەستی ئابڕووبردنی حەکیم نەبووبێ، دیارە ویستوویەتی دەنگێکی جوامێرانەم لێ بدات.

هەندێ لە هاوڕێکانم پێیان وایە زمانی بەشێ لە نووسینەکانم زبرەو توندوتیژی پێوە دیارە. بەو هاوڕێیانەم دەڵێم: من نامەی دڵداری نانووسم ململانێی فیکری دەکەم، کە ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتییە، بۆیە ناچارم سەرو بۆر بۆ وشەکانم بکەمو قەتماغە لە برین بکەمەوە. شۆڕشگێڕترین حیزبیش دەکەوێتە زەڵکاوی سازشەوە، من سەر بە هیچ حیزبێک نیمو بوار نادەم بەرهەمم ماڵی بکرێو سازش ناکەمو پرد لە دوای خۆمەوە بەجێ‌ناهێڵم، چونکە نە نیازی پاشەکشێم هەیە، نە چاوەڕێی دەست خۆشانەو پلەوپایەم.

کە ئەسپێ دەگلێو بە سەختی زیانی پێدەگاو دەکەوێتە گیانەڵاوە، بۆ ئەوەی ماوەی گیاندانەکەی درێژە نەکێشێ، سوارەکەی گوللەیەک بە تەختی تەوێڵییەوە دەنێ، بەوە لە ئازاری ئۆواری ماوەی درێژخایەنی پێش گیان بەدەستەوەدان قوتاری دەکات. پاسۆک قاتریکی گلاوەو لە گیانەڵا دایە، دەترسم ئەم نووسینە ڕۆڵی گوللەی بەزەیی بگێڕێ، ئەوسا گەلی کوردی بەستەزمان چۆن ئەم ژیانە تاڵە بێ کەرەستەی ڕابواردن بەسەر بەرێت؟ گەچەرو گوچەر ڕوو لە کوێ بکەن؟ داڵە کەرخۆرەی جنێوی کوردی کام سەرنووکێک بکاتە هەوار؟

20ی ئەیلوولی 1991

هەواڵنامەی کتێب

# دایکم نایەوێ من ببمە وەزیر

فازیل کەریم ئەحمەد

لوولەی تفەنگەکان رووبان لە یەکترو زەق زەق سەیری ناوچاوی یەکتریان کردەوە. پەنجە لەسەر پەلەپیتکەیە. چاوەڕوانی گرمەو نالەو بروسکە دەکرێ. چاوەڕوانی بۆنی خوێن‌و بارووت دەکرێ. چاوەڕوانی خۆڵ باران‌و تەرزەو تارمایی مەرگ دەکرێ. قەرەوڵ‌و نیشان جووتکراوە. تەپڵەسەر دەفڕێ، لاشە وەکو گەڵای دار دەوەرێ، هەستی کیسەڵاوی ئەو نا جوولێ. وەکو ژیشک خۆی گرمۆڵە دەکات، دەبێتە تۆپێکی دڕکاوی زل. کەس ناوێرێ لێی نزیکبێتەوە. کەس نییە بەدڕکی ئەم تۆپە دڕکاوییە گەورەیە کزڵەوار نەبووبێت. دڕکەکانی ژەهراوین‌و برینەکانیشی ساڕێژ نابن. بە خوێن دەژیو لەناو خوێندا مەلە دەکات‌و هەر تێریش نابێ. ئەمە مێردەزمەیەو چۆتە پێستی مرۆڤەوە. هەزار ساڵ ئاگر بپەرستی، هەر ئەوەندە خۆتت لێ نزیک کردەوە دەتسووتێنێ. لوولەی ئەم تفەنگەیش، بۆ جوانیو خۆشەویستیو گوڵباران نییە، بۆ مەرگو دۆزەخ‌و ئاگربارانە. ئەم لەشکرە تێروتەسەل‌و مۆڵدراوە بۆ گەمەو یاری منداڵان نییە. ئەم لەشکرە بۆ ئەوە دروست کراوە، خزمەت بکرێ. لە تەڕ بخواو لە وشکیش بخەوێ. ئەم لەشکرە ئازاو مەزن‌و بێوێنەیە، پێویستی بە گەلێک هەیە، بۆ ئەوەی نۆکەریی بکات. هەروەکو چۆن مرۆڤ پێویستی بە سروشت هەیە، ماسیش بە ئاو، سوپایش ئاوا پێویستی بە گەل هەیە.سروشت پێویستی بە مرۆڤ نییە. سروشت

پێویستی بە ئەتۆم و ژەهری کیمیاوی و ئۆتۆمبیل نییە. گەلیش پێویستی بە سێدارەو زیندان و تێهەڵدان نییە. دایکم بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی خۆی، تۆ کوڕی ئاگرباران و زیندان و خەنجەرهەڵکێشان نیت، کوڕی قەزوان تەقاندن و سێرێزکان و گوێ ئاگردانیت. نان بۆ نانەوا و شەڕەسەگیش بۆ سیاسییەکان. سەیریان کە چۆن قەپاڵ لە قاچی ئەم و ئەو دەگرن. دەڵێی سەگی هارن و سەریان کردۆتە ناو کەلاکی تۆپیو. گوێ لە مۆڕەمۆڕ و مرخەمرخیان بگرە. سەیری کەڵبە خوێناوییەکانیان بکە. ئەی چۆلەکە بچکۆلانەکەم ئەم ئاسمانە، بەری بە سەقرو شاهین و هەڵۆ تەنراوە. تۆ نە باڵی تیژت هەیە و نە دەنووکی چەقۆئاسا. ڕاستە سەرۆک ئێستا لە کەلی شەیتان نایێتە خوارێ، بەڵام دڵنیام چارەنووسی تۆیش لە چارەنووسی ئەو ڕەوە وەزیرانە باشتر نابێ، کە خەونیان بە وەزیرییەوە دەبینی و بێزوویان پێوە دەکرد. چەندیان بە زیندوویێتی لەناو مەنجەڵدا کوڵێنران و چەندیان پێستی سەریان کرایە پێڵاو...

ئەو هەر سوورە لەسەر ئەوەی ببمە وەزیری دەستەڕاست. من خۆم حەزم لە وەزیری دەستەچەپ نییە. ڕۆژی چوار جار لە کۆشکی کۆمارییەوە بۆ دایکم تەلەفۆن دەکات و دایکیشی هەفتەی نووسی جار دامێنی دایکم دەگرێ. کوڕەکەم زۆر دڵی بە کوڕەکەت دەکرێتەوە. ئەگەر ئەو نوو پیاوی وەک خولەی لەگەڵدا بێ، ئەوا شێرە بە شێرێتی خۆی پێیان ناوێرێ. خۆ دەبێ یەکێک پلەی وەزیری بدرێتێ، دنیادیدەو زاناو ئازا بێت. تەیری گوڵ عاشق بە داری زەقنەبووتە. خولە هەڵوەشاوەو وەزیری؟ ئەم هەتیوەی من ئێستاش پێڵاو تاکەو تاک لە پێ دەکات و نازانێ قۆپچەی پانتۆڵەکەی دابخات. نە چەپ و ڕاستی خۆی و نە گێزەرو باینجان لێک جیادەکاتەوە. شەوان بەدەم خەوەوە هەڵدەستێ و دەڕوا. دەبێ پەتێک لە قاچی چەپی شەتەک بدەم، بۆ ئەوەی لە سەربان بەر نەبێتەوە. بە ڕۆژ چی کردبێ بە شەو هەمووی دەگێڕێتەوە. ڕۆژنیە قەیتانی پێڵاوەکانی لێ بزر نەبێ. مەیموون زۆر جوان بوو؛ ئاوەڵەیشی دەکرد. خولە وەزعی زۆر باش بوو، فێریش بووە هەموو ئێوارەیەک گوەکە دەخواتەوە. ڕۆژ نییە لیسێکی تێدا نەشکێنم، بەڵام دەڵێی مێزی گایەو هەر خوار دەڕوا. ئینجا چی تیایە با وەزیرییەکەشی بێتە

سەر. بۆ ئەوانەی وەزیرن لە خولە چاکترن؟ تازە کورەکەم بڕیاری داوەو لە قسەی خۆی پاشگەز نابێتەوە. خولە خۆیشی خەریکە بۆ وەزیری سوێی بێتەوەو ئەویش وەکو پیاوی پیاوانە بەڵێنی خۆی داوەو لە شیعری خۆی پەشیمان نابێتەوە. کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کۆێیە! چۆن لە شیعری خۆی پەشیمان نابێتەوە؟ هەر ئەوەندەی بەسە، دووجار چاوی لێ سوور بکەمەوە. من زۆرت لێ ناکەم خۆیشت سەرپشکی لە نێوان ژەهراو ئاوو ژەهردا. من نامەوێ وەکوو دایکی خەڵکی تر بە تۆپزی ئاو سەرەژوور بەرم.. دایە گیان، توخوا لێمگەڕێ با هەر تەنیا بۆ دوو رۆژ ببمە وەزیر، هەر بۆئەوەی بزانم تامو لەزەتی چییەو بۆ خەڵک خۆی بۆ بە کوشتن دەدات؟ ئەمیش هەر تامی گوەکە دەدات‌و ئەوانەیش هەر وەکوو تۆ کەرن؛ بۆیە خۆیان بۆ کورسی شکاو بەکوشت دەدەن! ئەحمەق! کەرپیاو!

ئەو هەر کۆڵ نادات‌و هەر سوورە لەسەر بڕیارەکەی خۆی. «ئەیە پەخشەگەیەو چوێسە کەپوولمەو *خوداش دەری نیکەد*»‹1› لەوەناچێ ئەم کەللە زلە لە «پەخشە» بەولاوە هیچی‌تری تێدا بێت. کەرێتی بڵندترین پلەی بەختەوەرییە.

«خوشا بە حال آنکە کرەخر آمدو خر رفت»‹2›

دایکیشم لە داری ئەعلەت نایەتە خوارەوەو بە موو لە قسەی خۆی دەرناچێ، منیش لە نێوانی ئەم دوو بەرداشەدا گیرم خواردووە. دایکم گوتی:

– رۆڵە، خولەگیان، ئەوە جەنابی سەرۆک بانگت دەکات.

– پێی بڵێ! ئەوە پێڵاوەکانی بۆیاخ دەکات...

ماکەر! وەزیری لێ چۆتە کۆڵی شێر. من دەتوانم هەر بە نووکەقەڵەمێک هەزار وەزیر دانێم‌و هەزاریش بکەمە خۆراکی مارو ماسی. وەزیر وزیرەو پێڵاویش پێڵاو. هەر بە تەنیا دەتوانم هەر هەموو کارەکانی خۆم‌و ئەوانیش راپەڕێنم. کەسیان نەدەتوانن مێشوولە لە ئاو بکەن‌و نە پووشیش لەسەر پووش دانێن.

---

‹1› بە شێوەی خانەقینی نووسراوە واتە «ئەمە مێشوولەیەکەو چۆتە مێشکمەوەو خواش دەری ناکات». کابرا ئاڵێ ئەمە بیرێکەو بروام پێی هەیە.

‹2› ئەم پەندە فارسییە پێویستی بە لێکدانەوەو وەرگێران نیە.

جەنابی سەرۆک، پێڵاوەکانم بزر بوون. وەزیری دارایی قەڵەمەکەی لێ دزیم. ئەمنەکان خێسەم لێ دەکەن. گێلە، تۆ وەزیری جەنگو گەورەترین جەنەڕاڵی ئەم سوپایەیت. ئێمە لەسەر ئاستی جیهانی دەبێ وەکوو هێزێکی عەسکەری ناودەرکەینو زلهێزەکانی‌تری دونیا بهێنینە سەرچۆک! بەڵام سووپا ئەگەر ئەمە سەرلەشکرەکەی بێت، دەتوانێ بە ئاسانی لە هەموو کاتێکدا تاجی سەرکەوتن لەسەر بنێ!

سەرۆک یەک مانگی رەبەق دەچێتە خەڵوەتەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری ئەوە بدات؛ لەسەر «پێنج دیناری» وێنەی خۆی یا وێنەی گوێرەکەیەک دابنێ. سەرۆک، فریاکەوە! ئەوە بارودۆخی ئابووری خەریکە هەرەس دەهێنێ! گۆزێی مەدەنێ، سبەی بە بلەی بن ئامۆزام دەڵێم چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە.. بلە جاران- جامبازێکی وریا بوو، تۆ بڵێی سەری لە کاری ئەم بانقو مانقەیش دەرنەچێ. ئەو هەموو جارێ دەڵێ: ئەم وڵاتەی ئێمە گوێرەکەی زۆرە. هەقە لەسەر «پێنج دیناری»و ئاڵای نیشتمانیش وێنەی ئەو یا من هەبێ.

پێویستە لەسەر دیوارەکانیش دروشمی جوان بنووسرێت، سەرۆک دڵی گەلە. ئەوەی ئیش نەکات شەرەفی نییە. من زیاتر مەبەستم وەزیرەکانە، چونکە هەر هەموویان نانخۆرو سفرەدڕن.. بازرگانی سیاسیو «فحشاگری شرفمندانە» وەکو یەکن. دەبێ ووشەی سیاسەت هەر هەڵبگیرێتو لەمەودوا کەس کاری سیاسی نەکات. ئەمانە بەڕاستی سەنعەتەکەیان رەزیل کردووە.

من لە پەنای دیواری ماڵەدراوسێکەماندا میزم دەکرد. ئەو پشتی‌ملی گرتم. جارێ لە ناوەڕاستیدا بوومو پشتی ملی هێنم بەدەستەوە بوو. خۆشت بێتو ترشت بێت، هەر دەبێ لە کورسی وەزارەت مارەت بکەم. هەی گوێرەکە، ئەگەر وەزیری نەبێت تۆ بە کەڵکی چی دێیت؟ نە چاوت جوانە، نە دەنگت خۆشە .. خۆ ئیشەڵڵا لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنو مۆپۆزسیۆن نیتو بیروباوەڕت لەگەڵ من نەگونجێ؟ سەرۆک سەرنێشەی ناوێ. من هەرچی دەڵێم تۆ دەڵێی وانییەو تۆیش هەرچیت گوت من دەڵێم وایە. ئیدی بۆ سەرت بە شتێکەوە دەئێشێنی کە شایانی سەرئێشە نەبێت؟ من خۆیشم نازانم بۆ حەزم لەوە نییە لە پشتی مێز دانیشمو لە

بڕی بزەو پێکەنین، وەکو ڕێوییەکی ڕەقهەڵاتوو، هەر دان جیڕکەمەوە، هەر بۆ ئەوەی بڵێن وەزیری ناوخۆ ڕووی خۆشەو بەدەم منداڵو گەورەوە هەر پێدەکەنێ. کەرە، وەزیری مێشکو زیرەکیو زانایی ناوێ، هیلاکیو شەونخوونیو شەڕەشەقی ناوێ. ئەمە شیعرنووسینو ماتماتیکو فەلسەفە نییە. تۆ هەر سم پێوەنانت لەسەرە. ڕۆژی دوو فەردەی خەتسوور بڕیارو ئامۆژگاریو نامە لەم وەزارەتەوە دەردەکرێت، هەر هەمووی لەلایەن ئەمنو ئیستخباراتو پۆلیسەوە ئامادە دەکرێ، دادەڕێژرێو وەکوو هێلکەی پاکژکراو لەبەر دەستت دادەنرێتو هەر سم پێوەنانت لەسەرە. ئەوەیشت پێ ناکرێ؟ ئارەزووی خۆتە، دەتوانی عەلەی ئامۆزات فێری ئەم سەنعەتە بکەیتو هەردووکتان ئامۆزاو هاوسەری یەکترنو با ئەو بەو کارەی تۆ هەڵبستێ. با هەر لە مەلابانگدانەوە تا نوێژی شێوان هەر زرمەی بێت. تۆش بۆخۆت لە دیوەخانی وەزارەت دانیشەو هەر دیۆ بخۆرەوەو میوان بەڕێ کە. ئەی ڕووناکبیری چوارپەل قەوی، بۆ کاری خۆت نازانی؟ کەر هاوسەرەکەی زێڕ بێت یا ئاسن، چ جیاوازییەکی هەیە؟ خۆزگەم بەخۆت، کە ئەوەندە کەریتو هێندەش دڵت بەم ژیانە خۆشەو مێشیش میوانت نییە. کردەی خۆم لە گردەی خۆم. دەڵێی دانەی تەسبیحن. چۆن هەر هەموویان لە یەک دەچنو هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە؟ کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە. ڕۆڵە تۆ هێشتا «فرنیت»‹1› لەگەڵ «ئێسپریسۆ»‹2› نەخواردۆتەوە. بووکی یەک شەوەو پیرێژنی حەفتا ساڵە لەیەک جیا ناکەیتەوە. سەری ساڵت لە «هاید پارک» بەسەر نەبردووەو لەگەڵ لیندانی سەعات دوانزەی تەواو ماچت لە لێوی کیژانی لەندەن نەسەندووە. خوا گیان، ئەوە «هاید پارک» بوو یا «پیکادەلی سیرکۆس»؟ ئەو وەزیرە چوختییە هەزار جار بۆی گێڕامەوە شێوەی ڕابواردن لەو شارەدا چۆنەو هەر ئەم مێشکە وەری ناگرێ. منیش پێم دەگوت: هەزارجار دەستت خۆش بێت، هەرچیت لە ئینگلیز کردووە، ئەو

‹1› جۆرێکە لە خواردنەوە

‹2› قاوەیەکی تاڵ لەناو فنجانی بچووکدا پێشکەش دەکرێ

گەماڵباوکانە قەرزێکی زۆرمان لە سکیان هەیەو هەر چیان لێ بکەین ئەوە ناتوانین تۆڵەی ئەو زیانە نیشتمانییە قورسە بکەینەوە کە ئەوان لێیان‌داوین. سەیرکە! ئەم نەخشەیەیان چۆن کوێرانە دابەش کردووەو چەپو راست هێڵیان پێدا هێناوە. جەنابی وەزیر، دەستت خۆش بێتو هەقە هەزار مەدالیای نیشتمانی سنگت برازێنێتەوە. مێژوونووسان دەبێ ئەم کارانەی تۆ بە «فەتح» دانێنو هەموو ساڵێک یادیان بکرێتەوە.

کەرە، وەزیر چۆن دەبێ، بە سواری پاسکیل بەناو کۆڵانەکانی شاردا، بەدوای سۆزانیدا بگەڕێ؟ سەیری شاقڵی پاڵتۆ شۆڕەکەت بکە، هەر دەڵێی باڵی سیسارکە کەچەڵەیە. ئەم بۆینباخە سوورە، بۆ بە سەر شانتا، وەکو قەیاسەی‌کراوە، شۆڕ بۆتەوە. وەزیر دەبێ لە نێو عەرەبانەیەکی رەشی شاهانەی رازاوەدا دانیشێو دەستکێشی سپی لە دەست کاتو بۆیمباخی پەپوولە. ژنێکی شۆخو شەنگی شەرمن لە تەنیشتییەوە بێتو هەر لە شازادە فەرەنسییەکان بچێ. تۆ کە بە کۆڵانەکاندا وەکوو تیزکەی تفەنگ تێدەپەڕی قەسابو بەقاڵو چەقاڵو کۆتربازەکان فیکەت بۆ دەکێشنو تونکلە شووتیت تێدەگرن. کردەی خۆم لە گردەی خۆم. ئەگەر بەدەستی خۆم تەسبیحەکە بەم شێوەیە نەهۆنمەوە، کێ هەیە لە پەرێزی وەزیرێکدا بکۆکێ؟ دیارە پەتەکەم بۆیان هەر یەکجار شلکردووە، بۆیە ئەم میللەتەیش شووڵی لێ هەڵبڕیوە. ئەوە ئەگەر عەسکەرێکی بێ قیمەت بە تانکەوە بچێ بۆ ناوبازار، فیکەکێشو تونکلەشووتی هاوێژەکان، دەستی بۆ بە سنگەوە دەگرنو بە «سیدی .. سیدی» بانگی دەکەن.

جەنابی سەرۆک! ئیشوکاری جەماوەر لێگەڕێ بۆ خۆم، بایی ئەوە لە سیاسەت سەرم دەردەچێ، وەزیرایەتی بکەمو پەتەکەیش لە دەستم نەپچڕێ. راستییەکەی ئەوەیە، من پیاوێکی مۆدێرنی داهێنەرم. بڕوام بە شێوەی کلاسیکی کاروباری سیاسی نەماوەو دەمەوێ سەرەتای شێوازێکی نوێ بهێنمە کایەوە کە پێش خۆم کەس پەیڕەوی نەکردبێ. دەمەوێ رچەشکێن بمو لاسایی‌کەرەوەیەکی گێل نەبم.

من، خۆم پێم خۆشە، هەموو رۆژێ بە پایسکل، هەر پێنج منداڵەکەم بۆ قوتابخانە بەرمو نیوەڕۆش بیانهێنمەوە. لەو سەرەوە دەبێ بە پەلە بازاڕ بکەم.

چونکە ئەم ئێوارەیە سەرۆک کۆماری نەرویژو پاشای ئەڵمانیا پێکەوە، بە خاووخێزانەوە، لە ماڵی ئێمەدا میوانن. ئەم ژنە گەوجەی منیش، هەر میوانێکمان بێت، دەڵێ:

پیاوەکە! چەمسووتەکە یا سەرووپێ؟ زۆرجار لەسەر ڕێگەدا، شێلمفرۆش یا قەزوان فرۆشەکان، بیرم دەخەنەوە، کە ئەو ڕۆژە «کۆنگرەی جیهانیی پاراستنی مافی کیسەڵو بۆقو قالۆنچە» دەبەسترێتو وەفدەکان هەر هەموو لە هۆڵی کۆنگرەدا چاوەڕوانن من خوتبەی کردنەوەی کۆنگرە بدەم. جەماوەر لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا چاوەڕوانی گەیشتنی من دەکەنو ڕادیۆکانیان بە گوێیانەوە نووساندووە. من دەبێ دوو پیاڵە قەزوان لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدا بێت ئەگینا خوتبەم بۆ نادرێو هیچیشم بۆ نایەت. سەرۆک پێی‌ناخۆشە لە کاتی خوتبە گرنگەکانمدا، قەزوان بتەقێنمو لەبەرخۆیەوە هەزار جوێن بە ئەنکم دەدات. ئەو ڕۆژە سەعە کەبابچی پێی نەگوتمایە، هەر بیریشم نەمابوو ئیمپراتۆری چینو ماچین گەیشتۆتە فرۆکەخانەو دوو سەعات لەناو فرۆکەدا چاوەڕوان دەکات. ئەم کەربابانە دەڵێی هەنگوینیان لەدارا دۆزیوەتەوە، هەر دوو ڕۆژ جارێ خۆیانی پیا دەکەن. پێش ئەوەی سەری شوێنەوارە مێژووییەکان بدەن، یەکسەر دەڵێن: نەوتمان پێ بفرۆشنو ئێمەش لە بری ئەوە نوێترین فرۆکەی بۆمباهاوێژو چەکی وێرانکەرتان پێ دەدەین. تکایە با نەوتەکە هێندە گران نەبێت، ئێمە لای خۆمان بە نرخی ئاو دەیفرۆشین، خۆ دەبێ تۆزێ قازانجی لێ بکەینو خاتریشمان بگرن. دڵنیا بن وەکوو دەوڵەتانی تر چەکی کۆنو ناکاریگەرتان پێ نادەین. ئەگەر پارەیشتان بدەینێ ئێوە چی لێدەکەن؟ باخچەی منداڵانو شوێنی یاریو سەیرانگای لێ دروست دەکەن؟ بڕوا ناکەم ئێوە پێویستیتان بەم جۆرە شتانە هەبێت. ئێوە دڵو دەروونتان لای چەک کڕینەو لە ئێمە باشترتان دەست ناکەوێ.

ئای ڕۆڵە چ ڕۆژگارێکی ڕەش چاوەڕوانمان دەکات..

لوولەی تفەنگەکان ڕوویان لە یەکتر کردووەو زەق زەق سەیری نێوچاوانی یەکتر دەکەن.پەنجە لەسەر پەلەپیتکەیە. چاوەڕوانی گرمەو ناڵەو برووسکە دەکرێ. چاوەڕوانی خۆڵبارانو تەرزەو تارمایی مەرگ دەکرێ. ئێمە لەسەر

باروتخانەیەکی مەزن دەژینو ئاگامان لە خۆیشمان نییە. مەرگ وەکوو هەڵۆ بەسەر سەرمانەوە لەنگەری گرتووە و ئاگامان لەخۆمان نییە. ئەمە چ نەعلەتییەکی ئەزەلییە شوێنپێی هەڵگرتووین؟ خولەگیان، ئەم شەو خەونێکی سەیرم بینی، مرۆڤ بوونو مرۆڤ نەبوون، قژو ریشیان تێکەڵاو بوو. هێندە تووکن بوون پێستی لەشیان نەدەبیندرا. لە نێو ئەشکەوتێکی تاریکدا هەریەکەیان سەرکە بزووتێکی بەدەستەوە بوو، بە شێوەیەکی بازنەیی وەکوو تەسبیح بە دەوری ئاگرێکدا سەمایان دەکردو دەنگێکی زۆر سەیریان لێ دەبیسرا:

Tü Ta Ta Tu
Tü Ta Ta

لەسەر کانیی بەردەم ئەشکەوتەکەیش، بڕێک ژنی رووتو قووتی قژ درێژ، بە ریز وەستا بوونو دەستی چەپیان لەسەر بەریان دانا بوو، بە هەمان دەنگو ئاواز بۆیان دەسەندنەوەو دەستی راستیشیان بۆ بنمیچی ئەشکەوتەکە رادەکێشا:

Tü Ta Ta Tu

Tü Ta Ta

دایەگیان، تۆ خەونت بە دەوری بەردەوە بینیوە. تەنیا لە سەردەمانی پێش مێژوودا مرۆڤ بەو شێوەیە بووە. سەیرە کە تۆ خەون بە شتێکەوە ببینیو تێیدا نەژیابیت. خەو رابردووە.. سەیر نییە، من لەم دەنگە تێناگەم بەڵام بە گوێم ئاشنایە. تۆ گوێ لە گۆرانیو مۆسیقا بگرە، گوێ لە قسەی هەندێ لە دراوسێکان بگرە، دەنگی سەرۆکیش هەروایە، بە تایبەت کاتێ کە خوتبە دەدات.. سەیری لوولەی تفەنگو ئاگرەکەی دەستیان بکە، شێوەی جوولانەوەی دەستو دەمیان بکە!، بە موو لێکیان جیاناکەیتەوە.

خولە سەرسام بوو، ورتەی لە خۆی بڕیبوو، ئاگای لە خۆی بڕابوو. وردە وردە تەموومژی خەمێکی بێ سنوور لە دەروونیدا رەوییەوە. گەشایەوەو بزە کەوتە سەر لێوانی. زەردەخەنەیەک مەگەر ئەو لێوانە پێش لە شیر برانەوە بەخۆیانەوە بینیبێت.

گرێتنگن 21 / 2 / 1990

# حاجی یەک لاق

## پشکۆ

... ئاخ!، هەڵگەڕان‌و داگەڕان ئاخ!، چۆن بوونە تەوقی عەزازیل‌و لە گەردنمان ئالأن. بریا ساڵ‌و ڕۆژی لەدایکبوونیانم دەزانی!. ئەی کێ ناڵێ هاوزامان نین، تا دووریش نییە هەزار ساڵ پێش ئێمە سەریان لە هێلکە جووقابێت‌و لەسەر پشکۆ چاوەنۆڕمان بووبن! هەر بەڕاستی هاوکێشەیەکی پڕوپوچ‌و بێ مانایە...

هەڵگەڕان + داگەڕان = سفر ـ 1

هەڵگەڕان توان دوو + بادانەوەو پێچکردنەوە + داگەڕان = سفر ـ 2

مەسەلەکە تەواوسادەو بێ گرێ‌و گۆڵە، قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندیش وەکو ئاوو دۆ لەبەریەتی، ڕەنگە لە عەبە شەکەنەشی بپرسیت، ڕاست‌و ڕێک بڵێ: دەکاتە سفرێک‌و دووشەک... کەچی لە ئێمەیان کردۆتە تیۆرە ڕێژەییەکەی ئانیشتاین!

- کاکە مینە! کەمێ پێ هەڵگری چاترە!
- خۆ بە دووی شایەتدا ناگەڕێین؟!
- پێش ئەوەی تاریک دابێ، دەبێ لەسەر شاخ بین.
- لەوەتی هەین ڕۆژێک لەسەر لوتکەو ڕۆژێکیش لە بنارین!
- پیاو دەبێ هەمیشە پشت لە بنارو ڕووەو لوتکە هەڵکشێ
- «کە مل بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە کورسی‌و ئەسکەمل چ بکا»

- شیعرەکانت بو سبەی هەڵگری چاکترە.

- ئەمڕۆش وەکو سبەی وایە!

بەلای تۆوە چوون یەکن دەنا...

- مانگو ساڵەکانیش...

- دەنا ژیان سەوزو جیهانیش فراوان!

- تەنیا لەنێو کتێبیان‌و نەخشەکاندا.

- فەلسەفەکانت جووت نایەنەوە، لێیان گەڕێ چاکترە.

- من دەمێکە لێیان گەڕاوم، بەڵام لێناگەڕێن...

بەرو دوا ئامبازی کۆڵی هەورازەکە ببوون‌و چنگیان لە قورتمی گیرکردبوو. هێندەی نەمابوو بەلادا بێت‌و لەبەر پێیانا تخێڵ ببێت.

گەرچی لوتکەی چیاکە دوا تاڵی کەزی زێڕینی خۆرەکەی لە بن پۆشین نابوو، کەچی ئەمان شەلاڵی ئارەقە ببوون‌و چۆڕاوگەی هەنیەو لاملیان بە هەمواری سنگو شانیاندا تاژێر پشتێنەو خوارتریش هاتبوو. لەگەڵ بانگی یەکەم کەڵەشێری گوندا وەڕێکەوتبوون‌و بۆ نانی نیوەڕۆش وچانیان بۆ نەدابوو، کەچی وەکو بەرانەکێوی بە هەمان گوڕوگوژمی وەرێکەوتنیانەوە بە پێپلیکەی هەڵەمووتەکەدا هەڵدەزنان.

ساتێ ئەمان پشتی دواپلەیان لە زەوی دا، چیاکەی ئەوبەریان سەرمەستی نۆشینی دواپێکی زەردەپەڕ بوو.

- دەزانی دەچینە کوێ؟

- جا بۆ پیاو دەوێرێ بپرسێ!

- لە سات‌و وادەی خۆیدا، بۆ نابێ!

- ساتێ پیاو مەودای بڕیارو سەرپشکبوونی نامێنێت‌و دەبێ کوێرانە دەست بە کلکی حەشامەتەکەوە بگرێت!

- حەشاماتی چی‌و تەڕەماشی چی، ئێمە هاوڕێ‌و هاوخەباتین‌و بۆ مەبەستێ خەبات دەکەین.

- هاوڕێ‌و هاوڕێباز؟! ئەی بۆ نالێی بە ناچاری ملی هەمان ڕێگامان گرتووە؟!

- ڕەنگە تۆ ناچار بیت، وەلێ من پڕ بە خواستو ئارەزووی خۆم وەسەر ئەم ڕێیە کەوتووم...

- هەربۆیە چارەنووسی من بە بڕیاری تۆو هی تۆش بە بڕیاری سەرووترەوە بەندە!

- ئەمە یاسایەکی شۆڕشگێڕانەیە، زەبتو ڕەبتو ئاوەندییتی، بێ ئەمە سەرکەوتن مەحاڵە! ئەگەر زۆریش سەغڵەتیت ئەوا سەربەستیتو دەتوانی بە ئاقارێکیتردا بڕۆیت...

ئەمەی گوتو نیگایەکی مانادارى لە کاکەمینە گرت، پاشان بۆ دەست بە بەرد گەیاندن چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە...

«دەمتوانی بە ئاقارێکیتردا، بە بزنەڕێیەکیتردا، بە زێرابێکیتردا... بەرەو زۆنگاوێ، چڵپاوێکیتر... نەء... چی ئاقارو ڕێگاو کوێرە ڕێگا هەبوون بەستراو بوون... پردەکان ڕووخابوونو بوارەکانیش بارگیریان تل دەدا... لە نێوان دوو ڕێگای لەیەکچوودا، دوو ڕێگا هەردووکی هەر بۆ «بانە» دەچوون سەرپشک بووم... بەرەو مەرگێکی کۆمپیوتەری یان مردنێکی ڕەسەنی کوردانە... دوو ڕێگا بەرەو مەرگ... من بە ڕێکەوت دووهەمیانم هەڵبژارد. ئیدی ئەمە ترسنۆکی بوو یا ئەگیدیو جوامێری؟ نازانم... تۆ بڵێی گەردن لە ژێر کێردی قەساب ڕاپسکاندنو پەلەقاژەکردن، یان هەڵاتن لە مەرگێکو بەرهەڵدابوونی نێو جیهانی مەرگێکی دیکە، چ چاوقایمیو جەربەزەییەکی تێدا بێت؟!. بەراستی ڕێکەوتیش سەیرە! تۆ بڕوانە ئەم یاسای پێداویستیو ڕێکەوتە، وا بوونەتە سەروبنی یەکترو پێکەوە گرێدروان، پیاو سەریان لێدەرناکا. دەڵێن ئەوی بتوانێ خۆی بگەیێنێتە ئەم شاخوداخە، ئیدی تەواوی ئازادی خۆی هەیە، ئازادی بە مانافراوانەکەی، یانی سەرپشکبوون لە هەڵبژاردندا، هەڵبژاردنی هەر شتێکی پێتخۆشبێتو پێویستت بێت... هەڵبژێرە!... مەرگی سوور، مەرگی زەرد، مەرگی ڕەش، هەڵبژاردنی جۆرو شێوازی مەرگ، پێودانگی ئازایەتییە، مرۆڤیش کە ئازاو چاونەترس بوو، هەموو ئازادیو سەربەستیەک دابین دەکا...

پیاو ئەو پیاوەیە جوانترین پشکە مەرگی گیرکەوێت...

سەرووەرانەترین مەرگ، تا حیزب‌و میللەت‌و کەسوکارت شانازیت پێوە بکەن... لە کۆڕوکۆمەڵدا، لە گازینۆو بارەکاندا، بە گۆڕەکەت سوێند بخۆن! میدالیای نەمریت بۆ داڕێژن‌و کیژوکاڵان لە ئاهەنگ‌و بۆنەو خۆپیشاندانەکاندا لەبەرۆکیانی بدەن. ئازایەتی! چەند رووکارو کرۆکی هەیە؟ بکوژی کارامەو بە ئەزموون... قارەمانی کردەو کون‌لەجەرگدا نەبوو... هەتا زیاتر بکوژیت‌و کوشتن پیشەت بێ، بەڕێزترو بە سامترو بە شکۆتریت... ئا... کوژراوی سەرەمەرو شکۆمەندو بکوژی قارەمانیش هەیە!... هاوکێشەکە چەندین رووکارو ئەمسەرو ئەوسەری هەیە، سەد کەوڵ‌و یەک نێوناخن... کوشتن‌و خوێن رشتن...

- ئەجمنین؟!

سەری رەزامەندی بۆ لەقاندو هەستا، نیگایەکی لە ئاسمان گرت. گەواڵە هەورەسپییەکان، لەبەر تواتیشکی سووربـاوی خۆرەکەدا، بەدەم شنەبـای بەهارییەوە دەشنانەوەو بە کوگەڵێکی سپی‌پۆشی داوێن سووری لەسەر ئاهەنگی مۆسیقایەکی نەرم وەسەما کەوتوو دەچوون.

بەرەوتوا رووەو بنار داکشان. ئەو لە پێشەوەو مینەش چەند هەنگاوێک دواتر... هەر دەڵێی یاری مارویەیژەیە... ئێستا بە گەرووی مارەکدا روو دەچین‌و سبەینێ بە پەیژەکەدا سەردەکەوینەوە... دووسبەی هەڵمەقووتمان دەکات‌و ... سێ رۆژی‌تر... ئیتر ئاوا... دوو ساڵی رەبەق پێش ئێستا بوو، بۆ یەکەم جار لاقی راستم لەسەر یەکەم پلەی پەیژەکە دانا، هێشتا لاقی چەپم هەڵنەهێنا بوو گوێم لە جیڕەی پلەکان بوو، دڵەخورپێنم پێکەوت‌و ئەژنۆکانم هاتنە لەرزین، کەچی بەو حاڵەشەوە پاشەکشەم نەکردو هەڵزنام... رۆژی دووەم لە نێوقەدی مارەکەدا تووشیان هاتم. وا پێدەچوو بە پیرمنەوە هاتبن. ئا، چاوەنۆڕم بوون. هەرگەیشتم‌و نەگەیشتم باوەشیان پێدا کردم، یەک یەک ماچیان کردم‌و بەخێریان هێنام، چووینە سەر کانییەک، ئاپووڕەیان لێدام، دەستیان بە قسان کرد، زۆریان گوت، فرەیان رێسا. بەشان‌و باڵیاندا هەڵگوتم. بەرزیان کردمەوە بردمیانە کەشکەلانی فەلەک.پاشان پرسی یارانیان کردم. ئەمن نقەم لەخۆ بڕیبوو، ئەوانیش روخساریان ببووە چاوو ئەویشیان لە زاری من بڕیبوو... ناچار گوتم : براینە! من لە سیاسەت‌و میاسەت

سەرم دەرناچێ! «شتی وانییە»... با هەیە... باوکم دەیگوت: هەرچی مەیلت لێیە سەرپشک بە بەڵام سیاسەت نا! «نایەوێ خۆی ئاشکرا بکات»... لە ڕۆژ ئاشکراترە... سیاسەت پیاو نابووت دەکا، دایدەڕزێنێ، ئاوارەو ڕووتو ڕەجاڵی دەکات، دەیخاتە سەر ساجی عەلیو چێوی سواڵی بە دەستەوە دەدات، «ڕەنگە مینە نەبێت»، باوکم دەیگوت ئەمە چارەنووسی مرۆڤی ڕاستەقینەیە، بەڵام پیشەی ئەو سیاسەت بازانەیە کە سەد جاریان لە سیروان داوەو قولەپێیان تەڕ نەبووە... کوڕم نەکەی! ئەمە قومارەو قوماربازی، تەنیا خاوەن مێزەکە دەیباتەوە... براینە! دڵگیر مەبن، ئەمە قسەی باوکمە. باوکم دەیگوت: سیاسەت ئەمەکو خۆشەویستی، شەرمناژاوەی هەمیشەیی تیانیە. سیاسەت مڵەوشو قاپاندنو بەرژەوەندی هەمیشەیی تیایە! ئەوی ئەمڕۆ برای گیانی بەگیانییە، سبەی دەبێ بە دوژمنی باوە کوشتەت. ئەوی پێکی تۆڵە لە کاسەی سەرتدا فڕ دەکات، هاکا بوویە هاونشینی شەوانە کۆڕی مەزاتخانەی سیاسەتت. قەتم لە باوکم نەپرسیبوو ئەم قسانە لەکوێ فێر بووەو کێ فێری کردوون، بەڵام قەنیاتم پێکردبوون. بڕواتان بێ هەرگیز فەرامۆشکردنی فەرمایشتەکانی باوکمم پێ خۆشنەبوو، بگرە بە تاوانیشی دەزانم، بەڵام لەگەڵ ڕێکەوت چ بکەم؟!... دەڵێن ڕێکەوتیش هەندێ جار دەبێتە زەرووڕەت... داخم ناچێو مەکتەبەکەم پێ تەواو نەکراو سەرم لەم ڕێکەوتو زەرووڕەتە دەرنەکرد، قوتابیەکی تەپزو هێرپلەش نەبووم... بەڵام ئیتر ڕێکەوت بوو...

- هێند خۆ بەکەمگرتنیش بۆ شۆڕشگێڕان نەنگییە... ئێمە لەو سەرێڕا دێینەوە، برادەرانی شار وردو درشتی مەسەلەکەیان بۆ ناردووین. ئاگامان لە خشەی مارومێرو هەیە!

- بڕواتان...

- نا هاوڕێگیان... ئاستی ڕۆشنبیریمان هەڵمەسەنگێنە، گەرچی هەرزەو دەمڕووتی شار بە بزنەکێویمان تێدەگەن وەلێ هێندەش لاتەریک نینو لە گوێی گادا نەخەوتووین! ئێمەش دەزانین لەو دنیایەی چ باسە! هێندە هەیە دوور لە ڕووتان کتێبیو چەنە بازو قەرەچناغ نینو کارو ئاکارمان مەحەکی تێگەیشتنی

شۆڕشگێڕانەسانن... خۆتمان لێ نەبان مەکە!... تۆ ئەندامێکی چالاکی دەستەی تیرۆری شۆڕشگێڕانەی شاریت. دەیان کاری بلیمەتانەت بۆ حیزب ئەنجام داوە. بەڵام ئەمەیان زەبرێکی گورچوبڕ بوو... ناوو ناوبانگی حیزبت بڵندتر کردەوە، سەرپاکی حیزبەکان بۆڕ دەدەمێنو داشمان بەسەریاندا سوار دەبێ. دوو سێ چالاکی ئاوەها، ئاڵای پێشڕەوایەتیمان دەشەکێنێتەوە، ئیدی بە راستو چەپدا دایان دەپاچینو پەڕوباڵیان هەڵدەکێشین.

گوندی فرە کوێخاو ماڵی فرە کەیبانو ئاژاوەیان لێنابڕێت. رانەمەڕ چەند بە ئەژمار بێت، شوانێکی چازانی بەسە!

تۆ چ دەڵێی؟!

وام هەست دەکرد هەموو لەشم دەرزی ئاژن کراوە، وامدەزانی تۆپەڵێ بنێشتەتاڵیان لە دەمم ئاخنیوەو هەرچیم دەکرد نە لێوانم بۆ دەبزواو نە زمانم بۆ دەگەڕ... ئەوان سواربوونو من پیادە، تێگەیشتم کە ئاسنی سارد دەکوتم... چارم نەبووگەرەک بوو بیسەلمێنم، وەلێ لە ناخەوە دەکولام. هەروەختەبوو لە داخان وەزگ بدەم. ئێستەش هەزارو هەزارپاتی دەکەمەوە کە ئەمە هەر ڕێکەوت بوو.

[ دەشێ تەنیا ڕێکەوتێکی بچووک تەواوی چارەنووسی مرۆڤ بگۆڕێت. ویستم جگەرەیەک پێکەم، دەستم بۆ گیرفانم ماشیان ئاگرم پێ نەبوو. لە شەقامەگشتییەکە پەڕیمەوەو چوومە بەر دوکانەکەی مەلا مەسکەت... مەلای نەفرەتی لە ژوورێدا فرتو پشی بوو، دووجارم بانگ کرد، دەنگ نەبوو... ئاوڕێکم دایەوە...نەشمیل لەوسەری کۆڵانەکە بەدەرکەوت. پانتۆڵێکی قەدیفەی رەشو بلوسێکی نیوەخەی سووری بەسەردا کردبوو. بسکی پەرشو رەفتەیەکی مۆری لە گەردنی ئاڵاندبوو، بەلەز رووەو شەقامەکە دەهات. لەپڕ ئوتومبیلێکی رەش، لەسەر سنگی شەقامەکەوە کشاو خۆی لە گەرووی کۆڵانەکە پەستاوت - (ئەو ئوتومبیلانەی عەزیا ئاسا مرۆڤ هەڵدەلوشن). لەبەردەمی نەشمیلدا دەمی داپچڕیو زرتەبۆزێکی لێ دەرپەڕی... کابرای لۆزەندەر پڕی دایە نەشمیلو پەلکێشی کرد... نەشمیل قریشکاندی... زریکەی نەشمیل هەموو گیانی راچەنانم... هەژاندمیو دەرۆیش ئاسا حاڵگرتمی... دەستم گیڕاو کوتە ئاسنێکم وەدەستەوە

هات... ئەشمیل وەکو نێچیرێکی وەژێر دەستەو دەمی تاژیان کەوتوو پەلی بێ هیوای دەکوتا... بە دوو شەقاوان گەیشتمە سەریان... کوتە ئاسنم راوەشاندو کابرا وەلادا هاتەو لە حەوسالان راست بوویەوە...

- هێندەمان نەماوە، راست یان چەپ؟

- کلاشی هەورامی کوا چەپو راستی هەیە!!

- کاکەمینە!... خراپت شوڵ لێهەڵکێشاوە، ئاگات لە دەمت بێتەو خۆت تووشی گوبەندێک مەکە!

- جا چم گوتووە؟!

- نیوەی ئەمەش لە من بترازێ، خوێنت دەکەنە کاسەو بۆ دایکتی دەنێرن!

- دایکم تێر بووە با بۆ خۆیان بیفرۆشن!

- با بەس بێت. دەڵێم وا لەسەر دووڕیانەکەین، و تۆ لە من شارەزاتری، بەلای راست یان بەلای چەپدا داگەڕێین؟!

- ببوورە، خۆت بڕیار دەدەیت!

- کەوایە بەلای چەپدا، هەم چەپەکەو هەمیش ئاودڕ، لێرەوە تا مێرگی گوڵان دەڕۆین‌و لەوێشەوە یەک راست بەرەو کۆنە ئاشەکەی سەرچاوگ با دەدەینەوە، چدەڵێی؟!

- چۆن دەڵێی با وابێ.

خۆیان لە زگی شیوەڵەکە هاوێشت‌و سەرەوژێر ڕۆ چوون، گەرچی گیاڕەشەی بەهار بوو کەچی گەرووی شیوەڵەکە وشک‌و بۆ چۆڕێ ئاوکوێرایی داهاتبوو، ئیتر باز بازێن‌و ئەمبەروئەوبەری گەرمک نەبوو.

ئەو لە پێشەوەو کاکەمینەش چەند هەنگاوێک پاشتر، هەتا دەرووی شیوەڵەکە ئاوەڵاتر دەبوو، ئەمان بە وریاییەکی زیاترەوە دەچوونە پێش. هێندە بە ئاستەم پێیان دادەنا دەتگوت بەسەر هێلکەدا ڕێدەکەن.

لەزاری شیوەڵەکە دەرباز بوون. چەکەکانیان لە قولەمستیان توندکردو بەلەز سنگی مێرگەکەیان بەلای راستدا بەرەو سەرچاوگ شەقکرد.

- دەکرێ پشوویەکی بۆ بدەین؟!

- تەنیا ئاوخواردنەوەو هیچیتر... دەبێ پێش بانگی شێوان لە گۆڕستانکە بین.
- دەچینە شار؟!
- سبەینێش لەوێ دەبین.
- زۆر گرنگە؟!
-گرنگو نهێنی...

پاش ئاوخواردنەوە بە لێواری شاجۆگەکەدا داگەڕان‌و ئەویش بۆ ناو باخەکەی مام وەلی پەلکێش کردن... باخەکە چڕو زەبەندو گژوگیا نیو بالاْ زەلام هەستابوو، ریزەچناری رۆخ جۆگاکە تەیمان ئاسا بواری تەنیبوو. لە ئاستانەی کۆنەئاشەکەدا، هەڵوەستەکیان بۆ کرد. جگە لە هاژەی قەڵوەزەکەو قیرەی بۆقان، هیچی دیکەیان سەرسەنەکرد. هەردوو لە یەک ساتدا رووەوئاسمان سەریا هەڵبڕی. دیمەنی چلوپۆپی سوورەچناری پشت ئاشەکە کەیلی کردن. پەلکەزێڕینەی چراکانی شار کە لە تەرزو پۆپەی سوورەچنارەکە دەنەخشاو پەراوێز دەبووەوە، چنارەکە هەر بە شەنگە پەریخانێکی تاس‌و کلاْو زیوین‌بەسەری بەر مانگەشەوێکی جارانی ماڵە جاڤان دەچوو.

لە یەکدی رامان‌و متەقیان نەکرد، لە کەوانەی ئاشەکەوە شۆڕبوونەوەو لە دامێنی گۆڕستانەکەوە سەرکەوتن. شار وەک پارچە ئەڵماسێکی ژێر تیرۆژی خۆر دەدرەوشا، بۆ چەند ساتێک ئەبڵەق بوون‌و وەشەوارەکەوتن...
- دەبێ کەمێ چاوەنۆڕ بین.
- ..................................

لەبن کەڵەکەبەردی شەخسەکەدا هەڵتروشکان، ئەو دووربینەکەی لە بەرکی دەرکردو دەوروبەری شارو شەقامەکانی خستەژێر چاودێری، کاکەمینەش لە گژ فکران راچوو...

- مەسەلەکە گرنگە... بێگومان پێکەوە نابین‌و جیادەبینەوە، بۆخۆم دەچمە ماڵی باجی ئامە... سەلامەت‌و بێ قرەو مشەیە... هەر خزیەتی‌و حاجی یەکلاقی مێردی... حاجیش قایم نوێژان بۆی دەردەچێ‌و تا نوێژی شێوانیش بە جەماعەت نەکا نایەتەوە... ئای حاجی!... کوڕم مەعز بۆ رەزای خوا ئەم خەیاڵە لەسەرت

دەرکەو لەگەڵی شەیتان دابەزە!... جوانکەیتو سەری خۆت وەفەتارەت مەدە!... کوڕم تێشدا نەچیت، ئواچار کاڵەک بە ئەژنۆ دەشکێنیت... سەیری من کە کوڕم... ئەمامی عومرم لەو تۆفانو وەیشوومەیدا چەمایەوە... لاقیکیشم نایە بانی... لاقیکم... کەچی خەڵکی چیم پێدەڵێن... خۆ دەزانی... ئەم لاقە نازدارەم لە دەمی ئەو حەزیایەدا پتورکا... هەڵمەقوتی کردو کردی... حەزیایە ئەمان حەزیا...ئێوە خوێنگەرمو سەرشێتن... کەللەشەقو سەرچلن... لەبەر پێی خۆتان زیاتر، نوویست راوەتر نابینن... وەلاهی وەبیللاهی بەرلووتی خۆشتان نابینن... کوڕی خۆم... گوێ لە مامی خۆت بگرە... ئێوە منداڵی نوێکەن... بەپێی خۆتان بۆناو ئاگر دەچن... دەچنو پەلەشتانە... ئەم ئاگرە... بەبیری خۆم نایەژم بە بیری باوبابپیرانم، دەگڕێو دەکوژێتەوە... هەڵایسێ، کڵپە دەکاتو نیلەی دێ... هەرهاکات زانی ترووسکەی لێدەبڕێو خامۆش دەبێ... هەڵیدەکەنەوە... ئەمجاریان ئاگر نییە، دۆزەخە... ئەوان یاری بە ئاگر نا، بە دۆزەخ دەکەن... دەیکەنو پریشکیشیان وێ ناکەوێ... پەنجەتووتەیان گەرم نابێ... هەر ترووسکەی ئاگریش نەما بزر دەبن... پەنا بە خوا هەر دەڵێی شەبەنگو خێون... مەحف دەبنەوە... ئیتر زەوی قووتیان دەدات، ئاسمان هەڵیان دەکێشێ... نازانم... کەچی ساتێکت زانی وەکو قارچکی ئەو کێوانە لەگەڵ هەورەگرمەیەکدا هەڵدەتۆقن... دێنەوە، بەلام چۆن هاتنەوەیەک... نە رەنگو روویان نە جلوبەرگیان، نە قسەوگوفتاریان، هیچیان وەکو خۆیان نەماون... سەرپاکیان گۆڕاون... دایکو باوکی خۆشیان پێیان ناناسرێنەوە... ئەوجا لە نوێژەن تێهەڵدەچنەوە... ئاشی وەگەڕ دەخەن... دۆزەخ دادەخەن... دۆزەخ کوڕی خۆم دۆزەخ... کوڕم لێرە وەمێنێ چاترە... سابزانین خوا چی دەکا... رەنگە خوا زۆر شت بکا حاجی گیان بەلام... دەمویست بڵێم خواش لەم جەنگەڵەدا لە کەروێشک کلۆڵترە... بەلام لەبەر دڵی حاجی دەبێ کارێ بکەم پێنەزانێ، دەنا وەڵامی تانەو توانجی حاجیو قسەبەتوێکڵەکانیم پێ نییە، خۆ ماڵیم بە قوڕگرت ئەویش ورووتی پیاو نادات، لە ساتێکدا دە چەکوش دەوەشێنێ... لەگەڵ کازێوەدا بە دیواری حەوشەکەیاندا هەڵدەگەڕێمو لە پاساری پێشتاوەکەوە دەچمە خوارێ... لە پەنای ریزەمۆزەدەکەدا دەچمە پارێزی حاجی... هەر ئەو لە ماڵ دەرپەڕێ منیش

یەکسەر دەچمە هەیوانەکەو لە دەرگا دەدەم... باجی ئامە دەرگا دەکاتەوە... دەحەپەسێ، بە وردی لێم دەڕوانێ... لە ئامێزم دەگرێو بە هەیبەو لاملەدا دەنووسێ... دەچمە ژوورێ. دەزانێ برستم لێبڕاوەو خەوە نوچکەمە هیچم ناوێنێ... لەسەر جێگاکەی حاجیم دەنوێنێو پەتوویەکی نەرموشلم بەسەردا دەدات... پەتووەکە بۆنی مێخەکو هەزبێی لێدێ. بنوو باوکەکەم! بنوو ئامە لە دەورت گەڕێ... تا چێشتنگاوێ پرخەت بێو خەمت نەبێ. دەستم دەگوشرێ ، چاو هەڵدێنم باجی ئامەیە. ڕاستدەبمەوە ئەشمیل بەرامبەرم دانیشتووە. چاوانی لە چاوم دەبڕێ... ساردو بێ جولەن، بە دوو بۆڵە ترێزڕەشکەی بە ڕەزەوە جێماوی پایزێکی درەنگ وەخت دەچن... هەردوو بێدەنگین... باجی ئامە دەچێتە دەرێ... دەچمە تەکییەوەو دەیدوێنم... دەست بە سەروپرچی دادێنم... گوژمە گریانێکی بەکوڵ بەربینی گرتووە... خۆی پێ دابین نەکرێ شارمان بەسەردا دادەبارێ... کەی کۆتایی دێ، کەی؟ هەتاکەی کونەنەشکەوت جێ ناهێڵینو دەست لە دەستی شاخ ناکەنەوە؟!. چۆنمان ڕزگار دەکەن؟... کەی؟ چەند ساڵیتر؟ ... چ پرسیارێکن؟ ... نەک هەر بە من قووت ناچن بگرە ڕێبەرو کەڵەسیاسییەکانیش لە فشەو خەملْ لێدان بەولاوە هیچیان پێ نییە!

- کاکەمینە وەخۆکەوە!
- چ هەیە؟!
- هیچ... با بڕۆین...

نێوانی ئەمانو یەکەم خانووی گەڕکی سەرپەڕی شار، هەزارمەترێک دەبوو نەدەبوو، چەکیان سوارکرد، ئامانیان ترازاندو بێ خشپە بزووان. تیشکی چراکانی شار سوژن ئاسا لە چاویان دەچەقی، چوارهەنگاو دەڕۆیشتنو کورکەیان بۆدەکرد. کاکەمینە بە ئاستەم هاوڕێکەی پێش خۆی دەدیت. حەزیان دەکرد بۆ ساتێک، سەعاتێک، بۆ هەتا هەتایە ترووسکە لە شار ببڕێتو ببێتە تاریکەشەوێکی ئەنگوست لەچاو.

لە سیلەی دیواری یەکەمینماڵدا وەستانو کۆڵانەکەیان خستەژێر چاودێری. دەرگاکان خڕ داخرابوون. سەگێک لەوسەرەوە بەلەز بەرەو روویان هات، کە بە

ئەمان‌دا هەڵتەقی قروسکەیەکی کردو یەکڕاست گەڕایەوە...

ئەو لە کۆڵانەکەوە رووەو راستەشەقامەکە بزوا. چەکەکەی بە هەردوو دەستی توند گرتبوو، جاروبارێش بە پەنجەی ختووکەی ماشەکەی دەدا. نیگایەکی تیژپەڕی لە ماڵ بە ماڵی کۆڵانەکە گرت. لە ماڵێکەوە ئافرەتێک لە کەللەیسەر دەیقریشکاند، لە ماڵێکی دیکەوە چزەی گۆشتبرژاندن دەهات‌و بۆن‌بەرامەکەی کۆڵانەکەی پڕ کردبوو. دەمی ئاوی کردو لیک بەزاری‌دا هاتە خوارێ.

لەوسەری کۆڵانەکەدا چیچکەی داو لەسەروخواری شەقامەکەی ڕووانی. سەرخۆشێک بە لارەلار لەسەرێڕا هات، لەمبەری شەقامەکەوە بۆ ئەو بەری لەتری دەبردو نارەناری بوو، کە گەیشتە ئاستی ئەو لەنگەری خۆی گرت‌و لێی راما.

- دەستت بەرز بگرە، قوربانت بم خوێن مەڕژە!

- وەل بە لەبەر چاوم بەلام لێدای، شەرمت بەخۆ نایە سەرخۆشیت!

- هەموو هەر سەرخۆشین، ئەو هەموو قایش‌وقروشەی خۆت دیوە، هەر دەڵێی ئەسپی ژێر عەرەبانەیت!

ئەم بەم قسەیە دەهری بوو... لەناخیشەوە پێکەنینی هاتێ.

- بڕۆ بە ڕێگای خۆتەوە! هاکا بەزمێ قەوماو تۆش سەرت تێدا چوو.

کابرای سەرخۆش بەدەم سەمایەکی مەستانەوە وەجووڵەکەوت‌و دەمی تەنگی کۆڵانێکی تاریک هەڵیلوشی. کاکەمینە گەیشتێ. ئەو خۆی لە سنگی شەقامەکە هاوێشت. چەند هەنگاوێکی سەرەوخوار نا ، لەپڕ رێژنەی گوللە تاوە تەرزەی بەهار ئاسا بەسەریا باری. ئەویش دەستی لە کارا بوو، بەدەم دەستڕێژەوە، پەنای بۆ ژێر چەتری دەرگایەک برد. سەرچاوەی تەقەکان، شوورەی سەربانی خانووەسێ نهۆمەکەی ئەوسەری شەقامەکە بوو. ئاسمانی خانووەکە چەخماخەی دەداو بارانی گڕ دەباری. بریشکەی گوللە لە چواردەوری هەڵدەتۆقی، تەنگە تاویان کرد. لەژێرساباتی دەرگاکە دەرپەڕی‌و پشتاوپشت بۆ دواوە گەڕاوە. هێندەی نەمابوو دەرباز بێت، تەختی ئەرزەکە بوو...

- ئەنگێورایت؟!

- ........................

کاکەمینە بەلەسە بوو، ئیمانی لە کەللەدا نەما، بە هەر چوارلادا ئاگری دەپڕژان، بەرامبەرەکەیان کەمێ کڕبوون، یەکسەر غاری دایە، لە کۆڵی کردو بەرەو دواوەی ئاژوان.

دووبارە دایانگرتنەوە، لاقی چەپی قورس بوو، پاش دوو هەنگاوان هەرتک کەوتن...

- تۆش؟!

- هیچ نیە...

گوڕی وەبەرخۆ نا، پیلی ئەوی گرتو تاسەری کۆلانەکەی پەلکێش کرد. نە هەستی بە ترس دەکردو نە برینەکەی لاقیشی هێندە سەخت بوو، کەچی دەمی وشکو زمانی ببوە پەلاس. بەسەریدا چەمایەوە، دوگمەکانی ترازاندو فانیلەکەی دادڕی. دەستەکانی شلبوون... «پێچانی چی؟! دەست بە پەلەی هەورەوە بگرێت ناژێ»... بە خەمساردی جەمەدانییەکەی لێ پێچا، چاوی لە چاوانی بڕی، دوو ئەستێرەی تەزیوو هەڵەرزیوی بەربەیان بوون. سەیرێکی ئاسمانی کرد، ئەستێرەیەکی گەش لە دامێنی گەواڵەهەورێکی سپییەوە، تاسکە تاسکی بوو، «دەگریا؟!، بزەی دەهاتێ؟!»، بەزەی ..دەتکاند یان پلاری تێدەگرتنو لاقرتی پێدەکردن؟!»، نەیزانی... هەرچی کۆشا حاڵی نەبوو!

دەستی دایەو ویستی لە کۆڵی نێ، کەچی ئەو نکەیەکی هاتێ...

- مەمبزوێنە!

- دەتبەمە ماڵی حاجی یەک لاقی خۆمان، زۆر دوورنییە.

- نا ... کەڵکی هیچ لایەکم پێوە نیە... خەڵکیش تووشی گێچەڵو وەی نەکەین...

«گێچەڵ... ئەمانەتی!... یانی جارێ تووشمان نەکردوون. ئەی ئەمە چ چەڵپاوێکە خەڵکی تێچەقیوە... ئەی تا بینەقاقەیان لە زێرابی حەزی شێتانەی خۆمانمان هەڵنەژەندوون... وای خەڵکی بەدبەخت وای!»

- ئاخر خۆ نابێ تا سبەینێ چاوەنۆڕ بین، دەبێ چارەیەک وەدۆزین...

- ئەمن چارم کراوە... تەنیا کاری چاک ئەوەیە کە نەهێڵیت بە ئازارەوە گیێنگڵ بخۆم...

- یانی چی؟!

- بمکوژە!

- .........

- تکات لێدەکەم

- هەرگیز نا

- فەرمانت دەدەمێ!

- فەرمانو ئەریتو یاسا چ کەسوحیزبو خوایەک کاری وام پێناکات!

- ژانم زۆرەو خۆم پێدابێن ناکرێت، تکات لێدەکەم با بەزیندوویی بەردەستیان نەکەوم. مەگەر حیزب وەهای پەروەردە نەکردووین!

- با بکەویت، با ئەوان بتکوژن، پەلپەلتکەن... من تاوانی وا ناکەم!

بێ دەنگ بوون... «حیزب!... حیزب... بریا حیزبم لە وەها حاڵێکدا دەدیت... هەر یەک سەرکردەم بە دەردی ئەم بێچارەیە بدیبا، ئەوسا داخۆ چۆن دەپارایەوەو بەسەر پێڵاوەکانمدا دەکەوت. هەر بۆ ئەوەی رزگاری بکەم، هەزارویەک گفتی دەدامێ... بریا هەرچی حیزب هەیە پێکەوە ئاوا بە کلۆڵی لەبەر دەممدا دەکەوتن... ئەوسا بێ لێرامان فەرمانی خۆیانم بەسەریاندا جێبەجێ دەکرد... دەمزانی چۆنیان لەسەر ئەم شەقامە دەسرمەوە، یان وەکوو توتکە سەگ بەو دارتێلەدا هەڵمدەواسین!...»

- تینومە، هەناوم دەسوتێ، کەمێ ئاو!

- هەر ئێستا...

ئەمی بەجێهێشتو بەرەو ماڵە ئاشنایەک تاوی دایە... بەهارەشەوێکی کپوبێدەنگ، شار خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە، دەرگاکان کلۆم دراونو چراکانیش خامۆشن. قریشکەی چەکێک ناوناوە جەرگی رەشی شەوەکە کەرت دەکات.

کاکەمینە چەند هەنگاوێک دووکەوتەوە، ئەمیش بە ئاستەم دەستی بۆ

چەکەکەی برد... دەستی راستی زۆر لەوە کۆڵەوارتر بوو چەکەکەی پێبجزوێنێت. دەستی چەپی... بەڵام نایگاتێ... لەپڕ بیری بۆ نارنجۆکەکە چوو. دەستی چەپی بەسەردا هێنا. لەجێی خۆیەتی، هەر راکێشانی ئەڵقەکەی دەوێ‌و ئەویش بە ددان ئاسانە!... هیچی لێنەوەستا، بیریشی لەهیچ نەکردەوە لە یەک شت نەبێ... مەرگ! مەرگێک لەپێناوی حیزب‌و خەڵک‌و نیشتمان داو چەند دێرێکی دەفتەری سەروەریی پێبنەخشێنێت!

کاکەمینە دەستی بۆ زەنگی دەرگاکە هەڵبڕی، ئەمیش ددانی لە ئەڵقەی نارنجۆکەکە گیر کرد، پزیسکەیەکی چەخماخە ئاسا سەرتاسەری کۆڵانەکەی رۆشن‌کردەوەو ناڵەیەک سەراپای شاری بۆ ساتێک هەژاند!... کاکەمینە تاسا، پاشان رووەو ئەو غاری دایە. چەند هەنگاوێکی مابوو حەپەساو لە شوێنی خۆی چەقی. زریانی بۆنی باروت‌و گۆشت‌و خوێن شالاوی هێنا... رووی وەرگێڕاو بەرەو کەناری شار هەیپێی لێ‌کرد. لە پەنای دیواری دواماڵدا خۆی گرتەوە. پاڵی بە دیوارەکەوە داو رووەو گۆڕستانەکە وەستا، وڕوکاس‌و رەوڕەوەی هزری لەخەت دەرچووبوو...«... چاکیان پەروەردە کردووین... دەبێ سەرکەوتنی حیزب‌و جەماوەر لە مەرگی خۆماندا ببینین، ئەوی لە مەرگ دەترسێ ترسنۆک‌و پڕوپووچ‌و بێ‌نرخە، بمرن تا حیزب سەرکەوێ! تا گەل سەرکەوێ! تا سەرکردەکان بژین! ژیانی ئەم سەرکردە مێشوولانە بە خوێنی ئێمەوە بەندە... رووباری خوێن نەڕژێ ئاشی حیزب ناگەڕێ... تا خوێن لرفەی بێت، گەل سەربەرزترو حیزب روو سوورترو سەرکردە بلابەرزتر دەبێ، پێچەوانەکەشی درۆیە... راستە... درۆیە... راستە... راستە... را...»

وەکو کێچ هەڵبەزی، تا هێزی تیا بوو چەکەکەی بە سیلەی دیوارەکەدا کێشاو کردی بە دوو کەرتەوە. بەرەو گۆڕستانەکە تاوی دایە، رووەوشار گەڕایەوە... وەستا... بە دەوری خۆیدا وەک فرفرە دەخولایەوە... بەرەو گۆڕستانەکە... بەرەو شار... هەر دەیگوت‌و دەیگوتەوە

- پێچەوانەکەی... درۆیە... راستە... را...

دیسەمبەری 1990

# ماسیيه كه و مه يموونه كه

**ئەفسانەیەک لە ئیریتیریاوە** وەرگێڕانی: **مەهاباد کوردی**

لە کەناری دەریاچەیەدا درەختێکی گەورە ڕووابوو. لەسەر درەختەکە مەیموونێک ڕۆنیشتبوو. لەناو دەریاچەکەوە ماسییەک سەیری مەیموونکەی کردو پێی‌گوت:

تەن دروستی؟

بەم شێوەیە کەوتنە قسەکردن لەگەڵ یەکتردا.

ماسییەکە گوتی ئیمڕۆ خوشکم مێرد دەکات. ئیدی مەیموونەکەی بۆ زەماوەند داوەتکرد. بەڵام لەو کاتەدا مەیموونەکە گوتی:

جا من کە نەتوانم مەلەوانی بکەم، چۆن دەتوانم بگەمە ئەوێ؟

ماسییەکەش لە وەڵامدا گوتی: دەتوانی سواری پشتم بیت. مەیموونکەش یەکسەر خۆی هاویشتە سەرپشتی ماسییەکە.

دوای ئەوەی بە تەواوی چوونە ناو دەریاچەکەوەو دوورکەوتنەوە، ماسییەکە بە مەیموونەکەی گوت:

دایکم گەلێک نەخۆشەو دکتۆریش گوتوویەتی:

تەنیا بە دڵی مەیموون چاکدەبێتەوە؛ ئەگەر دڵی مەیمونێک نەخوات ئەوا دەمرێت، جا لەبەر ئەوە من تۆم هێناوەتە ئێرە. بەڵام مەیموونەکە نەترسا بەڵکو گوتی:

هاوڕێی من ماسی، بۆ لەسەرەتاوە پێت نەگوتم؟ من دڵی خۆم لەسەر دارەگەورەکە جێ‌هێشتووە. پێویستە بگەڕێینەوە ئەوێ تاوەکو دڵەکە بهێنین.

ماسییەکەش کە باوەڕی بە مەیموونەکە کرد بە مەلەکردن گەڕاوە بۆ لای درەختەکە. هەرکە گەیشتە ئەوێ مەیموونەکە یەکسەر بە درەختەمەزنەکەدا هەڵگەڕاو پاشان هاواری کردە ماسییەکە:

هاوڕێی من ماسی، ئێمە دیومانە کە ئێوەی ماسی هەمیشە ئاژەڵانی‌تر هەڵدەخەڵەتێنن‌و دەیانخۆن، بەڵام ئێوە ناتوانن دڵی مەیموونێک دەستگیربکەن.

کاتێ ماسییەکە تێگەیشت چەند گێل بووە هەستی بە شەرمەزاری کردو بە مەلەکردن گەڕاوە ئەو جێگایەی، لێوە هاتبوو.

پێشینان گوتوویانە: «ئەو کەسەی وەک هاوڕێ خۆی نیشان دەدا، ڕێی تێدەچێ دوژمن بێ».

---

تێبینی: لە گۆڤاری ( Ny i sverige )ی ژمارە 6ی ساڵی 1989دا بڵاوکراوەتەوە و بێ‌دەستکاری‌کردن کراوەتە کوردی

# بەهاری کورتی کورد

کاروان

ئەی دایە گیان! هەواڵی کۆچی‌دوایی تۆو سەربڕینی هەڵەبجەم لەیەک ڕۆژدا پێگەیشت. ببورە لێم کارەساتەکەی هەڵەبجە بواری نەدام، خەم بۆ مەرگت بخۆم. تا دەدوانزە ڕۆژێک لەمەوبەر، ڕۆژی لە شانزەی ئازاری 1988 ڕەشترمان نەدیبوو، ئێستا کەسمان لەوە دوودڵ نین، ئەو برینە بە سوێیەی هەڵەبجە، لە ڕۆحماندا بەجێی‌هێشت، ئازارەکەی گەلێ لە ئازاری ئەم کۆچە بەکۆمەڵە ئەمەنتر بوو.

هەرگیز ڕووی نەداوە لە داهاتویشدا ڕوو نادات، میللەتێک بە گەورەو گچەکەیەوە، بە ژن و پیاوییەوە، بە پیرو لاوییەوە، وڵاتی خۆی بەجێ‌بهێڵێ. هەرگیز ڕووی داوە ڕەوە درەختێ، دارستانێکیان بەجێ هێشتبێ؟ پەڵە گوڵاڵەسوورەیە، دەشتێ؟ چەپکە نێرگزێ نێرگزەجارێ؟ ئێوە بیرتان لەوە کردۆتەوە: کە ئەمامێ هەڵدەکێشرێ چ ئازارێکی پێدەگا؟ ئاخۆ ئازار لەوە سەختریش هەبێ، میللەتێ لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبکەنرێ؟

بیست ساڵ زێتره خەڵکی عێراق لە تەکسیەک دان شۆفێرەکەی سەرخۆشە. کارەسات گەیشتە لوتکە، میللەتێک ناچاری هەڵاتن بوو. جاران ئەمەمان بە مەحاڵ دەزانی. ئێمە لەم دوورەوە شەو نییە خەو بە گەڕانەوەوە نەبینین. گەڕانەوە بۆ لای کێ؟ بۆ کوێ؟ چ برینێکی لە ساڕێژبوون نەهاتووە، لەمەو دوا مافی خەو بەگەڕانەوەبینینیشمان نییە.

خەڵکی کورد دوای ئەوەی جامی قینیان سەرڕێژ بوو، ڕاپەڕین و تەقینەوەو لووتی بڵندی بەعسیان لە زەوی دا. ئاخۆ لە بری ئەو چەند ڕۆژە ئازادییە، دەهێنێ ئەم باجە قورسە بدرێ؟ بەڵێ دەهێنێ. خۆزگەم بەوانەی هەستیان بە ئازادی کردو چەند ڕۆژێ بەسەربەستە ژیان. ڕاستە داری ئازادی بە خوێن ئاودەدرێ، بەڵام ئازدی بۆ ئێمە بە دەریایێ خوێنیش دابین ناکرێ. ئەو خەڵکەی ئێستا کۆچ دەکەن، چەندین ساڵە بەعسییەکان بواریان نەداون وەک مرۆڤ بژین، ئەو چەند ڕۆژەی ئازاد بوون، مرۆڤبوونی خۆیان سەلماند. گرنگ ئەوە نییە چەند دەژین، گرنگ ئەوەیە چەند وەکو مرۆڤ دەژین.

گەلی کورد لە مێژووی دوورو نزیکیدا گەلێ سەروەری تۆمار کردووە، بەڵام لوتکەی سەری هیچ کام لەم

سەروەریانە ناگاتە داوێنی راپەڕینەکەی ئەم ساڵ. بریا یەکێک لەو نووسەرانەی لەگەڵو لەناو سەروەرییەکەدا دەژیا، جۆن‌رید ئاسا رووداوەکانی ئەو بەهارەکورتەی تۆمار دەکرد کە هەموو کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکەو دواتر جیهانی هەژاند.

کەسانێک ئۆباڵی راپەڕینی خەڵکو سەرەنجامەکەی دەخەنە پاڵ ناهۆشیاریی بەرەی کوردستانی، ئەگەرچی ئەو کاتەی خەڵکی کوردستان بەرووی بەعسدا تەقینەوە، بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەعسدا لە ئاگربەستدا بوو*. یان گلەیی لە ئەمریکا دەکەن وەک خەڵکی کورد بەهیوای هاوکاریی چنگسوورەکانی کۆشکی سپی دەستیان دابێتە یەخەی رژێم.

«میستەر» بوش سەدامی کردە گاڵتەجاڕ، سەدامی گێلیش گەلێ جار گاڵتەی بە عەقڵی سەرانی کورد کردووە، سەرانی کورد کە گاڵتەجاڕی بەپەندکراوێ بووبێتن، ئیدی چۆن «بوش»ی ماسیگری قولەپی تەڕنەبوو دەستیان لە بن نابڕێ!تا ئێستا سەرانی کورد ئۆباڵی هیچ شکستێکیان نەداوەتە پاڵ خۆیان، هەرگیز نایشی‌دەن، هەمیشە دەستەسڕی لایەنێک دەدۆزنەوە، دەستەچەوڕەکەی خۆیانی پێ‌بسڕن.

ئەمریکا بە هانای میللەتێکی زۆرلێکراوەوە بێت، ئەمە تەنیا خەونێکی ئەزەلیی سەرانی بەرەی کوردستانی بوو، دەنا خەڵکی کوردستان بوش‌و سەدامیان بە دوو ئامێری سەر بەیەک دەزگای مرۆڤ‌کوژ دەزانی. بریا دەمزانی بۆچی پاراستنی یەکێتیی خاکو وڵاتی عێراق دوای ئەم کارەساتە مەزنەیش هێندەی لای بەعس مەبەستە، ئەوەندەو بگرە زێتر لای بوش‌و بەرەی کوردستانی‌و حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش مەبەستە! ئەوە بۆ لەو خاڵەدا هەموویان یەکانگیر دەبنەوە؟

بەعس لەمێژە بیری لەوە کردۆتەوە: «ئەگەر گەلی کورد تەنگوچەڵەمەی بۆ پێکهێنا ئەوا رەوانەی ئەودیوی زنجیرە چیای تۆرۆسی دەکا» گوایە لەوێ سنووری عەرەبستان کۆتایی دێ. تۆ بڵێی ئەو خەوە چەپەڵەی بەعس بێتە دی؟ ئەگەر بەعس توانی کورد ماڵی بکا، ئەگەر بەعس توانی درەختی گەلی کورد لە رەگەوە هەڵبکەنێ‌و دوور تووری هەڵدا، ئەوە مێژوو درۆیە، ئازادی خەونێکە هەرگیز نایێتە دی.

ئەگەر کورد چۆلەکەیەک بووایە، لەمێژبوو بەعس ملی هەڵکێشابوو، ئاخۆ دەکرا گەلەکەم بە رووی‌و بە تەنیا لەبەر شەستەبارانی گوللەدا سەما بکا؟ ئاخۆ کەی جیهان لەوە تێدەگا، ئێمەیش مرۆڤین، باڵندەی کنچەری نین! هەموو ئەو رژێمانەی ئێستا بە پەرۆشەوە خۆراکو پۆشاک بۆ کورد دەنێرن، دۆستی دێرینەی بەعسن. ئەوان بازووی بەعسیان پتەو کرد، دەنا نەیدەتوانی خۆی لەبەر هێرشی زۆرلێکراواندا رابگرێ. ئەو رژێمانەی ئێستا خۆیان وەک مرۆڤ‌دۆست نیشان دەدەن، هەست بە شەرمەزاری دەکەن‌و بەهیوان نێوچاوانی تەڵخیان سپی بکەنەوە. «ئێمە لەسەر خۆراکو پۆشاک پەکمان نەکەوتبوو، دەمانەویست‌و دەمانەوێ هەوای ئازادی هەڵمژین»

لەشکری عێراق لەدەرەوەی خاکەکەی خۆیدا، شکستێکی کوشندەی خوارد، دەبوو زلهێزەکان لێگەڕێن

* «واصدرت الجبهه ـ التعليمات الى قوات البيشمركه لايقاف العمليات العسكريه منذ حدوث الازمه في اوائل اب الماضي» بروانه «بيان اجتماع القياده السياسيه الجبهه الكردستانيه العراقيه» طريق الشعب ژماره 6 ل5 کۆتایی ئۆکتۆبەری 1990

ئەو لەشکرە بەزیوە، لەناو خاکەکەی خۆیدا، بەسەر خەلکەکەی خۆیدا بە پەلە سەرکەوتنێک تۆماربکا، تا ئابڕووی تکاوی خۆی کۆبکاتەوەو ببێتەوە بە خاوەنی سام لەدەستچووی‌و سەددام‌و بەعسیش درێژەی هەبێ، ئەگەر سەربڕینی خەلکی ڕاپەڕیوی باشووری عێراق‌و گەلی کورد زیانی ئابووری زلهێزەکانی تێدا بووایە، شەڕ، هێندێکی دیکەش درێژەی دەکێشاو بە جۆرێکی دی کۆتایی دەهات. با ڕووبارێکی خوێنین لە نێوان دیجلەو فوراتدا هەلبقولێ‌و بەرەو کەنداو سەر هەلبگرێ، بەلام بیرێکی نەوت زیانی پێ نەگات! با هەموو مندالانی کورد بەو کێوانەوە ڕەق هەلێن، بەلام نرخی دۆلار دانەبەزێ! ئەمەیە کرۆکی مرۆڤـدۆستایەتیی زلهێزەکان.

لەمەودوا ئەوی بیەوێ، لە سلێمانییەوە بۆ ئێران بچێ، یا لە زاخۆوە ڕوو لە تورکیا بکا، پێویستی بە ڕێنیشاندەر نییە، هەرچەند هەنگاوێ دەڕواو گۆڕێکی بچکۆلەی پێدەگا، بەو گۆڕانەدا دەڕواو دەڕوا تا دەگاتە پاسدارێ یان ژاندارمێ‌ئەویان سیمبۆلی ڕژێمی ئێرانەو ئەمیشیان تورکیا.

من ژمارەی چلەتێرگۆزەکانی ئەم بەهارەی شارەزوور نازانم. ژمارەی دارگوێزەکانی هەورامان، دار بەیەکانی شارباژێر، گابەردەکانی هەرزنە نازانم، وەک ژمارەی ئەو ساوایان نازانم کە بەو کێوانەوە ڕەق بوونەوە. من لە زۆر شت دلنیا نیم‌و زۆر شتی دیش نازانم، بەلام لەوە دلنیام‌و دەزانم: گۆرباچۆف ستالینێکی زار بەخەندەیە، کاسترۆ نەوەی جەللادەکەی گیڤارایە.

ئێمە پێمان خۆش بوو، بوش، چەقۆکەی دەستی سەددام لە ملمان دوور بخاتەوە، بەلام بوش پیاوێکی ڕەسەن بوو، نەهات هەرچی مێژووە بەدرۆی بخاتەوە. بوشی «جوامێر»، پەردەکەی ڕوخاند، سەدامی جەردە ڕووتی کردینەوە. باشتر بوش بواری نەدا بە پردی نامەردا بپەڕینەوە. با ئێمە سیس بین، بوەرێین، بمرین، بەلام با بەخوێنی پۆخلی شۆڕەسوارانی قەسابخانەکانی ڤێتنام نەگەشێینەوە.


Daily Mail, London

ئەی خوشکو براکانم، ئەی خزم‌و کەسەکانم، ئەی هاوڕێ‌و ناسیاوەکانم، هەوالتان نازانم. ئاخۆ شەهید بوون؟ بەڕێی کۆچەوەن؟ یان لە ژێر چادرە شڕێکدا دلتان بۆ ئازادی لێدەدا. لێم ببوورن ئەم کۆچەسوورە نوێیەو ئەو ڕووباری خوێنەی لەبەر گەلەکەم ڕۆیشت، کارێکیان کرد، ئەگەر سبەی هەوالی مەرگی هەریەکێکتان ببیسم، چەند سەرم پەرژا خەم بۆ مەرگی دایکم بخۆم، بۆ ئێوەیش هەر هێندە پێ ڕادەگەم.

# من لە پێناوی تۆدا دەمرم

فروغ فرخزاد

وەرگێڕانی: فەرهاد پیربال

من لە پێناوی تۆدا دەمرم
ئەتۆش ژین‌و ژیانم بووی.

تۆ لەگەڵم دەهاتی
تۆ لەناو مندا گۆرانیت دەگوت
ئەو دەمەی کە من بێ‌هیچ مەبەستێک
شەقامەکانم تەی دەکرد
تۆ لەگەڵم دەهاتی
تۆ لەناو مندا گۆرانیت دەگوت

تۆ چۆلەکە شەیداکانت لەناو ڕەشەدارەکانەوە
بانگدەکردە بەر سپێدەی پەنجەرە.
کاتێ کە شەو دادەهاتەوە
کاتێ کە شەو تەواو دەبوو
تۆ چۆلەکە شەیداکانت لەناو ڕەشەدارەکانەوە
بانگدەکردە بەر سپێدەی پەنجەرە.

تۆ دەست بە چراوە دەهاتیە کۆڵانەکەمان
تۆ دەست بە چراوە دەهاتی
کە منداڵەکان بڵاوەیان لێدەکردو
مێشووە ئۆقاقیيەکانیش دەخەوتن‌و
منیش لەناو ئاوێنەدا بە تەنیا دەمامەوە
تۆ لەو دەمەدا
دەست بەچراوە
دەهاتی.

هەواڵنامەی کتێب

تۆ دەستەکانی خۆت پێدەبەخشیم
تۆ چاوەکانی خۆت پێدەبەخشیم
تۆ میهرەبانیت پێدەبەخشیم
ئەو کاتەی کە من برسی بووم
تۆ ژیانی خۆت پێدەبەخشیم
تۆ وەکوو تیشکی چاوتێر وابووی.

تۆ گوڵاڵەسوورەت دەسکەنەدەکردو
بسکەکانمت پێدادەپۆشی
ئەوکاتەی کە من بسکەکانم لەبەر بێ بەرگی هەڵدەلەرزین
تۆ گوڵاڵەسوورەت دەسکەنە دەکرد.
تۆ روومەتت دەنووساندە
هەڵلەرزینی مەمکانمەوە.
ئەو دەمەی کە من هیچ شتێکم نەبوو بیڵێم

تۆ روومەتت دەنووساندە
هەڵلەرزینی مەمکانمەوەو
گوێت هەڵدەخست:
بۆ خوێنم کە
بە ناڵینەوە تێپەڕ دەبوو
بۆ عیشقم کە
بە گریەو زار خەریک بوو دەمرد
تۆ گوێت هەڵدەخست
بەلام هەرگیز منت نەدەبینی.

* فروغ فرخزاده: تولد دیگر، انتشارت مروارید، طهران،ص146ـ 149

# دەردی هـــاوبـــەش

ئەحمەد شاملو

ئـاشـتی کردوویە بە کوردی

فرمێسک رازێکە،
پێکەنین رازێکە،
ئەوینیش رازێکە،
فرمێسکی ئەو شەوە، پێکەنینی ئەوینم بوو.

چیرۆک نیم کە بیگێڕیەوە،
گۆرانی نیم کە بیڵێی،
دەنگ نیم کە ببیستی،
یان شتێکی ئەوتۆ کە ببینی،
یان شتێکی ئەوتۆ کە بیزانی،

من دەردی هاوبەشم
هانام بەرێ!

درەخت لەگەڵ جەنگەڵ دەدوێ
گیا لەگەڵ جاڕ،
ئەستێرە لەگەڵ کادز،
منیش لەتەک تۆدا دەدوێم:

ناوت بە من بڵێ
دەستتم بەرێ
پەیڤت بێژە بە من
دڵتم بەرێ.
من ڕیشەکانی تۆم دۆزیوەتەوە،
بەو لێوانەت بۆ گشت لێوان ئاخاوتووم،
دەستی تۆ ئاشنای دەستی منە.

هەواڵنامەی کتێب

لە چۆلگەی رووناکدا لە تەک تۆدا گریاوم
بۆ زیندووگەل؛
لە گۆڕستانی تاریکدا
لەگەڵ تۆ تێم هەڵکرد لە جوانترین
سروودەکان،
چونکە مردووەکانی ئەمساڵ
عاشقترین زیندووگەل بوون.

دەستتم بەرێ
دەستەکانی تۆ ئاشنای منن،
ئەی درەنگ دەستکەوتوو بۆ تۆ دەدوێنم!
چەشنی هەور کە تۆفان دەدوێنێ و
چەشنی گیا کە جاڕ،
چەشنی بارانە کە زەریا،
چەشنی باڵندە کە بەهار،
چەشنی دار کە لێرەوار دەدوێنێ.
چونکە من ریشەکانی تۆم دۆزیوەتەوە،
چونکە دەنگم ئاشنایە دەگەڵ دەنگت.

## سوپاسنامە

ژمارە یەکی گۆڤاری «نووسەر»، ئۆرگانی یەکێتیی نووسەرانی کوردلە سوێد، لەسەر ئەرگی کرێکارانی چاپخانەی هەڵەبجە لەچاپ درا، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە دڵەوە سوپاسیان بکەین.

کۆمیتەی کارگێڕ
یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ سوێد

# گوناهی سێ ساڵ خۆشەویستی

بۆ «فرمێسک»

فـــاروق رەفیـــق

-1-

لە شەونگی سیادا وەک گوناهەکانمان
بۆ نێو جەنگەڵستانێکی بێ ئەستێرە تووڕ هەڵدراین
ئەوسا رۆحی شەکەتمان دەکردە بەلەم و
بە ئاواتە گچکەکان
خەونە ساواکان
فرمێسکە یاخییەکان
سەوڵمان لێدەدا

بە ئاونگی سەر گەڵا زەردەکان،
پەڕوباڵی وەریوی باڵندەکان،
باڵی هەڵپڕوکاوی پەپوولەکان،

هەواڵنامەی کتێب

پەڕەی «گوڵە بەدەکان»،
ئاخ و فرمێسکی دارمێییەرەکان،
گوێمان دەئاخنی
تا ئاوازی ناسازی بولبولە مەستەکان نەبیستین
بێدەنگی و ئاگرو ئاوو بۆشاییمان
دەکردە پەردە کوڵلە
تا ڕشانەوەی کرمە فەحلەکان نەبینین
کە پێیەکانمان مانیان گرت و لێمان جودا بوونەوە
بە یەکەم ژوان
یەکەم گوناهی سپی
یەکەم نەفرینی ئەبەدی
ڕێمان دەکرد
تەنهای تەنها بووین
خۆمان
لە دەوەن و توێترک و دارەدرکەزییەکان دەدا،
کرمی ئاڵتونیمان بۆ لای دەسکە گوڵی پەشیمانی دەبرد،
پڵنگە زەردەکانمان بۆ لای پڵنگەپیرۆزییەکان دەبرد
تۆوی عیشق و یاخیبوونمان بە کێڵگەو زەوییە بەیارەکانەوە دەکرد
زەرووەمان لە کانییەکان دەردەکردو
مرواریمان ڕۆ دەکرد
چرۆی هەڵوەریو، کاژی مار
نوکەڵی چرای کوختەکان،

پارچەی ئاوێنە شکاوەکانی قژخەڵەمەردییەکانمان کۆدەکردەوە
فەرەنجی بەجێماوی شوانەکانمان
دەکردە کاڵاو لە پێی گوناهەکانمان دەکرد
کێڵگەی دڕکمان دەشێلا
دڕمان بە شەقامە وردە شووشەییەکان دەدا
ئەمێستاش خۆمان لە دڕکو باران
هەڵدەسووین
فرمێسکی ووشک هەڵهاتووی چاومان
دەکەینە مەدالیاو
لە بەرۆکی ووشترخۆرکەکانی دەدەین

-2-

گەیشتینە دارەپیرەکان سڵاومان کرد
برینو زامی کۆتەرەدارەکانمان تیمارکرد
گەیشتینە هەر تاشەبەردێک
وەک کێل ماچمان کرد
کانی لێڵمان روون کردەوە
لە ئاوی کانییە بوگەنەمان خواردەوە
فرمێسکی گەشی پڵنگەکانمان سڕییەوە
ئیسقانی بەردەم ئەسپمان بۆ لای سەگ برد
کای بەردەم سەگمان بۆ پێشدەم ئەسپ برد

هەواڵنامەی کتێب

تەلیسمی ئەو قەڵێچەیەمان شکاند کە...
لە کەللەی سەری ئینسان دروست کرابوو
لەگەڵ گیاڵەبەرە جەنگەڵییەکاندا
گۆرانیمان گوت
سەمامان کرد
ئاوازی خۆشمان خوێند
بە ڕۆحلەبەرەکێوییەکان ئاشنا بووین

—3—

سووتووی قورئانەکانمان بۆ موحەممەد بردەوە
سڵاومان لێ نەکرد
ئینجیلی لە شەرما زەردهەڵگەڕاومان بۆ عیسا بردەوە
عیسامان ماچ نەکرد
تاجە درکەکەی سەر سەریمان لانەبرد
تەوراتی بەردبارانکراومان بۆ موسا پێغەمبەر بردەوە
گوێمان بۆ هەزارو یەک کەلیمەی نەگرت
سرودی شێوێنراوی «ڕێی هەق»ی بودامان بۆ پەرستگاکان بردەوە
سەری نەوازشمان دانەنواند
نەشمان گوت:
«لەدایکبوون دەردە، پیری دەردە، بیماری دەردە، مەرگ دەردە،
غەمو ڕەنجو ماتەمو نائومێدی دەردن، نەگەیشتن بە ئاواتەکان دەردە،
سەرئەنجام دڵبەستن بە هەر شتێک دەردە».

ئاڤێستامان لە کەلاوەیەکدا دۆزییەوە، بۆ زەردەشتمان گەڕاندەوە
ئاگرمان لەگەڵ خۆ نەبرد
ئاگرمان نەپەرست
ستایشی ئاهورامزدامان نەکرد
هەزاران پێغەمبەرو عارفی بەستەزمانمان بۆ بارەگای یەزدان
بە کێش کرد
کڕنووشمان نەبرد

–4–

گەیشتینە بەردەبووک
گاورەکانمان ووشککردو کردمانە بەرد
رۆحمان بە بەری بەردەبووکو سوارەکانیدا
کردەوە
ئاومان بۆ چەمەهاوینییەکان رۆ کرد
لافاوی رووبارە سەرشێتەکانمان
راگرت
لە خەرمانە قڵشاو
ئاگرمان لە کوپە زێڕەکان بەردا
باپیرەمان کە دووچڵ ئێسقان بوو
لەداخا بە نەفرەتی کردین
کە چیرۆکی ئاگرتێبەردانەکەی بۆ باپیرەی باپیرەی گێڕایەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئەویش دوو تفی لە تەوێڵی پیرۆزمان کرد
ئێمە دوو ڕۆحی یاخی بووین
ئەفسووس ئەم وەحشستانە
ئێمەی ماتومەلول کرد

ـ5ـ

لەبەر بارانی گوناهدا بە رووتی سەمامان کرد
وەک عاشقەوماشقە سواری هەوەسی سێکسی بووین
بەرەو ڕۆخی زەریای ئارامیی بردین
بە پێڵاوەوە بەسەر فەرشی مزگەوتەکاندا هاتوچۆمان کرد
لە تەنیشت مەزارەکەی کاک ئەحمەدی شێخەوە
یەکترمان لە ئامێز گرت
تێر تێر یەکترمان گووشی‌و یەکترمان ماچ کرد
دوا جار:
زێوانەکەمان کوشت
دەروێشە سوورەکەشمان بە مارەکەی خۆی خنکاند
لە مینبەرەکەشەوە
وانەی ڕەوشت‌و یاخی‌بوونمان گوتەوە
پێناسنامەی یاخی‌بووەکان لە گیرفانی ئێمەدایە
تاوانمان کرد
گوناهمان کرد
گوناه
گوناه
گوناه..

ئێمە لە پەستترین نەژادین، پەستترین نەژاد
خەونمان بە کوشتنی باوکمانەوە دی
دەستمان لە بینەقاقای دایکمان گیرکرد
لە خودا یاخی بووین
گسکمان لە شەریعەتو عیرفان دا
راستیمان گوت
درۆمان کرد
ئێمە ئەو ڕۆحی مەزن بووین
ئەم سەرابستانە
موخابن ئێمەی ماتومەلول کرد.
نامەی درۆیینەی دڵدارە هەرزەکانمان پارەپارە کرد
وانەی عیشقمان بە
گەنجو
پیرو
مێردمنداڵەکان
گوتەوە
گوتمان:
تا سەر سنووری مەرگ یەکترتان خۆش بووێت
عیشق لە ئامێز بگرن
ئەواجار:
خزگەی مەرگ بۆ ئازیزترین کەستان بخوازن
هەمیشە رووت بنو شەرم لە یەکتر مەکەن
شەرم لە شارو
کڵێساو
مزگەوتو
سەربازو

هەواڵنامەی کتێب

شاو
خودا
مەکەن
هەمیشە سترانی یاخیبوون بچڕن
لەو شوێنە تف ڕۆ کەن کە نابێت لێی ڕۆ بکەن
بۆ ئەو پارکانە،
ئەو مزگەوتانانە بچن کە یاساغەو نابێت بچن،
ئەو ڕێگەیە مەگرن کە پێشتر بۆتان دیاریکراوە،
گوێ لەو یاسایە مەگرن کە دوو ڕۆژی بەسەردا تێپەڕیوە،
خۆتان یاسادانەری خۆتان بن،
بە ئەبەدییەت ئاشنا بن،
لەو میوەیە بخۆن کە یاساغە
بەری ئەو دارە بخۆن کە دەستتان پێی ناگات،
لە ئەستێرکی لێوڕێژ لە گوناهدا مەلە بکەن،
یەکتر ڕامووسن،
چێژ؛ تەنها لە ڕامووسینی عیشقدایە،
لە مەرگ مەترسن،
ژیان ئەو مەرگە ساوایە بوو کە دیمان،
مەرگیش ئەو ژیانەپیرەیە کە نەمان دیوە،
نەفرین لە مەرگ مەکەن،
مەرگ جوانترینی شتەکانە.
تەنها زامێکی خۆشەو
جوانەو
بێ ئازار
زامی مەرگە

سروودی مەرگ بچڕن
لە خودا مەترسن، خودا مردووە
خودا لە خوڵقاندنی ئینسان پەشیمانە
لە داخا خۆی کوشتووە
پشت لە سروشت بکەن
سروشت سەرتاپا گوناهو تاوانە
زەمینتان خۆش نەوێت
ئەو بە گوناە سیخناخە
جگە لە خۆتان
بوونتان
هیچ شتێکی دیکەتان خۆش نەوێت
لە یادتان نەچێت
بوونتان
عیشقتان
سەرجەم تاوانە
گوناهە
گوناه...

-6-

ڕۆحی ئێمە لە هەوەس لێوڕێژە
ڕۆحی ئێمە لە عەقڵ بێزارە
ئەوە ڕۆحی ئێمەیە وەک قەیاخێکی گومرا
بە دوی چارەنووسی نادیاری شتەکاندا وێڵە.
ئێمە لەو گەشتە ئەفسووناوییەدا چیمان نەدی

هەواڵنامەی کتێب

شەوی دەیجورمان دی لێوڕێژ لە
گوناه،
ماچ،
پاکی،
بێدەنگی.
زەمینمان دی
منداڵە کوێربووەکانمان دی
بە دوی چاودا دەگەڕان
ئەو پیرەژنانەمان دی کە
وانەی «حەسرەت»یان دەگوتەوە
ئەو شاعیرانەمان دی
کە ملوانکەی بو ژنی سوڵتانێکی بستەباڵا دەهۆنییەوە،
شیعرێکی بۆ شەهیدان دەنووسی،
دواجار دەگریا
ئەفسووس بۆ ووشەی ناپاکی‌لێکراو
هاوڕێکانی خۆمان دی
میزیان بە بەردە نوێژەکاندا دەکرد
لەسەر مەزاری پیاوەگەورەکان شەرابییان نۆش دەکرد
ئەفسووس بۆ سەردەمی گێلی
سیاسەتمەدارەکانمان دی
لەژێر سۆزانییەکانەوە
لە باخەڵی سۆزانییەکانەوە
کتێبی «میر»یان موتالا دەکرد
قوربانییەکانمان دی
بە دوی جەللادەکانیاندا دەگەڕان
جەللادەکانمان لە سەرشانی مێژوو دی

کۆرپەکانمان دی
لە مەیدانی «ئازادی»دا
بەدوی خەونەکانیاندا دەگەڕان
پۆلێک کەو،
کە لە بازاڕی کەوبازەکان
دەیانخوێند؛
«کەو ئەو کەوەیە بەرامبەر کەو بخوێنێت»
پاساریەکانمان دی
لە مەیدانی ئاسنگەرەکان
سەوادی قەفەسیان دەکرد
فریشتەی ددان ئاڵتوونمان دی
بە فیزەوە عەزابی دەکڕی
دارستانمان دی
عەزابی دەفرۆشت
سەربەستێک، ئازادی بە نان دەگۆڕییەوە
نانێک، لە پێشانگایەکی ئاوێنەبەنددا
دەگریا
عەرەبمان دی
لە چڕاوگەی خوێنی حەللاج دەستنوێژی دەگرت
بە سەری حوسێن وازی دەکرد
لە کلێسا پاپامان دی
نوێژی بۆ فاشستەکان دەکرد
دوعای بۆ ترۆریستەکان دەخوێند
دەستی بەخوێنسووربووی ئاخوندێکمان
لە قەسابخانەیەک دی
مێزەری مەلایەک



هەواڵنامەی کتێب

لە سەرنوێکی دیکتاتۆرێکدا
ئێمە چیمان نەدی!؟
مەرگی ئەستێرە،
شەپۆلە دڵڕەقەکانی زەریا،
چەپۆکی بێ ڕەحمانەی ڕۆژگار،
لە سەرووی هەموشیانەوە،
تەرمی «ئیرۆس»مان دی
مەرگمان دی
ئەفسووس مانای بە بوون دەبەخشی
بەهەشتمان دی
لە بەهەشتدا،
لەو میوەیەمان خوارد کە خودا یاساغی کردبوو
لەو ڕووباردا مەلەمان کرد کە نەدەبوو مەلە بکەین
لەو شەرابەمان نۆش نەکرد کە خودا بۆی دانابووین
لە نێو گێژەلووکەی یاخیبوونەکەی «ئیبلیس»دا سەمامان کرد.
لە بەهەشتدا
جێ پێی ئادەمو حەوامان دی
فرمێسکی پەشیمانی ئەوانمان دی
کڕنووشمان نەبرد
ئێمە لە نوور بووینو ئەوان لە قوڕ
باش بوو خودامان نەدی
ئەفسووس «ئیبلیس»مان نەدی
چی دیکەمان دی؟
دۆزەخمان دی
کاتێک لە دۆزەخ ورد بووینەوە
لە هەورازو نشێوو بیابانو تاشەبەردەکانی ڕامین

وولاتەکەی خۆمان دی
خەڵکەکەیمان ناسییەوە
مێگەلەکەیمان ناسییەوە
ڕوخساری درەوشاوە
جەللادەکانیمان ناسییەوە
قامچی
سەرکردەکانیمان ناسییەوە
بۆن‌وبەرامی منداڵە چاوڕەشە
سووتاوەکانیمان ناسییەوە
سترانی باڵندە
سووتاوەکانیمان ناسییەوە
هاوڕێکانی خۆمان ناسییەوە
ئەو هاوڕێیانەی بەبێ ئێمە سەفەریان کرد
بە نیازی بەهەشت ڕۆیشتن‌و لە دۆزەخ دیتماننەوە
پردو چوخمەو کوورەخشتەکانیمان دییەوە
کتێبە ڕزیوەکانی نێو
«کتێبخانەی گشتی»مان دییەوە
وێنەی سووتاوی
ئاهەنگی قەشقۆڵیمان دییەوە
پەنجە بچووکە بێ‌ئەڵقەکانی دەستی خۆمان دییەوە
پێیە مانگرتووەکانی خۆمان دییەوە
چی دیکەمان دی؟
جا ئێمە چیمان نەدی؟!
لە نێوان بەهەشت‌و دۆزەخدا
«قابیل»مان دی لاشەی «هابیل»ی بە کۆڵەوە بوو
ناوچەوانی پیرۆزیمان ماچ کرد...



هەواڵنامەی کتێب

-7-

سەرەنجام شەكەت بووین
لە نێوان بەهەشتو دۆزەخدا
خۆمان لە كفنی هەورەكانەوە پێچا،
رۆحت دەیگوت: ئێمە سەراپا ئەوینین
رۆحم دەیگوت: سەراپا كینەو ئەوینین
رۆحت دەیگوت: منت خۆشدەوێت؟
رۆحم دەیگوت: هەرەسی بەفر لە پێشە
رۆحت دەیگوت: حەزم لێتە
رۆحم دەیگوت: زەمەنی بزربوون لە پێشە
رۆحت دەیگوت: لە ئامێزم بگرە
رۆحم دەیگوت: مردن لە پێشە
گوتت: پێكەوە دەمرین
گوتم: نا من بە تەنها دەمرم
گوتت: لە مەرگ سڵ دەكەیتەوە
گوتم: لە مەرگ هەراسم نییە
هەراسی من لە مەرگێكی پەستی دوور لە یاخیبوونە

-8-

لەنێو بۆشایی رەهادا
تێرتێر گریاین
بێ مەبەست گریاین
بە مەبەست گریاین

بۆ خۆمان گریان
بۆ گریان گریاین
گریانی گریان
له بارانی ئەشکمان
گوڵەژەهراوییەکان تێر ئاو بوون
دارە کرمتێداوەکان ئاوایان خواردەوە
کانییە سوێرەکان تەقین
زەوییە بەیارەکان
لالەزارە پەژموردەکان،
گەشانەوە
تینوێتی سەدان ساڵەی بیابانەکان شکا،
شاگەشکە بوون
ئەوسا هەموو عاشقەکان لەگەڵماندا گریان
بارانی ئەشکمان نیوەی گوناهی زەمینی شتەوە
ئینسانەکان،
میگەلەکە،
بەهۆی گریانی مەوە لە گوناهەکانیان پاکپاکبوونەوە

_9_

ئێمە لە کوێوە هاتین‌و بۆ کوێ دەچین؟
لەبەرچی بۆ نێو «بوون» تووڕ هەڵدراین؟
ئێمە دوو ڕۆحی سەرکەش بووین
ئەم گەردوونە
ئەم هیولایە
موخابن
ماتومەلوولی کردین

-10-

ئەی مەرگ..
لێت دەپاڕێینەوە
ئەم گەردوونە پەستە زۆر بچووکە
هیواو خەون‌و یاخی‌بوونی ئێمەش گەورە
دەستت بدەرە دەستمان
با گەردوونێکی گەورەتر،
جوانتر،
مەزنتر،
سەرمەدی،
بۆ خۆمان سازدەین
ئێمە جوانترین شتی ئەو گەردوونە بچووکەمان
لەگەڵ خۆ هێناوە
عیشق‌و
ماچ‌و
سووتووی یاخی‌بووەکان
دەستت بدەرە دەستمان
با بۆ نێو ئەو تاریکییە سەفەر بکەین
کە پێویستی بە رووناکی نییە
با سواری ئەو گڕە بین کە نامانسووتێنێ

ئەو گەردوونە ببینین
بە دیداری ئەو بەختیارییە شاد بین
کە کۆتایی نایە
سەما بکەین سەمای مەرگ
سەمای ئەبەدی
بۆ هەمیشە ئەبەدییەت لە ئامێز بگرین

_11_

ئەمێستا...
لێک دوورین
هەریەکەمان ئەستێرەیەکین
کاتێک من هەڵدێم تۆ ئاوا دەبیت
کە ئاوا بووم ئەوسا...
ئەی ئەستێرەی غەمبار
ئەی شای ئەستێرەکان
تۆ.. ئەوسا هەڵدێنیت
ئەمێستا
سەرمەشقی گوڵبژێرکردنی گوناهەکانمانین
داستانە غەم ئەنگێزەکانی
سێ ساڵی خۆشەویستی شەنوکەو دەکەین
پرسە بۆ مەرگی جوانترین
بەدترین
خۆشەویستی گەردوونە بچووکەکە دەگرین
ئامۆی ئامۆین
تەنهای تەنهاین
سیماو رەنگو بۆی یەکترمان لە یاد چووە

هەواڵنامەی کتێب

ئەفسووس ئیدی دەنگمان بە یەک ناگات
مەگەر جارێکی دی بۆ
ئەو گەردوونە،
ئەو دۆزەخە،
ئەو بەهەشتە،
ئەو زەمینە،
ئەو وڵاتە،
بگەڕێینەوە
کە نەفرینمان لێ کرد
کە نەفرینی لێ کردین.

تورکیا
1989 / 1 / 7

# سەرهەڵدانی کێشەی کورد

هیوا جەباری

**ڕاپەڕین سەرەتای قۆناخێکی نوێیە**

لە کوردستانی عێراقدا، ئەمڕۆ ڕاپەڕینێکی جەماوەری بێ وێنە هەیە. ئەم ڕاپەڕینە مەزنە سەرانسەری کوردستانی تەنیوەتەوە. بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا، دەسەڵاتی کۆمەڵانی خەڵک ئەوەندە بەرفراوان بێت، تەنانەت شوێنێکی وەکو کەرکوکیش، کە یەکێکە لە هەرە شوێنە ئابووری و ستراتیجییەکانی عێراق، بەدەست ڕژێمەوە نەمێنێ. لە خواروی عێراقیش زۆربەی شارو گوندەکان مەڵبەندی ڕاپەڕین و خەباتی دژ بە فاشیزمە. ڕژێمی سەددام ڕوو لە هەرەس و داتەپینە. بۆ یەکەمین جاریشە لە مێژووی حەفتا ساڵەی عێراقدا دارو دەزگاکانی دەوڵەت بە خێرایی ڕوو لە هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان بێت. هەموو ڕۆژێ، لایەنی جیاجیا نیشانەی پرسیار دەخەنە سەر چارەنووسی ئەم دەوڵەتە و گومان لەوە دەکەن، جارێکی تر، ڕژێمێک بتوانێ بە هەمان شێوەی جاران فەرمانڕەوایی بکات.

هێزە دەرەکییەکان، هەر لە ئەمریکاوە تا ئێران و تورکیا و عەرەبستانی سعوود دژایەتی و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر پرۆژەی دابەش بوونی ئەم دەوڵەتە دەردەبڕن. نە دەیانەوێ گەلی کورد دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ و نە دەیانەوێ شیعەکان کۆمارێکی ئیسلامی ـ مەزهەبی تر دامەزرێنن. هێزە سیاسیە کوردستانی و عێراقییەکان هەر یەک لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە چارەنووسی ئەم دەوڵەتە و هەریەک خەون و ئامانجی خۆی هەیە. بەڵام کەسیان بەوە ڕازی نین ئەم دەوڵەتە وەکو خۆی بمێنێتەوە و هیچ دەستکارییەک نەکرێ. کەس بەوە ڕازی نییە بناغەی ماددی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی عەسکەری تر بەبێ دەستکاری بمێنێتەوە. چونکە بوونی دەوڵەتێکی مەرکەزی، دژ بە دیموکراسی، کە لەسەر بنکەیەکی نەتەوەیی ـ مەزهەبی دانراو (عەرەبی سوننی) لەگەڵ بەرژەوەندی دانیشتوانی عێراقدا ناگونجێ و ناتوانێ هیچ دەستکەوت و قازانجێکیان دابین بکات. ئەو خەڵکە مافی ڕەوای خۆیەتی شێوەی دەسەڵات دیاری بکات، شێوەی ئەو ڕژێمە

دیاری بکات کە لە سایەیدا دەژی. ئەو خەڵکە مافی خۆیەتی بە ڕاشکاوی نارەزایی خۆی بەرامبەر داو و دەزگاکانی دەوڵەت، لە داهاتوودا، دەربڕێ، چ لە ڕێگەی دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە بێت و چ لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتنەوە.

### هۆکانی ئەم ڕاپەڕینە

هۆی ئەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییە چییە؟ شۆڕش ناڕەزایەتییە دژی شکان و ژێرکەوتن، لە شەڕێکدا هەر سەر لە ئێوارە ئەم ئەنجامەی لێ چاوەڕوان دەکرا؟ یا یاخیبوونە دژی برسیێتی و گرانی و نەبوونی خۆراک؟ یا ئەمە شاخە بەفرێکی گەورەی ئێو ئاوە و تەنیا لووتکەکەی بەدەرەوەیە؟ بۆ ئەم ڕاپەڕینە لە کوردستان و خوارووی عێراق بە هێز و ناوچەی ناوەڕاست بە کەمی نەبێ جموجۆڵ و هەڵسانەوەی تێدا نیە؟

لەم نووسینەدا مەبەست وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە نیە، چونکە هەموویان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە و هەموشیان دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، ئەگینا ئەنجامگیرییەکەی ناتەواو دەبێ. هەر بۆ نموونە بوونی ڕژێمی فاشی و سەددام هۆیەکی گرنگ و بناغەیییە لە تەقینەوەی ئەم ڕاپەڕینە. بەڵام ئەم ڕژێمە و سەرکردەکەی بەرهەمی کۆمەڵێک هۆی ترن کە ئەگەر ئەو هۆیانە نەبوونایە ڕێگە بۆ ئەم ڕژێمەش خۆش نەدەبوو، سەددامیش ئەگەر دروست ببوایە بەم شێوەیەی ئێستا دروست نەدەبوو، جێگای یا نەخۆشخانەی دەروونی دەبوو یا بەندیخانە.

هۆیەکی گرنگی دروستبوونی ڕژێمی فاشی، عێراق دەوڵەتێکی فرەنەتەوە، فرەئاین، فرەمەزهەب، فرەکولتوورە ...هتد. دەسەڵات بە شێوەیەکی تایفەیی لەدەست کەمایەتییەکی مەزهەبی کۆبۆتەوە و ئەم تاقمەش هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ ڕێگەی زەبروزەنگ و ترساندن و تۆقاندنی گرتۆتەبەر و نزیکەی 60٪ی داهاتی نەتەوەییش بۆ بەهێزکردنی ئەم داوودەزگایە تەرخان کراوە.

زەقترین نموونە لەسەر شێوەی (طائفی) دەوڵەتی عێراق هەر لە ساڵی 1920 ەوە ئەوەیە لە دە موتەسەریف و سی و پێنج قائیمەقام و هەشتاوپێنج مودیر ناحیە ـ جگە لە نەجەف و کەربەلا ـ هیچ کەسێکیان شیعە نەبوون<1>. ئەم سیاسەتە بەرامبەر گەلی کورد هەر زۆر دڕندانەتر بووە و هەر لە کۆنەوە نیشانەی گومانیان خراوەتە سەر و هەوڵی بەعەرەبکردنیان و شێواندنی خەبات و مێژوویان دراوە.

### مافی چارەنووس و
### لایەنی یاسایی و سیاسی کێشەی کورد

کێشەی کورد لە عێراقدا، لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە بەگوێرەی پێویست بایەخی پێنەدراوە و مافی چارەنووسیش وەکو مافێکی ڕەوا بە ڕوون و ئاشکرا نەخراوەتە بەرچاو<2>. ئەم بایەخ پێنەدانە، تا ڕادەیەک کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە. ئەم کەلێنە گەورەیەش بە زیانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک شکاوەتەوە.

دەستهەڵگرتن لە مافی چارەنووس لە پێناوی مافی «ئۆتۆنۆمی» بچووکترین مافیشیان لە خەڵک سەندۆتەوە، کە مافی ژیانە لەو شوێنەی مرۆڤ خۆی بۆخۆی هەڵی دەبژێرێ. ئەم پاشەکشەکردنە بەری بە شاڵاوی بەعەرەبکردن و کاولکردنی کوردستان نەگرتۆتەوە.

بۆیە پێویستە لە قۆناغی ئەمڕۆدا کێشەی کورد لە ڕووی سیاسیی و دەستوورییەوە بە وردی ڕوون بکرێتەوەو بە کلێشە کۆن و سواوەکان سەرلەنوێ رازی نەبین و لەپێناوی تاکتیک و بەرژەوەندی کاتیدا دەست بەرداری مافی ڕاستەقینەی گەلەکەمان نەبین. بە بیانووی ئەوەی ئەگەر ئەمڕۆ دەستمان لەو مافە «ئۆتۆنۆمی» گیر بوو، لە داهاتوو دەتوانرێ مافی گەورەتریش وەدەست بهێنرێ. تا ئێستا هەر بە پێچەوانەوە بووە، چونکە سەوا و مامەڵەی سیاسیش وەکو سەوا و مامەڵەی بازارە، خاوەن کالاّ تا بۆ بلوێ داوای نرخی گرانتر دەکات، چونکە سوور دەزانێ کڕیار ئەو نرخەی بەبێ چەندوچوون لە مستیێ داتانێ. بۆیە لەدڵی خۆیدا نرخێک بۆ کالاکە دادەنێ بۆئەوەی ئەو نرخەی بە ئاسانی چنگ کەوێ، دەم بۆ نرخی بەرزتر دەکوتێ، نەک ئەو نرخەی لە دڵی خۆی دایناوە.

### کۆلۆنیالیزم و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق

کێشەی کورد وەکو کێشەی گەلێکی بێبەش و ماف خوراو، هەر سەری هەڵدەدا، بۆ ئەوەی بە کاروانی پێشکەوتن بگات. هاتنی کۆلۆنیالیزم پاش هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، شێوە و کات و ڕێبازەکەی گۆڕی. ئەگەر یەکەم جەنگی جیهانیش نەبوایە و کۆلۆنیالیزمیش نەبوایە، ئەم کێشەیە هەر سەری هەڵدەدا، بەلاّم لە ڕەنگ و کات و شێوەی تردا. هاتنی هێزێکی دەرەکی، گۆڕانێکی کتوپڕ، خێرا، توندوتیژی بەسەر سەرجەمی ڕەوتی پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵی کورددا هێنا. ئەم گۆڕانەش هەموو لایەنێکی ژیانی گرتبووەوە، لایەنی ئابووری، سیاسی، کۆمەلاّیەتی، تا ئەدەب و هونەر و شێوەی جل وبەرگ ...هتد

ئێمەش تەنیا تیشک دەخەینە سەر یەک لایەن و هەوڵدەدەین لە هەموو لایەکەوە ڕوونیبکەینەوە. ئەویش لایەنی سیاسی و قانونییە، لەو ڕۆژەوە کە کێشەی کورد سەری هەڵداوە.

پێشەکی دەبێ ئەو ڕاستییە ڕەچاوبکرێ، کە سەرهەڵدانی کێشەی کورد دەکەوێتە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە 1921/10/25 دا. ئەوکاتەی یەکەم جەنگی جیهانی کۆتایی پێهات و بۆشاییەکی سیاسی گەورە لە کوردستاندا دروست بوو. سوپای شکاوی عوسمانی لە بەشێکی کوردستان کشابووەوە و دەستی سوپای ئینگلیزیشی پێ ڕانەگەیشتبوو گەلی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید هێزێکی پێکهێنابوو، بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کاری خۆی. ئینگلیز ناچاربوو لە 1918/10/1 شێخ مەحموود بکاتە (حوکمداری کوردستان)<3>. شێخ مەحموود نەیتوانی بۆ ئاستی هێڵی سیاسی داگیرکەری ئینگلیزی دابەزێ و لە ئەنجامی توندبوونەوەی ناکۆکی و (ئەو ساڵی 1919 درشمی سەربەخۆیی دژی ئینگلیز هەڵگرت)<4>لە مانگی تشرینی دووەمی 1922 شێخ مەحموود ناونیشانی مەلیکی کوردستانی لەخۆی نا<5>. لەم کاتەدا، حکوومەتی شێخ مەحموود خۆی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ سەیرکردووە و عێراقیشی وەکو دەوڵەتێکی دراوسێ داناوە. (**أگر بە نظر أنصاف ئاشای راست وچپ و أستقبالی خوبان بکن لی بان معلوم أبی کە تشکلی حکومت کوردستان لە همو**

خصوصیکەوە صد هزاران خیر و خوشی بو عراق تیدایە وبلکە دوام أستقلال، بقای موجودیتی عراقش بەواسطە بقای حکومتی کوردستانەوەیە لەبەر أوە لە سر هر دو ملت أسلامیە مجاورە کە حقوق ومناسبات هزار سالەیان پیکەوەیە وهمیشە وەکو برا ژیاون لازمە بو محافظە استقلال وحقوق وحدود طبیعیە یکتری بەجان وجگر القامات درستانە صرف بکن )‹6› لە ژمارەکانی تری رۆژنامەی ( رۆژی کوردستان ) بە توندی بەرپەچی ( حزب الحر العراقی ) داوەتەوە کە لە رۆژنامەی ( العراق ) دا بڵاوکراوەتەوە و هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە هەردوو سنووری سروشتی خۆیان هەیە. بەرزکردنەوەی ئاڵای سەربەخۆیی بەم شێوەیە، دەنگدانەوەیەک بوو بۆ بانگەوازو پێناسەی ( ولسن ) بۆ مافی گەلان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان‹7› سیاسیە کوردەکانی ئەو کاتەش زانیویانە مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەپێی بانگەوازەکەی ( ولسن ) چییەو وەکو بەڵگە دژی ئینگلیز بەکاریان هێناوە.

**هۆی ناوەزووی بەدروست کردنی دەوڵەتی کوردی**

ساڵانی پاش یەکەم جەنگی جیهانی، زۆر چارەنووس سازو دژوار بووە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی. لەلایەکەوە سێ دەوڵەتی نوێ دروستبوون لەسەر بەشێک لە نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی ( تورکیا و عێراق و سوریا ). کۆلۆنیالیزمی بریتانی و فەرەنسی لەسەر میرات و بەرات رێککەوتبوون. واتە پرۆسێسی دروستبوونی سێ دەوڵەت « State–building » لە ئارادا بووە و ئەم سێ پرۆسێسەش هەر یەکەیان بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە ئامێزی گرتبوون.

جوولانەوەی سیاسی گەلی کورد لەم قۆناغەدا، رووبەڕووی کۆمەڵێک بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی، فاکتۆری ناوەژوو بوو. هەرچی هێزی ناسیونالیستی عەرەبی عێراق هەیە ــ کە ئەو سەردەمە لە لایەن توێژە ئەرستۆکراتی و سەرەک هۆز و موڵکداری گەورە و ئەفسەرەکانەوە ئاڵاکەی بەرزکرابووەوە ــ توانی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی هێزی داگیرکەری بریتانی بگونجێنێ. بەڵام جوولانەوەی سیاسی گەلی کورد لە رووی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی و فیکرییەوە، لەو توانایەدا نەبوو، دەسەڵاتی خۆی بەرێگەی دیپلۆماسی یا عەسکەری بسەپێنێ، لەبەر باڵا دەستی هێزوبەرژەوەندییەکانی تر. واتە کێشەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی « State – building » لەبەر چەند هۆیەکی بابەتی ( بوونی بەرژەوەندی دوو قۆڵی و سێ قۆڵی دژ ) و لەبەر هەلومەرجی ناوەوەش ( نەبوونی دامەزگای سەربەخۆی پێویست ) پرۆژەکە لەبارچوو، هەرچەند پەیمانی سیڤەر 1920 بە نیوە و نیوەچڵ، دانی بە مافی دروستکردنی ئەو دەوڵەتەدا نابوو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆ سیاسیەکانی ئەو کاتە دەسپێکێکی چاک بوو.

**شەرعیەتی دەوڵەتی عێراق لە کوێوە هاتووە ؟**

دەوڵەتی عێراق لەچاو دەوڵەتەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ( ئێران و تورکیا بۆ نموونە ) رابوردوویەکی مێژوویی دوورو درێژی نییە. دەوڵەتی نوێش لەسەر کەلاوەی دەوڵەتێک دروست نەبووە، پێش 1918 ناوی عێراق بێت. لەلایەکی ترەوە، دانیشتوانی ئەم دەوڵەتە، یەک

نەتەوە نین، کە لە ئەنجامی جوولانەوەیەکی نەتەوەیی بەهاری دامەزراندنی دەوڵەتێکیان داینێت کە پڕ پێهێنستی جوولانەوە نەتەوەییەکە بێت. هەروەها ئەم دەوڵەتە لەرووی ئاین و مەزهەبییەوە یەک رەنگ و یەک پارچە نییە، کە ئەم فاکتۆرە بەسەر لایەنەکانی تردا زاڵ بێت. خەڵکی عێراق نە پێش 1918 بەهۆی ئاین و مەزهەبەوە یەکپارچە و یەک رەنگ بووە و نە پاش ئەم ساڵەش لەسەر بناغەی ئاین ئەم دەوڵەتە دروستکرابێت. کەواتە ئەم دەوڵەتە هەر لەسەرەتاوە هیچ شەرعیەتێکی ( Legitimation ) نەبووە. نە گەلی کورد و نە تورکمان و نە شیعە بە دروستبوونی ئەم دەوڵەتە رازی بوون. بێگومان دەنگدانی گشتی و پرس پێکردنیش نەبووە، کە رەزامەندی ئەو خەڵکە لەسەر شێوە و چۆنییەتی ئەم دەوڵەتە وەربگرێت.

کۆلۆنیالیزمی بریتانی کە ئەو کاتە تازە عێراقی داگیر کردبوو، بە گوێرەی بەرژەوەندی و قازانجی خۆی ئەم دەوڵەتەی دروست کرد و دەسەڵاتیدا بە کەمایەتییەکی مەزهەبی، کە عەرەبی سوننیە لە عێراقدا. ئەم کەمایەتییەش بە یارمەتی هێزی داگیرکەر دەسەڵاتی خۆی بە ئاگر و ئاسن سەپاند <8>

دەوڵەتی عێراق لەبەر ئەم هۆیە لە رووی دەرەوە سۆڤەرێنە Sovereignty وەکو ئەندامی ئەندامی دەزگای « نەتەوە یەکگرتووەکان » و لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە ئیعترافی پێ کراوە. بەڵام لە دیوی ناوەوە ئەم دەوڵەتە سۆڤەرێن ( خاوەن سیادە ) نیە. جگە لە مەسەلەی نەبوونی ( سیادە ) لە دیوی ناوەوە، ئەم دەوڵەتە، دەستووریشی نیە، بەمەش سیفەتی دەوڵەتێکی مۆدێرنی لەدەستداوە.

### رژێمی ئەوسای عێراق و دانانی بەمافی چارەنووسدا

ئەگەر بەکێک بە سەرپێییەوە چاوێک بە بەهار و هەڵوێستی یەکەم حکومەتی عێراقدا بگێڕێ، هەر بەکسەر ئەم راستیانەی خوارەوەی بۆ دەردەکەوێ:

1- گەلی کورد ئەو دەمە داوای مافی چارەنووسی کردووەوە نەک « ئۆتۆنۆمی » یا « مافی رۆشنبیری »، کە تازەبەتازە هەندێ هێزی سیاسی ئێستا و پاش تێپەڕبوونی حەفتا ساڵ بەسەر دەوڵەتی عێراقدا، باسی لێوە دەکەن. ئەو دەمە حکومەتی عێراقیش لەو داواکارییە گەیشتووە، هەروەکو لەم دەقەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێ:

### الحركة الكردية

في الوقت الذي كانت البلاد تستعد لوضع حد نهائي لشكل الحكومة الذي اقامتها في العراق، كانت هناك حركة في الشمال يقوم بها البعض من الزعماء الاكراد، الذين يتمسكون بحق تقرير المصير، للشعوب التي سلخت من جسم الامبراطورية العثمانية، فكانت هذه الحركة سبباً أدى الى تأخير أمر البت في قضية تتويج الامير فيصل لعرش العراق بضعة أيام <10>

2-حکومەتی ئەوکاتەی عێراق دانی بەوەدا ناوە کوردی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا حکومەتی خۆی دروست بکات و بڕیاریش لەسەر شێوەی ئەو حکومەتە بدات کە خۆی دەیەوێ، هەروەکو لەم دەقەدا دەردەکەوێ:

«تعترف حكومة صاحب الجلالة البريطانية، والحكومة العراقية معاً، بحقوق الاكراد القاطنين ضمن حدود العراق، في تأسيس حكومة كردية ضمن هذه الحدود، وتأملان أن الاكراد على اختلاف عناصرهم سيتفقون في أسرع ما يمكن على الشكل الذي يودون أن تتخذه تلك الحكومة، وعلى الحدود التي يرغبون أن تمتد اليها، وسيرسلون مندوبيهم المسؤولين إلى بغداد لبحث علاقاتهم الاقتصادية والسياسية مع حكومتي انكلترة والعراق» <9>

واتە: رژێمی ئەو سەردەمەی عێراق بەوە رازی بووە شێوەی دەوڵەت (فیدرالی) بێت و نەک دەوڵەتێکی مەرکەزی. بۆیە هەر زۆر سەیرە مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز، لە رژێمی مەلیکی، مەلیکی‌تر و چاوچنۆکتر بێت و هەندێ تیژی رژێمی بەعس کاوێژ بکاتەوە.

### شۆڕشی 14ی تەمووز و کێشەی کورد

رژێمی عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتاوە توانی کۆمەڵێک ریفۆرمی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی جێبەجێ بکات. بۆ گەلی کوردیش هەندێ مافی رۆشنبیری لەبەرچاو گیرا وەک بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی و خوێندن لە هەندێ ناوچەی کوردستان بە کوردی...هتد. ئەم جۆرە مافەش هەر زۆر سەرەتایی و بێ بایەخە لەچاو ئەو مافەی کە مافی چارەنووس رەچاوی دەکات. ماددەی سێیەمی دەستووری 1958 بەم شێوەیەی سەرەوەیە:

«يقوم الكيان العراقي على اساس من التعاون بين المواطنين كافة باحترام حقوقهم، و صيان حرياتهم و يعتبر العرب والأكراد شركاء في هذا الوطن. و يقر هذا الدستور حقوقهم القومية ضمن الوحدة العراقية» <11>

ئەم خاڵەی لە دەستووری عێراق، هەرچەند لە چاو دەستووری تورکیا و ئێران زۆر پێشکەوتووە، بەلام لەچاو ئەو دەقەی لە لاپەڕەی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە، زۆر تەمومژاوییە و هیچ شتێکی کۆنکرێتی بە دەستەوە نەداوە. دەبێ ئەم شەریکایەتییە بە کام شێوە رێکبخرێ و رێژەی ئەو شەریکایەتییە چەند لە سەد بێت. چونکە بە گوێرەی قانون هەوڵ نەدراوە ئەم هاوبەشێتییە دەستنیشان بکرێ و بەباشی پارێزگاری بکرێ و لە نێوان دامەزگاکانی دەوڵەت رەنگ بداتەوە. ئەگینا سوودی هەزاران دەقی قانوونی چییە ئەگەر وەرنەگێردرێ بۆ کارو دەزگایەک نەبێ

هەڵگری دەقەکە بێت و سەربەستی بەدیهێنانی نەبێ؟

هەر بۆیەش «شۆڕش»ەی چواردەی تەمووزی 1958 هیوایەکی زۆر گەورەی وروژان، بەڵام ڕژێمەکەی عەبدلکەریمیش نەیتوانی لایەنی کەمی ئەو هیوایەش بهێنێتە دی، چونکە ئامادە نەبوو دەستبەرداری بچووکترین بەشی دەسەڵاتی مەرکەزی بێت، لە پێناو مافێکی دیموکراسی. دەوڵەت ڕازی نەبوو دادەزگای نوێ دروست بکات کە دابینی مافی گەلی کوردی تێدا دابین بکرێ.

**داهاتووی کێشەی کورد لە عیراقدا**

تاقیکردنەوە حەفتا ساڵی ڕابردوو یەک ڕاستیمان بۆ دەردەخات کە دەوڵەتی عیراق، دەوڵەتێکی مەرکەزییە و ئەم مەرکەزییەش ڕۆژبەڕۆژ توندتر و چڕتر دەبێتەوە تا گەیشتۆتە شێوەی کۆبوونەوەی دەسەڵات و چارەنووس لەدەست یەک تاکە کەسدا. دابەشبوونی کلاسیکی دەسەڵات، بە شێوەی نیمچە دیموکراتیش لە مێشکی دەسەڵاتداران جێگەی نابێتەوە. بۆ ئەوان یەک نیشتمان و یەک نەتەوە و یەک سوپا و یەک خاوەن دەسەڵات هەیە. ئەم «یەکەیە» زۆر پیرۆزە، نابێ بە هیچ شێوەیەک کەل بکرێ. ئەم «یەکەیە» پیرۆزە تەنانەت لای خەڵکی پێشکەوتنخواز و مارکسیش وکو ئەفسانە سەیر دەکرێ و بە هیچ شێوەیەک گوێ بە حەز و ئارەزووی خەڵک نادرێ. داواکردنی بچوکترین مافی مرۆڤ بە جیاوازیخوازی و خیانەت و تاوان دادەنرێ. بۆیە لەمەودوا پێویستە بە ڕوونی و ئاشکرایی بەگەرمی پێ لەسەر مافی چارەنووس دابگیرێت و جیاوازیخوازی بە مافێکی زۆر سروشتی دابنرێ و دروشمی هەڵخەڵەتێنەری تر بەرز نەکرێتەوە بۆ ئەوە دڵی فلان و فیسار نەڕەنجێ یا گەلی کورد «بە تەوای لەناونەچێ»

*تەنووسینە
لە کۆتایی مانگی ئازاری 1991نووسراوە

سەرچاوەکان


1- Simon, Reeva S. : Iraq Between the Tow Word Wars.
Columbia University Press, New York 1986, P.55

2- د. محەمەد هەمەوەندی: باسێکی باسایی لەڕووداوەکانی خوارووی کوردستان. پەیڤ ژ.8 گەلاوێژی 1988 ل86

خالد خالد: کیف تعالج الساتیر العراقیه الحقوق القومیه للشعب الکردی ستوکهولم - 1990

ئەم دوو نووسینە هەرچەند بە ناونیشان لەوە دەچن لێکۆڵینەوەی یاسایی و دەستووری بن، بەڵام بەداخەوە لەم خاڵە نزیک نەکەوتوونەتەوە سەبارەت مافی چارەنووسیش لەم بارەیەدا بەگوێرەی ئاگاداری من ئەم دوو نووسینە بڵاوکراوەتەوە:

-الاتحاد الوطني الکردستاني: أغد أم دیمقراطي و حرمان شعب حتی منحق العلم. مطبعه الشهید أبراهیم عزو 1988


هەواڵنامەی کتێب

ـ سالار عەزیز: بەڵێ جەژنێک بۆ کرێکارانی کوردستانی عێراق. گۆڤاری نوژەن ژ.1 زستانی 1991 ل13-50

3- رفیق حلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر، 1988 ل60

4- د. کەمال مەزهەر، چەند راستییەکی نوێ دەربارەی شوێنی کورد لە راپەڕینی مایسی 1941دا گۆڤاری رۆشنبیری نوێ. ژ.123، ئەیلولی 1989 ل23

5- رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل533

6- عارف سائیب، « غزتە، العراق » لە رۆژنامەی رۆژی کوردستان، 15ی تشرینی دووەم 1922، کۆکردنەوە و پێشەکی: جەمال خەزنەدار، بەغدا 1973 (بەهیچ شێوەیەک دەستکاریی نووسینەکە نەکراوە و دەقەکە وەکو خۆی نووسراوەتەوە)

Vgl. Ibrahim, Ferhad, Die Kurdische Nationalbewegung im Irak, Berlin 1983 s. 266††

8- Ibrahim, Ferhad, Ibid S. 11 u.s. 742

9- عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیه، ج1، صیدا ـ 1953 ص 35

10- عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیه، ج1، صیدا ـ 1953 ص 204

11- عبدالرزاق الحسنی: تاریخ الوزارات العراقیه، ج10، صیدا ـ 1961 ص 260

## سوپاس

سوپاسی گەرموگوڕی کرێکارانی چاپخانەی هەڵەبجە دەکەین و دەستی رێزیان بۆ بە سنگەوە دەگرین، ئەگەر لەخۆبوردوویی و ماندووبوونی ئەوان نەبووایە، گۆڤاری خەرمانە لەدایک نەدەبوو.

دەستەی نووسەرانی

خەرمانە

# شە پۆلە تووڕەکان!

زریان عەبدوڵا

پەلاماری دەوڵەتی عێراق بۆ کوێتو داگیرکردنی، پەلاماری واشە بۆ چۆلەکەیەکی هەڵەرزیوی بێ ئەنوا نەبوو، وەکو فاشیەکان خەونیان پێوە دەبینی. چۆلەکەی کوێت بووە ژیژکو بە گەرووی بەعسی لە چاو ئەرکی ئیمپیریالیزمدا، کونە هەتیتە، قووت نەچوو، لە بەربینی‌گیرا.

کێشەی کەنداو کریسێکی ئابووری ـ سیاسی جیهانگری خوڵقاندو هاوکێشەیەکی سیاسی ـ عەسکەری نوێو لای عێراق حیساب بۆ نەکراوی هێنایە سەرشانۆی سیاسیەتی نێودەوڵەتانو رۆژهەلاتی نێوەڕاست.

یەکێتیو پێداگرتنی بێ چەندوچوونی دەوڵەتانی رۆژئاواو رۆژهەلات لەسەر بە توێزی دەرپەڕاندنی عێراق تا رادەی پەلاماری سەربازی، نیشانەی کارکردنی کاریگەرانەی ئەو کریسە بوو بۆ سەر بەرژەوەندی ئابووری ئەمریکاو ئەورووپاو مەسەلەیەک بوو کە ئەقڵە کۆمپیوتەرییەکەی سەددام پەی پێنەبردبوو... سەرسەختی گەوجانەی سەدام تەنیا کلیلێکی زێڕینی بۆ چارەسەری کێشەکە بۆ هاوپەیمانەکان بەجێهێشت. کلیلێک کە تاسەی خواستو ئامانجەکانی ئیمپیریالیزمی شکاندو دەرگەی فرۆشتنو خاڵیکردنەوەو تاقیکردنەوەی نوێترین دەبۆی جەنگی بۆ کردنەوە ـ وێڕای کۆنترۆڵکردنی راستەوخۆی ناوچەکەو کەنداو ئەوا ئەمبارەکانیشی لە دۆلار ئاخنین!

ئەقڵیەتو بیروناکاری دواکەوتووانەی سەدام لەمەڕ رزگارکردنی کوێتو ئاکامی شانۆگەرییە خوێناوییەکەی دەشتی بە هەڵوێستو ئاکارو بیرکردنەوەی هەندێ (سەرکردە)ی کورد لە ساتو سەوداو مامەڵەی بزووتنەوەی چەکداریدا لەمەڕ رزگاری کوردستان، بچوێنرێ!. سەددام لە ئەنجامی دەرکنەکردنی مەترسیی پەلاماری کوێت بۆ سەر بەرژەوەندی زلهێزەکانو باشتێنەگەیشتنی لەمەودواو جوغزی سیاسەتی نوێی نێودەوڵەتان، نەک هەر کوێتی پێ قووتنەدرا، بگرە عێراقیشی بەو دەردە بردو

کەنداوی کردە بەهێزترین بنکەی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا.

حیزب‌و ڕێکخراوە کوردییەکانیش، لە سۆنگەی دەرک نەکردنیان بە سەنگی بزووتنەوەی چەکداری کوردستان لە سیاسەتی نێو دەوڵەتان‌و وڵاتانی نەیاری سەدام لە ناوچەکەدا، نەک هەر «حوکمی زاتی ڕاستەقینە»یان بۆ کورد پێ دابین نەکرا، بەڵکو ئاکارو کاری سیاسیان، هەمیشە لە خزمەتی دوژمنانی کوردو دژ بە خواستەو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بووەو لەشکری داگیرکەرانیان ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بۆ کوردستان ڕاکێشاوە بەشی خۆیان پشکە تاوانی وێرانکردنی کوردستان‌و بە کۆمەڵکوشتنی خەڵکی کوردیان وەبەرکەوتووە!

پاشی ئاگربەست، دوای تێکشکاندنی بەشێکی گرنگ‌و کاریگەری ماشێنی جەنگی عێراق‌و لەبەر یەکترازانی شیرازەو زەبت‌و زاکۆنی لەشکرە دڕندەکەی، پاشی وێرانکردنی عێراق‌و سڕینەوەی هەر شێوەو ڕوخسارێکی شارستانییانە، باری گرانی‌و برسێتی‌و قات‌و قڕی هاتەسەر باری ڕووخاوی ستەم‌و تیرۆرو چەوساندنەوەی چەند ساڵەی بەعس‌و جامی فراوانی ڕک‌و بێزاری پەنگاوتەی جەماوەری تووڕەی سەرڕێژ کردو دەریای ڕاپەڕینی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە سەرتاسەری عێراق‌و کوردستاندا کەوتە شەپۆڵدان.

ڕاپەڕینەکانی کوردستان، سەرەتا لە شارۆچکەی (ڕانیە)و پاشان سلێمانی‌و دواتریش هەولێرو دهۆک‌و کەرکوک‌و زاخۆو شارو شارۆچکەکانی تریش دەستی پێکردو شاڵاوی گڕی شۆڕشی جەماوەر لە ڕۆژانی هەفتەی یەکەمی ئاگربەستیدا، تەخت‌و بەختی بە ئیسکرۆنراوی فاشستەکانی لە سەرتاسەری کوردستاندا کردە سوتماک‌و دەستی دەسەڵاتی لە خوێن هەڵژنراویانی لەبندا بڕی، ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، نموونەی ڕاپەڕینی بیگەردو خۆبەخۆیی جەماوەریی دوور لە هەر کۆمەک‌و پشتیوانی‌و لوتتێوەژەندنێکی حیزبە چەکدارەکانی ئەودیوی سنوور بوو، هەڵمەتی پڕ قوربانی جەماوەری ڕاپەڕیوی بێچەک (ئەو چەکانەی لە ڕۆژی یەکەمدا بەکار هێنراون زۆر سووک‌و سادە بوون‌و بە چەک‌و تەقەمەنی فاشستەکان بەراورد ناکرێن، لە ماوەی ڕۆژێکدا تەواوی بنکەکانی بەعسیەکانیان کۆنترۆڵ کردو گەلێ جەللادیان بە دۆزەخ شاد کرد. باڵای هەڵمەتی کۆمەڵانی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان لەبەژی زریانی بە هاژەی سلێمانی هەڵکشاوتر نەبوون نەوی‌تر نەبوون، هێندە هەیە ئەمان بە هاوکاری‌و کۆمەکی هێزە چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی‌و جاش‌و چەکدارەکانی سەربە ڕژێم تاجی سەرکەوتنیان لەسەرناوەو ئەمەش چ لە شکۆیی‌و سەروەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر ناڕەوشێنی‌و ڕاکێشانی هێزەوەلاکەوتوەکانیش بۆ نێو جەرگی خەباتی جەماوەری خۆی لەخۆیدا لوتکەیەکی بڵندی دیکەی شۆڕشی خەڵکە.

جەماوەر، پاش سەرکەوتن لە تەواوی شارەکاندا، بۆ ڕێگاگرتن لە سەپاندنی هەر جۆرە دەستەڵاتێکی بیروکراتییانەی حیزب، شورای شۆڕشگێڕانەی گەڕەک‌و شورای باڵای شاریان

دروست کردو جەماوەری راپەڕیوی چەکداری شارەکانیش بەلێشاو نەچوونە ژێر پەرچەمی لەمێژە نەویی حیزبەکانەوە!

ئێستاش وێرای هێرشی بەعسییانەی ڕژێم بۆ سەر شارەکانی کوردستان‌و شەهیدبوونی هەزاران کەس‌و هاژەولرفەی رووباری خوێن، وێرای بوردوومانی بێ‌وێنەی شارەکان‌و ئاوارەبوونی تەواوی دانیشتوانیان، خەڵکی کورد بەرەنگارییەکی جوامێرانە دەکات‌و لە ئاست وەرچەرخانێکی مێژوویی‌و چارەنووس‌سازدا رووبەڕووە.

ع شۆڕشێکی جەماوەری لە سەرەتای تەقینەوەیەوە سەرکەوتنی بۆ نەنووسراوە ئەو جەماوەرەی(پەلاماری ئاسمان) دەدات، مەرج‌نییە خۆی داگرێ، وەلێ تێکۆشانی بەکۆمەڵی بوێرانە، دوور لە هەر بەرژەوەندییەکی حیزبی‌و تاکە ڕێبەری، کارێکی پیرۆزو مەزنەو هەزاران سەر بۆ نووچدانیشی کڕنۆش دەبەن.

ئەم راپەڕینە بە هەر کۆژێیەک بگاتو لەهەر هەوارێ بارگە بخات، دوو ئەستێرەی گەش بە ئاسمانی رووخسارییەوە دەدرەوشێنێتەوە:

* لە هەلومەرجی رەخساوی شۆڕشدا، شەپۆلی توورەی جەماوەر، کێوی ستەم هەرچەند بە هێزیش بێت، رادەدات.

* دەیان‌ساڵە حیزبە نەزۆکەکانی کوردستان، گالیسکەی جەماوەر بەرەو کەندەڵان‌و هەڵدێر رادەکێشن، ئەمجارەیان ئەسپەشێی خەباتی جەماوەری گالیسکەی شەقوشڕی حیزبەکانی بۆ نێو بۆتەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی رەوا کێش‌کرد.

ئەپریلی 1991

هەواڵنامەی کتێب

# ماسی و مارمیلکە

کاوە قادر

دوا بە دوای هەرەسی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ئەیلوول، مەسەلەی دامەزراندنی پارتیک بۆ رەنجدەرانی کوردستان لەبەر رۆشنایی تیۆریی مارکسیزم لینینیزمدا لە ناو خوردە بۆرژوای کورددا برەوی پەیدا کرد، وا دیسان دوای ئەم شکستە سالی 1988یش هەمان بەزم بە شێوەیەکی دیکە سەری هەلداوەتەوە.

زۆربەی ئەوانەی ئەوسا بانگاشەیان بۆ ئەو ریکخستنە کریکارانەیە دەکرد، چونکە دەرچووی قوتابخانەکەی ستالین ــ ماو بوون کۆمەلێ جەللادی گچکەیان لێ رسکا، کێ دەتوانێ بە دلنیاییەوە بلێت ئەمانەی ئێستا لەوانەی ئەوسا چاکتر دەبن؟

ماوەیەکە هەندێ خوردە بۆرژوا لە قوتبی باکورەوە، لەو دیو سنوورەوە، دوور لە ئاگری سوورەوە، نەک بە بەدلە، بە پانتۆلو تەنوورەوە، شێلگیرانە لە هەولی ئەوەدان حیزبیک بۆ کریکارانی جامانەبەسەری کوردستان دابمەزرینن. ئەوانەی خەریکی ئەم بەزمەن نە رۆژێ لە رۆژان کریکارییان کردووە، نە کریکاریک لە کوردستان دەناسن، بەلام چونکە لەبەر بیکاریی توانیویانە لە پەیمانگای حیزبدا دووسێ نامیلکە بخوینن، پرکێشی ئەوە دەکەن بە راشکاوی بە ناوی کریکارانی کوردستانەوە قسە بکەن.

یەکێکیان لەم پەری دونیاوە دەلێ: کریکارانی کوردستان حیزبی سەربەخۆیان پێویستە. یەکێکی دیکە لەو پەری دونیاوە

دەڵێ:ئە بابە حیزبی چی؟ ئەدی هەرێمی کوردستانی حشع چییەتی؟

خوا بەو سەرەوە دەیزانێ تێیهەڵدەی هێندەی ئەوان لەسەر حیزب دەزانم، بەڵام لەبەر ئەوەی گاڵتەم بە کاڵفامییان دێ، ناچم قسەی مارکس‌و ئەنگلس‌و رۆزاو بیبڵ‌و تۆنی کلیف... بهێنمەوە، تەنیا هێندە بەو هاوڕێ هەست ناسکانە دەڵێم: ئەگەر کرێکارانی کارگەی جگەرەی سلێمانی‌و چیمەنتۆی بازیان‌و مافوری هەولێر..پێویستیان بە حیزب بێت ئەوا خۆیان دای دەمەزرێنن‌و بۆ ئامۆژگاری ئێوە تۆش دانەماون‌و داوای رێ نیشاندانیان لێ نەکردوون‌و نەیان کردوون بە دەمڕاست. جا کە ئێوە هێندە شارەزای واقیع‌و دووربین، لەم دوورەوە چارەسەری کێشەکانی کوردستان دەکەن، ئەدی کە لەوێ بوون بۆچی هیچتان پێ نەکرا؟ ئێوە نەبوون خوێنتان کردە دەماری بەعسەوە تا توندتر دەست لە بینی کرێکاران گیر بکات؟ ئەوە چ نهێنییەکی تێدایە کە ئێوە لە خودی کرێکارن هۆشیارترن بۆ بەرژەوەندی ئەوان؟ کەس دیویە مارمێلکە ماسی فێری مەلە بکات؟

بێگومانم لەوەی ئێوە خەڵکی کاڵفام‌و رۆمانیستان تێدایە، بەڵام ئەوەی دەتان جووڵێنێ گێل نییە، دەیەوێ ئەویش وەک هاوڕێ چاوچیسکۆ سواری سەری کرێکاران بێت‌و بیانکوژێ‌و بیانبڕێ‌و بیانتۆشێ‌و بیانکاتە کوتەک بۆ سەرکوتکردنی براکانیان.

بەڕاست ئێوە چ بە لگەیەکتان بە دەستەوەیە، بۆ ئەوەی کاتێ دەسەڵاتتان گرتە دەست «نای کە نایگرن» وەک چاوچیسکۆ ناکەن؟ کێ دەڵێ ئەویش بۆڕ نادەن!

من هەقی ساختچییەکانتانم نییە، چونکە ئەوان هەق دەسی خۆیان وەرگرتووەو گوێ لە کەس ناگرن بەڵام بە کاڵفامەکانتان دەڵێم:ئێوە لە خۆتو خۆڕایی خۆتان خەریکو ماندوو دەکەن.

بیرتان چووەوە هاوڕێ عەزیز محەمەد دەستی خستە دەستی جەللادەکەی جەمال حەیدەرییەوە؟ ساختەچییەکان بۆ ئێوەیش هەر هێندە بە وەفا دەبن.

دووبارەی دەکەمەوە: ئەگەر کرێکارانی کوردستان حیزب بە پێویست بزانن خۆیان لەوێ بۆ خۆیانی دادەمەزرێنن، ئەگەر خوردەبۆرژوای هەلاتووی کوردیش پێویستی بە حیزبە با خۆی بۆ خۆیی دروست بکات. باشە ئێوە بۆچی بیر لەوە ناکەنەوە، هێشتا بیستووتانە کۆمەڵێ

کرێکار حیزبێکیان بۆ خوردەبۆرژوا پێکەوە نابێ؟ بەڕاست ئێوەی خوردەبۆرژوای هەندران قایل دەبن کرێکارانی پیس‌و پۆخڵی کارگەی پاکژکردنەوەی تووتنی سلێمانی کە زۆربەیان سییەکانیان دارزاوە، حیزبێک بۆ ئێوەی قنج‌و قیت‌و سوورو سپی دابمەزرێنن؟ بەڕاست ئێوەی پێشکەوتوو بێزتان دێت لەگەڵ ئەو دواکەوتووانەدا لەیەک شانەدا کۆببنەوە؟ گومان دەکەم.

ئایا هەرگیز کۆمەڵی بانگوش‌و بۆیاخچی هەوڵی دامەزراندنی نەقابەی پزیشکانیان داوە؟ هەرگیز نووسەرێک ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی ژووری بازرگانی بووە؟

من وەک چۆن گومانم لەوە نییە کە سەرابای ئەم جیهانە لەگەڵ هەندێ جیاوازیشدا بۆ کرێکاران هەر دۆزەخە، لەوەیش دڵنیام کرێکاران‌و سەرابای چەوساوەکان ئەوانەی بەڕاستی بە گڕەی ئەو دۆزەخە هەڵدەقرچێن، دەزانن چۆن خۆیان لەو دۆزەخە قوتار دەکەن‌و جیاوازییەکان دەسڕنەوەو بەرابەری‌و یەکسانی دەهێننە کایەوە.

سەد درود لە گیانی نووسەری کرێکاران مەکسیم گۆرکی کە گوتوویەتی: خشۆک فێری فڕین نابێت. ئێوە لە باشترین بارو دۆخدا، گوتەکانی مارکس‌و لینین دووبارە دەکەنەوە، یان بۆچوونەکانی ئەوان شێدەکەنەوە، دەنا ساختەچییەکانتان مەبەستەکانی ئەوان تەواو دەشوێنن‌و بە بەراوەژوو کەڵکیان لێ وەردەگرن.

بەڕاست ئێوە هیچی نوێتان پێیە؟ حیزبی شۆڕش نیوە سەدە لەمەوبەر لە هەوڵی دامەزراندنی حیزبێکدا بوو بۆ کرێکارانی کوردستان، ئەو کاتە مامۆستاکانتان دژی ئەو هەوڵدانە وەستانەوە! بەڕاست ئەوە چۆن هەستتان نەکردووە ئەوی ئێوە ئێستا دەیڵێن جەمال نەبەز لە مێژە گوتوویەتی؟ وەک بە نووسینەکانتانا دەردەکەوێ، ئێوە ناسیۆنالیستن، نەک کۆمۆنیست، کەوایە چاکترنییە حیزبێکی ناسیۆنالیستی پێشکەوتنخواز دابمەزرێنن! وەک خۆمان کەممان هەبێ.